# مەلا مەعسومی هەورامی
# مەلا و زانا و وڵاتپەروەر


# مەلا مەعسومی هەورامی
# مەلا و زانا و وڵاتپەروەر

د. عوسمان دەشتی

٢٠١٥ ی زایینی ٢٠٧١٥ ی کوردی

– کتێبی: مەلا مەعسومی هەورامی، مەلا و زانا و وڵاتپەروەر.
– نووسینی: د. عوسمان دەشتی.
– سەرپەرشتیاری چاپ و هونەری: عوسمان پیرداود.
– نەخشەسازی: عیسام موحسین.
– پیتچنین: عەباس شەریف ئەحمەد.
– چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠١٥.
– چاپخانە: حاجی هاشم – هەولێر.
– تیراژ: (١٠٠٠) دانە.

– لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (      )
ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.



**خوالێخۆشبوو**

**مەلا مەعسومی هەورامی**

# دەستپێك

حاجی قادری نەمر (١٨١٧-١٨٩٧) چاكی فەرمووە كاتێك دەڵێت:

**كتێب و دەفتەر و تەئریخ و كاغەز**
**بەكوردی گەر بنووسرایە زوبـانی**
**مەلا و شێخ و میر و پادشـــامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانـی**

لە ڕابردوودا كورد نەیتوانیوە خـۆی بـۆ خـۆی بێـت، لـە سـۆنگەی هەلومەرجی مێژوویی دەرەتانی نەبووە، كە مێژووی ژیان و بەسـەرهاتی ڕۆڵەكانی لە دەفتەر و كاغەزدا تۆماربكات، تاوەكو حاجی گوتەنی هـەتا مەحشـەر نـاو و نیشـانیان بەزینـدوویی بمابایەتـەوە. ئەگـەر تاكوتـەرا شتێكیش لە دێر زەمانەوە لـەم بـوارەدا ئـەنجام درابێـت، ئـەوا چـەرخی زەمانە و ئەوەی بەسـەر كـوردی هێنـاوە پـاكی فەوتانـدووە و هـەمووی لەبەین بردووە. بۆیە ئەمڕۆ نووسـەر و توێـژەری كـورد دەست بـۆ هـەر بابـەتێكی مێـژوویی دەبـات لـەو سـەرەوە بەدەسـتی بـەتاڵ لێـی دەردەچـێت، نـە كتێـب و دەسـتخەت و دەسـتنووس، نەبەڵگەنامـە و دیكۆمێنـت، نـەدانراو و شـوێنەوارێكی زانـا و دانایـانی پێشـینەمان....، لەبەر دەستدانییە و نابیندرێت.!

دیـارە هەنـدێك لـە ڕۆژهـەڵاتناس و گەڕیـدەكان لـە سـەفەرنامە و یاداشت و بیرەوەرییەكانیاندا بـە فریـای چـمكێكی مێـژووی گـەلی كـورد كـەوتوون، بەتایبـەتی هـی سـەدەنوێیەكان و تۆماریـان كـردوون، لـەو لاشـەوە ئـەهلی زەوق و چەشـەی ئـەدەبی لـە مـەلا و خوێنـدەوار و

نووسەرەوەکان چەند لایەنێکیان لە شیعر و ئەدەبی کۆن و کلاسیکییان بۆ تۆمارکردوین و بەم کارەیان ئەم سامانە بەنرخەیان بۆ پاراستووین.

لێرەوە لەم مەڵبەندەی کوردستان و لەم شارە سەر بەرزەی (کۆیە) چەند خێزان و بنەماڵەیەکی ناودار هەبوون، بەدەر لە سیستەمی دەرەبەگی و ڕێورەسمی عەشیرەتی، گەلێ لە پیاوانی زانا و دانا و بلیمەت و ناوبەدەریان لێ هەڵکەوتوون، کەلەبوارە جۆراوجۆرەکانی زانست و مەعریفە و ئایینپەروەری، مێژوونووسی و گەنجینەی شیعرو ئەدەبی کوردی، هونەر و مۆسیقا و گۆرانی و زیندوو ڕاگرتنی کولتووری ڕەسەنی کوردەواری، لەمەیدانی خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی نیشتمانی و نەتەوەیی جێگەی شانازی لاپەڕەکانی مێژووی کورد و کوردستان بوون.

هەموو خوێندەوار و ڕووناکبیرێکی کورد پەی بە ڕۆڵ و پێگەی ئەم شارە پڕ لە شانازییەی کوردەواری و کوردایەتی دەبات لە مێژووی کۆن و نوێی ولاتەکەمان.

لەم ناوەدا (مەلا مەعسوم) لەم شار و خاك و ئاو و هەوایەدا وەدەرکەوتووە، وەکو کەسایەتییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتیی ولاتپەروەری کۆیە و هەموو کوردستان درەوشاوەتەوە و پێگەیشتووە. پیاوێکی بلیمەت و زانا و دانا بووە، سەنگین و بەزیپك و چاونەترس، خەمخۆری خەڵك و لە خۆبردوو، یەکەمین شاگردی مەلای گەورە و مایەی بیرو بەرهەمی قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی نەمر بووە.

ئەو سەردەمەی کە مەلامەعسوم تێیدا ژیاوە و پێگەیشتووە، ڕۆژگاری گۆڕانکارییە گەورەکان بوون لە جیهان و لەناوچەکەدا. ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی خانومانسوز، لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای پانوپۆڕی عوسمانی، دامەزران و پایەداربوونی چەندین قەوارە و دەوڵەتۆکەی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا،

لەبەرامبەردا بیٚ بەشکردنی کورد لە ماف و ئامانج و خواستە ڕەواکانی لەسەر دەستی دەوڵەتە زلهێز و ئیستعمارگەر و داگیرکارەکان، هەموو ئەمانە بوونەتە کوانوو و ماکی ڕاپەڕین و هۆشیار بوونەوەیەکی نەپساوە و بەردەوام، کە نزیکەی سەدەیەکی خایاندووە، گەلی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە شۆڕش و بزاوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دا بووە.

لەم بارودۆخە داگیرساوەدا بووە لە کوردستان، لەهەموو گۆشە و کەنارێکی نیشتیمان، لەناو شار و لادیٚ و کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواری، پیاوانی بلیمەت و ئازا و بەئەزمون پێگەیشتوون، هەلومەرجەکانی خەبات و خۆڕاگری میللەتانیان ناسیوە و تێیگەیشتوون، بۆیە هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلادا بوون لەسەر ڕێگای سەرفرازی خاك و میللەت لەبەرامبەر زوڵم و داگیرکاری وەستاونەتەوە.

لەو ناوەدا مەلا مەعسوم هەر بانگخواز و چاکە خوازێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو لە وێنەی ڕابەرێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لەناو خەڵك دەرکەوتووە، وەکو زانایەکی غیرەتمەند و ئازاد لە ڕووی ویست و خواستی نادروستی دەسەڵاتداران وەستاوەتەوە، خەمخۆری مەسەلەکانی میللەتەکەی بووە، ئەو بیروباوەڕەی مەلای گەورە دەریبڕیون چرای ڕۆشنکەرەوەی ڕێباز و ژیانی بووە کاتیٚ دەڵێت:

**هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم　　عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم**

بەداخ و حەسرەتێکی زۆرەوە تەمەن مەودای ئەم کەڵەپیاوەی نەداوە و نەخۆشی زوو بڕستی لێبڕیوە تا لەئاکامدا بەرەو دنیای نەمری بارگەوبنەی تێکناوە، بەڵام لە دوای خۆی بەرەیەکی پێگەیاندووە، کە بەڵێنیان بە خاك و بە نیشتماننداوە تاوەکو هەناسەیەکیان مابێت و خوێن لە مێشك و لە دەمارەکانیاندا بگەڕێت ڕێچکە و ڕێبازی ئەو پیاوە نەمرە ون نەکەن.

بەنزیك لە ساڵێك لەمەوبەر بوو لەمیانەی چەند دیدارێکی کەم و کورتخایەن، بە حوکمی ئەرك و کاری ڕۆژانەی زانکۆیی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر خدر مەعسومی سەرۆکی پێشووی زانکۆکەمان، گوێ بیستی چەند لایەنێکی ژیان و بەسەرهاتی مەلا خدری گەورە و مەلا مەعسومی هەورامی بووم، هەستمکرد، کە بەڕاستی شایەنی نووسینەوە و تۆمارکردنن، بۆیە هەر لەو کاتانەدا و لەمیانی ئەم باس و خواسانەدا ئەم نیازەم لەلا پێکهات کە بەیارمەتی و کۆمەکی بیرەوەری و ئەو زانیارییانەی کە لەلای بەڕێزیان لەو بارەوە دەستدەکەوێت، بە بەراورد و ڕانان لەگەڵ ئەو کتێب و سەرچاوانەی لەو بارەوە شتێکیان گوتووە، شتێك لەمەڕ ژیان و بەسەرهات و ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانە لەو ڕۆژگارانەدا تۆماربکەین و بیهێنینە بەرهەم.

لەگەڵ ئەوەی کەبەشی هەرە زۆری کتێبخانە و ئەرشیفی ئەو بنەماڵەیە لەوانەش ئەو کتێب و دەستخەت و نووسراوانەی کەتایبەت بە مەلا مەعسوم بوون لەگەڵ بەرداشی نەهامەتی و ڕووداوەکانی کوردستاندا لەبەین چوون و فەوتاون. هەر بۆیە هەوڵەکەی ئێمە ئەوەیە تا هیچ نەبێت ئەوەی دەشێ و دەکرێ جێبەجێ بکرێت، نەبادا ڕۆژگار درێژتر بکەوێت و ئەوەی هەشە و ماویشە لەبەین بچێت و پەردەی تاریکی و فەرامۆشی ئەوەندەشمان لەدەست دەربهێنێت.

بەم شێوەیە تواندرا، چەند گۆشەیەك لە مێژووی ژیانی ئەو بنەماڵەیە و کەسایەتی مەلا خدری هەورامی گەورە و مەلا مەعسومی (هەورامیزادە) بەدیکۆمێنت بکەین و بنووسینەوە تاوەکو لاپەڕەیەکی دیکە لە خەرمانی مێژوویی پڕ لە شکۆ و شانازی ناودارانی ئەم شارە زێڕینەی کوردستان (کۆیە)، بچێتە ناو کتێبخانەی کوردی و بگات بەدەستی خوێندەوارانی کورد.

بۆ بەندەش مایەی سەرفرازییە، کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی گیرسانەوەم لە زانکۆ سەنگین و درەوشاوەکەی کۆیە، وەکو ئەمەکناسی و وەفادارییەك بۆ شارەکە لە لایەك و وەکو ئەرکێکی زانکۆکەشمان دەرحەق بە خەڵك و بە ڕۆڵەکانی ئەم شارە قارەمانە، توانیومانە چەند لایەنێك لە ژیان و داهێنانی چەند ڕۆڵەیەکی بەهرەمەندی تۆماربکەین و بیگەیێنێنە دنیای کتێب و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وێنەی:

١- شنەی هەیبەسوڵتان (کۆ بەرهەمی شیعر و نووسینەکانی جەلال جۆبار)، کە بەیارمەتی خاتوو شاگوڵ قوباد سلێمانی نەوەی شاعیر لەساڵی ٢٠١٠ دا هاتۆتە بەرهەم.

٢- دیوانی ڕاجی، کە بەهاوکاری کاك ئیسماعیل ڕاجی کوڕی شاعیر لەساڵی ٢٠١١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٣- لەهەواری کانی کوردەوە، چەپکێك لە هۆنراوە میللییەکانی مەلا ڕەسووڵی کانی کوردەیی (دیاری)، کە لە ساڵی ٢٠١٤ و بەهاوکاری هەردوو نەوەی مەلا ڕەسوول (هیوا و بادینان) هاتۆتە بەرهەم.

٤- ئامادەکاری ناونیشان و نەخشە و پلانی بابەتێك، ئەنجا سەرپەرشتیاری نامە و تێزێکی دکتۆرا لە بەشی کوردی زانکۆکەمان بە ناونیشانی (بنیاتی هونەری و بیری ڕەخنەیی لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی خالد دلێردا).

٥- سەرپەرشتیار و ئامادەکاری بۆ پێشکەشکردنی نامەیەکی ماجستێر لە بەشی کوردی زانکۆی ڕاپەڕین لەژێر ناونیشانی (ئەزموونی ئەدەبیی عەبدولڕەزاق بیمار).

دیارە ئەم کارانە هەموو لەسەر ئەرك و خەرجی بەشی زانستی و دارایی زانکۆی کۆیە جێبەجێ کراون، لەپاڵ کۆمەڵێك پرۆژەی زانستی و کاری ئەکادیمی و مەیدانی بەرهەمدار کە ناکرێت لێرەدا هەموو وردەکارییەکانیان بهێنینەوە، بۆیە لێرەدا ناشێت ڕۆڵی زانکۆ و

سـەرۆكايەتییەكەی فـەرامۆش بكـەین، كـە هەمیشـە هانـدەر و یارمەتیدەرمان بـوون. لـە بەجێگەیانـدنی ئـەم ئەركەشـدا بـرای بـەڕێز و هاوپیشـەم مامۆسـتا محەمـەد بـابۆڵی بـە پـەرۆش و خەمخۆرییـەكی جوامێرانەوە لـە ئامـادەكردنی ئـەم بەرهەمـە هاوكـاری كـردووم، ئەگـەر هاندان و هاوكاری دڵسۆزانەی ئەو برا بەڕێزە نەبوایە ئـەم بەرهەمـە بـەم شێوەیە نەدەهاتەدی.

هەروەها ئەگەر هیمەت و بوێری بـرا و مامۆسـتامان پرۆفیسـۆر د. جـەواد فـەقێ عـەلی چـۆم حەیـدەری نەبوایـە، هـەرگیز زاتـی ئـەوەمان نەدەكرد خۆ لە قەرەی وەرگێڕان و بە كـوردی كردنـی ئیجـازە نامـەكان بدەین، ئەو جوامێرانـە هاتـە دەسـت و تـرس و سـامی بەسـتەڵەكی ئـەو زمان و داڕشتنە قورس و سـەختانەی ئیجـازە نامـەكانی بـۆ شـكاندین و ئێمەش لە شوێن پێی ئەودا كارەكانمان بۆ مەیسەر بوو. سوپاسـی بـراو هاوڕێیانمان سەباح ڕەنجدەری شاعیر و د. صەلاح حەوێز دەكەین، كەوا لە بژاركردنی هەڵەوپەڵەی ڕێنووسی كتێبەكەدا هاوكاریان كردین.

بەو هیوایەی توانیبێتمان بەم كارە خزمەتێكی بچووك و ناشایستە لـە بـواری ژیاندنـەوەی مێـژووی زانایـان و نـاودارانی كـورد پێشـكەش بەشارەكە حاجی قادری كۆیی و ڕووناكبیرانی گەلەكـەمان و كتێبخانـەی كوردی بكەین.

**عوسمان دەشتی**
٢٠١٤/١٠/١٠

# بەشی یەکەم

# مەلا خدری هەورامی (یەکەم)

## بەشی یەکەم

## مەلا خدری هەورامی (یەکەم)

### ١- لە مەلا خدری هەورامییەوە بۆ د. خدر/

مـەلا مەعسـومی هـەورامی لـە ڕۆژ - ژمێرەکەیـدا و لـە لاپـەڕەی تایبـەت بـە ڕۆژی دووشـەممە، ڕێکـەوتی ١٩٤٧/٣/٣دا نووسـیویەتی: "ئەمڕۆ وەقتی دوای فـەجر خـودای تەبارەکوتـەعالا کـوڕێکی پـێ عـەتا کردین و ناومان لێنا خدر".

خدر سێیەمین کوڕی مەلا مەعسومی هـەورامی و سـێیەمین کەسـە لەو بنەماڵەیە کە بەم ناوە ناوزەد کراوە[١].

### أـ زێد و ڕەچەڵەك و باب و باپیران:

مەلا مەعسومی هەورامی بـە ڕەچـەڵەك لـە بنەماڵەیـەکی مـەلازادە بـووە. ئـەم بنەماڵەیـە لـە بنەڕەتـدا لـە دێـی (خرپـانی) لـە ناوچـەی هەورامانی لهۆن پشتاوپشت لە دایکبوون و ژیاون[٢].

مەلا مەعسوم خۆی کوڕی مـەلا خـدری هـەورامی (دووەم)، کـوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا حوسێن کوڕی مەلا حامید کـوڕی مـەلا مسـتەفا کوڕی مەلا خدری هەورامی (یەکەم)ە.

مەلا خدری هەورامی (دووەم) باوکی مەلا مەعسوم بە ناوی باپیرە گەورەیەوە (مەلا خدری هەورامی یەکەم)وە ناونراوە، لە ساڵی (١٢٦٤ی کۆچی/ ١٨٤٨ی زایینی) لە گوندی (خرپانی) ناوچـەی هـەورامانی لهـۆن هاتووەتە دنیا[٣]. لە سەرەتادا لەسەر هەمان ڕێوڕەسمی باووباپیران، لە گونـدی خرپـانی و لـەلای بـاوکی دەچـێتە بـەر خوێنـدن. دوای ئـەوە ماوەیـەك دەچـێتە مەدرەسـەی (بیـارە)، ئـەنجا بـە گـوێرەی نـەریتی

خوێنـدن و فـەقێیاتی لـەو سـەردەمەدا چـەندین گونـد و مەدرەسـەی ناوچـەکە گـەڕاوە لـە وێنـەی گونـدی (نۆدشـە)، کـە لـەو ڕۆژگـارەدا مەدرەسەیەکی ناوداری تێدا هەبووە. لە دوای ئـەوەی دەگاتـە پلـەیێکی خوێندنی تایبەت لە مزگـەوت و مەدرەسـەکانی ناوچـەی هـەورامان، ڕوو دەکاتە شاری (سـنە)و لـە مەدرەسـەی مزگـەوتی (دارالاحسـان) جـێگیر دەبێت. (دارالاحسان) مزگەوت و مەدرەسەیەکی ئایینی نـاودار بـووە لـە هەموو کوردستان و لەڕووی عیلمی و زانسـتییەوە ناوبـانگێکی گـەورەی هەبووە، فەقێ و خوێندکارانی ئایینی لە هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتان ڕوویان تێکردووە لە وێنەی زانستگایەکی ئایینی و ئیسلامی بـەرز. مـەلا خدر لە دوای ئەوەی ماوەییێك لـەو مەدرەسـەیە دەمێنێتـەوە ئـەنجا بـە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن و تەحسیلات ڕوو دەکاتە شاری (کۆیە) و لەلای (مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە) دەگیرسێتەوە[٤].

لەو ماوەیە کە لەوێ دەخوێنێ پەیوەندی و دۆستایەتییەکی پتـەو لـە نێوانیانـدا دروسـت دەبێـت، جـەلیزادە نـەوەك بەچـاوی مامۆسـتا و خوێنـدکار، بـەڵکو بـەهۆی زیرەکـی و بلیمـەتی و خـوو و ڕەوشـتی بەرزییەوە وەکو دۆستێکی نزیکی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکـات و ڕێـزی لێـدەگرێت. ئەمـە لـەو سـتایش و وەسـف و پیاهەڵدانـەدا بـەدیار دەکـەوێت کـە لـە ئیجازەنامەکەیـدا بـۆی تۆمـار کـردووە، بـە زمـان و شـێوازێکی بـەرز و تۆکمـەو پتـەو ئامـاژە بـۆ توانـا و لێهـاتوویی و خـوو خەسڵەتە بەرزەکانی دەکا تا ئەوەی بە کوڕی دڵسۆز و بـەبرای وەفـادار ناوی دەبا ئەنجا لە کۆتاییدا دەڵێت: "و حقیق لأن یدخلـه أبنـاء الطلبـة فـی سلسـلة آبـاء التعلـیم ــ بەڕاسـتی شایسـتەی ئەوەیـە کـەوا ڕۆڵـە خوێندکارەکان لە ڕیزی باوکە مامۆستاکانی خۆیانی دابنێن.[٥]"

بەم جۆرە لە دوای تەواوکردنی هەموو پێداویستییەکانی خوێندنی مەلایـەتی لـە سـاڵی (١٣٠١ی کۆچـی / ١٨٨٣ی زایینـی) لەلایـەن

جـــەلیزادەی مامۆســـتایەوە بـــە شایســـتەییەوە ئیجـــازەی زانســـتی پێدەبەخشرێت.

مەلا خدر لەو ماوەیەدا، کە لە کۆیـە ماوەتـەوە دۆسـت و ئاشـنای زۆری پەیدا کردوون، وەکو چۆن باری ژیان و گوزەرانیشی لـە کۆیـە لـێ خۆش هاتووە بۆیە بڕیار دەدات هەر لەوێ بمێنێتەوە، ئەنجا هـەر لـەوێ و لـەو سـەردەمەدا مـاڵ و خێـزان پێکـدەهێنێت. (ڕەحیمـەخانی کچـی حـاجی فـەقێ مـەحمود)، کـە بازرگـانێکی دەوڵەمەنـدی خوانـاس و ئایینپەروەری ئەو سەردەمە بووە لە کۆیە دەخوازێت[٦].


**ب- مەلا خدر لە کەرکوک:**

مەلا خدر ماوەیەك بە مەلایەتی و پێشـنوێژ و مـودەڕیس لـە کۆیـە بەسەردەبات. لەو سەروبەندەدا پێشـبڕکێیەك لـە کـەرکوك دێتەپێشـەوە بـۆ دامەزرانـدنی پێشـنوێژ و وتـارخوێن و مـودەڕیس، ئـەو مەلایـەی لەتاقیکردنەوەکـە سـەرکەوتوو بـا، فـەرمانی سـوڵتانی عوسمـانی بـۆ دەردەچـوو تـا لـە مزگـەوت و مەدرەسـەکان دەسـت بـەکار بێـت. ئـەو ڕێوڕەسمـە بـۆ دامەزرانـدنی مـەلاکان لـە مزگـەوت و مەدرەسـەکان لەسەردەمی حوکمی پاشایەتیشدا لە عێراق هەرمابوو.

مەلا خدر بۆ ئەو پێشبڕکێ و تاقیکردنەوەیـە دەچـێتە پـێش و بـە پلەیەکی بەرز دەردەچێت، ئینجا بە فەرمانی سوڵتانی وەکو مامۆسـتا و مودەڕیس لە مەدرەسە و مزگەوتی (مەیدان) لە کەرکوك دادەمەزرێت.

لـە کتێبـی (مدینـە کرکـوك) دا هـاتووە کـەوا لەگـەڕەکی (قۆریـە) مزگەوتێك هەیە کە مێژووی دروستکردنەکەی بـۆ ١٢٠-١٣٠ سـاڵ لەمـەو پێش دەگەڕێتەوە بـەناوی (مزگـەوتی مـەلا خـدر) ناسـراوە کـە ئیمـام و خـەتیبی ئـەو مزگەوتـە بـووە، ڕەنگـە نـاوی ئـەو مزگەوتـە پەیوەنـدی بەبوونی مەلا خدر لە کەرکوکەوە هەبووبێت، بەتایبەت کاتێك دەزانـین، کە ئەم مێژووە لەگەڵ بوونی مەلا خدر لە کەرکوك یەك دەگرنەوە.

مەلا خدر پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ مەلا و زانا ناسراوەکانی ئـەو  شـارە پەیـدا دەکـات، لـە وێنـەی (مـەلا عـەلی حیکمـەت) و (مـەلا مەحموودی مەزناویێ)، کە هەردوو کەسایەتی و مەلا و زانای ناوداری ئەو شارەبوون لەو سـەردەمەداو مـەلا خـدریش دەبێـت بـە سـێیەمینیان(٧) . هەروەك لە نزیکیشەوە پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ هەریـەك لـە (سـەید ئەحمەدی خانەقا) و (شێخ عەلی تاڵەبانی)دا هەبووە. مەلا خدر سـاڵانێك لە کەرکوك دەمێنێتەوەو تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی شارەکە و دەوروبەری پەیدا دەکاو ناو و ناوبانگێکی باشیشی دەبێـت. هـەر لـەو شـارەدا سـێ کوڕ و دوو کچیان دێنە دنیاوە کە ئەوانیش (محەمـەد جـەمال، حەبیبـە، محەمەد جەمیل، مەهجەمین، محەمەد مەعسوم) دەبن.



**ج- گەڕانەوە بۆ کۆیە:**

مەلا خدر لە دوای ئەوەی ساڵانێك لە کەرکوك بەسەردەبات ئینجا لە ژێر فشاری (ڕەحیمە خان)ی خێزانی کە پێی خۆشبووە لە کەسوکارەکەی لە کۆیە نزیك بێتەوە، هەر لەو کاتەشدا جێگای مامۆستای مەدرەسە و مزگەوتی (ڕەشە) لە کۆیە چۆڵ دەبێت، بۆیە داوای گواستنەوە دەکات بۆ ئەم شوێنە و ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٦ دا ماڵەکەی دێنێتەوە کۆیە، ئەو شوێنەی کەوا هەواری خوێندەواری و ئیجازە وەرگرتن و مەڵبەندی مامۆستاکانی بووە لەگەڵ ئەوەشدا خزم و کەس و ئاشنای زۆری لێ هەبووە. لەو سەردەمە ئەو تاکە مامۆستا بووە کە فەرمانی سوڵتانی هەبووە، دیارە مووچە و بەراتیشی بە سەنگ و تەرازووی ئەو ڕۆژگارە کەم نەبووە، لە سۆنگەی ئەوەوە لە کۆیە ژیان و گوزەرانێکی خۆشی دەبێت(٨).

## ٢ـ مەلا خدرو ناوبانگی زانستی:

مەلا خدر ماوەیەك لە مزگەوتی (ڕەشە) دەستی كردووە بە وانە وتنەوە، بەینێكیش پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی (كۆنە جومعە) بووە[٩]، ناو و ناوبانگی بڵاوبۆتەوە، جگە لە وڵاتانی دەوروبەر لە وێنەی ئێران و توركیا، فەقێ و خوێندكارانی ئایینی لە خەڵكی بوخارا و سەمەرقەند و ئەفغانستان لە مەدرەسەكەی دەبینران[١٠]. دەستێكی باڵای لە زانیارییە عەقڵییەكاندا هەبووە، بەتایبەت لە زانستەكانی وەكو مەنتیق و فەلسەفە و عیلمی كەلام و ئوسوولدا. شەرح و پەراوێزی لەسەر كتێبە ئایینییەكان نووسیوە. لەو كتێبە دەستنووسانەدا كەوا لە (دار المخطوطات العراقیة)دا پارێزراون[١١]، یەكێكیان بە ناونیشانی (جمع الجوامع في اصول الفقه)یە، كە ئەمە یەكێك لە زانستەكان بووە بۆ ئەوەی فەقێ پێی ببێتە (موستەعید)، لەم دەستنووسەدا كەوا مێژووی (١٣٠٠ی كۆچی) لەسەر نووسراوە، كە بەرامبەر (١٨٨٢ی زایینیە). نازناوی مەلا خدر بە (مەخفی حەزین) هاتووە، هەرچەندە مەلا خدر نازناوی (مەخفی) بەكار هێناوە وەكو چۆن لە ئیجازە نامەكەیدا هاتووە[١٢]، بەڵام (حەزین) بۆ یەكەم جارە لەم دەستنووسەدا دەبینرێت، دوور نییە بەهۆی وەفاتی باوكییەوە بووبێت، كە لە هەمان كاتدا بووە. ئەگەر نا مەلا خدر تەنیا نازناوی (مەخفی) بەكارهێناوە، مەزەندەش بۆ ئەوە دەچێت، كەوا پەیوەندی بە مەسەلەی (تەخەلوس)ی شیعر و ئەدەبیاتیشەوە هەبووبێت[*].

ئینجا لە سەرچاوەكاندا باسی كۆمەڵێ كتێبی شەرعی و دەسخەت هاتوون كە نووسەرەكانیان لەو كاتەدا فەقێ بوون لە خزمەت مەلا خدری مامۆستایاندا نووسیویانەتەوە. هەندێ لەو كتێب و دەسخەتانە ئێستا لە (دار المخطوطات العراقیة)دا پارێزراون بەم ناونیشان و ژمارانەوە[١٣]:

أ) دەستنووسی (تەسریفی مـەلا عـەلی)، نووسـەرەكەی (عەبـدوڵڵا جلـەمۆردی)یـە، نووسـیویەتی و دەڵێـت: مامۆسـتاكەی مـەلا خـدر لـە هەولێرەوە هاتووە بەر لەوەی لە كەركوك نیشتەجێ بێت.

ب) دەستنووسی ژمارە (١٨٥٣٤ د. ع)، لە ساڵی ١٣٢٠ی كۆچی/ ١٩٠٢ی زایینـی لـە (خانـەقای شـێخ خـدر)، لەلایـەن هـەمان نووسـەری پێشوو نووسراوەتەوە.

ت) دەستنووسـی ژمـارە (١٦٧٩٢ د. ع)، بریتییـە لـە كتێبـی (العقد الجوهري) مەولانا خالیـد، تێیـدا هـاتووە: لـە شـاری كـەركوك لـە مەزگەوتی (مەیدان) لە خزمەتی زانای موحەقیق مـەلا خـدری هـەورامی، لە ساڵی ١٣٢٧ی كۆچی / ١٩٠٩ی زایینی نووسراوەتەوە.

ج) دەستنووسی ژمارە (١٦٨٤٧ د.ع)، تێیـدا هـاتووە: لـە سـاڵی ١٣٢٢ی كۆچی/ ١٩٠٤ی زایینی لەلایەن عەلی كوڕی حەسەن لە خزمـەتی مەلا خدری هەورامیدا نووسراوەتەوە.

مەلا خـدر لـە تەمـەنی (٦٣) سـاڵیدا لـە سـاڵی (١٣٢٧ی كۆچـی / ١٩١٢ی زایینی) كۆچـی دوایـی كـردووە و لـە گۆڕسـتانی كۆیـە بـە خـاك سپێردراوە.

بەر لەوەی ئەم بەشە بەجێ بهێڵین و بپەرژێینـە سـەر سـەربردە و ژیان و پێگەیشتنی مەلا مەعسومی هەورامی و براكانی، ئاوڕێك بـۆ سـەر ژیــانی خێزانــداری هــەر دوو كچــەكەی مــەلا خــدر دەدەینــەوە كــە بەمجۆرەیە:

حەبیبە: لە كەركوك شووی بە قازی شـاكر ئەفەنـدی كـردووە كـە قازی بووە لە كەركوك و لە دوای چەند ساڵێك وەفات دەكـات و كچـێكی بووە بە ناوی ڕازیە.

مەهجـەمین(*): شـووی بـە فـەقێ ڕەسـووڵی كـوڕی حـاجی حەمـە زێزێ كردووە كە لە بنەماڵەیـەكی بازرگـانی ناسـراوی كۆیـە بـوون، ئـەم خێزانە سێ كوڕ و دوو كچیان دەبێت(١٤).

# بەشی دووەم
# مەلا مەعسومی هەورامی
**( هەورامیزادە )**

## بەشی دووەم

## مەلا مەعسومی هەورامی ( هەورامیزادە )

### ١ـ سەرەتاکانی خوێندن و پێگەیشتن/

مەعسوم لە شاری کەرکوک لە ساڵی ١٩٠٠ی زاینیدا هاتۆتە دنیاوە، ساڵانی سەرەتای تەمەنی و منداڵێتی لە کەرکوک بەڕێکردووە. لە ساڵی ١٩٠٦دا کاتێك ماڵیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە ئەو لە تەمەنی شەش ساڵاندا دەبێت کە تەمەنی گونجاوی سەرەتای خوێندن و قوتابخانەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ هەر لەو ساڵەدا لە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە دەچێتە بەر خوێندن[١٥].

خوێندنی ئەوکاتە لە قوتابخانەکاندا بە زمانی تورکی بووە، ئەویش تاوەکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە کۆیە لەسەر خوێندن بەردەوام دەبێت. وەکو لە (مێژووی کۆیە)ی تاهیر حەوێزیدا هاتووە، ئەو قوتابییانەی کە هاوپۆلی مەعسوم بوون لەو سەردەمەدا بریتیبوون لە: عەبدولواحیدی حاجی مستەفا ئاغا، سابیر حاجی عەبدوڵڵا، عەزیز ئاغای عەبدوڵڵا ئاغا، سەید حەسەن و سەید حوسێن، حوسێن عەبدوڵلا ساڵح، سمایل ئاغای سەلیم ئاغا، مەلا مەعسوم ئەفەندی، مەلا جەمیل ئەفەندی برای مەلا مەعسوم، عەبدولقادر ئەفەندی مەلا نەشئەت[١٦].

لەسەرەتادا و لەساڵی ١٩٠٠ کاتێك دووبارە قوتابخانە لە کۆیەدا کراوەتەوە قوتابیان تەنیا سێ ساڵی بەراییان لەوێ دەخوێند، بۆ سێ ساڵەکەی تر دەبوایە ڕوویکەنە شارە گەورەکانی وەکو کەرکوک و مووسڵ. بەڵام ئەمانەی کەناویان برا یەکەم دەستەی قوتابییانی کۆیە بوون کە قۆناغی سەرەتاییان بەسەریەکەوە لە کۆیە تەواو کردووە.

زۆر لەو قوتابیانـەی هـاوپۆلی مـەلا مەعسـوم بـوون تەمـەنیان لـەو گەورەتر بووە، هی وایان تێدا بـووە خـاوەنی ژن و منـداڵیش بـووە. بـۆ نموونە هەریەك لە عەبدولواحیدی حاجی مستەفا ئاغـا و سـەید حەسـەن بە (١٠) ساڵ لەو گەورەتر بوون. بۆیـە مەعسـوم بـە تەمـەن بچووکترین کەس بووە لە ناویاندا و هەر بـە تـەنها ئـەویش بـووە، کـە لـە تەمـەنی ئاسایی (٦) ساڵیدا چووبێتە قوتابخانە و دەستی بـە خوێنـدن کردبێـت. لەو بارەوە تاهیر ئەحمەد حـەوێزی دەڵێـت: "مـەلا مەعسـوم ئەفەنـدی، پـۆلی شەشـەم بـووە زۆر زیـرەك بـووە، کورتیلـە دەبـێ و دەسـتی نەگەیشتۆتە تەختە ڕەشەکە، کورسـیان لـە بـن پێـی دانـاوە، هـەر دوو کوڕەکـەی ئـەمین حـاجی، تـەها و سـاڵح بڵنـدیان کـردووە و لەسـەر کورسییەکەیان داناوە"[١٧]. ساڵانە لە پای زیرەکییەوە لە پۆلەکەیدا بـە یەکەم دەردەچوو.

هێنـدەی پێناچـێت جـەنگی جیهـانی یەکـەم بـەرپا دەبێـت (١٩١٤/٧/٢٨) تـا (١٩١٨/١١/١١)، سـەفەر بـەرلك دێتـە پێشـەوە و ڕەشبگیر دەسپێدەکات،[*] ئەوەی توانای هەبێت بۆ سەربازی دەگیرێت و حەواڵەی بەرەکانی جەنگ دەکرێت. لەو کاتەی سـوپای عوسمـانی لـە بەرەکانی شەڕدا لە ناوچـەی (قـەوقاز) دژ بـە ڕووسـیای تـزاری شکسـت دەهێنێـت، بەتایبـەتی لـە شـەڕی (سـەری قـامیش) کاتێـك (١٠٠) هـەزار سەربازی سوپای عوسمانی لە ژیر فەرماندەیی هێزی عوسمانییەکان بـە سەرپەرشتی (ئەنوەر پاشا)، گـورزێکی کوشـندەیان بەردەکـەوێت و لـە ئاکامدا سوپای عوسمـانی هـەرەس دەهێنێـت و ٨٦٪ی سـەربازەکانیان لەناو دەچن.[١٨]

لەو سەروبەندەدا (جەمال)ی کوڕی گەورەی مەلا خدر بەر هەڵمەت و شاڵاوی سەفەربەرلك دەکەوێ و بـە زۆری بـۆ سـەربازی دەنێردرێـت و ڕاستەوخۆش ڕاپێچی بەرەکانی شەڕ دەکرێت. وەکو لە مێـژووی کۆیـەدا

هاتووه لـەو ڕۆژگـارەدا لـە كۆیـە پیـاو كـەم مـابوون، شـێخ نـوورەدینی جەلیزادە بۆ نوێژی جومعە یەك یەك ئامـادەبووانی دەژمـاردن تـا بزانـێ بوون بە (٤٠) كەس یاخود نا.(١٩)

لەو حاڵەتەدا جـەمال و ژمارەیـەك لـە سـەربازە كوردەكـان پلانـی ڕاكـردن لـە بـەرەكانی جـەنگ دادەنـێن و سـەركەوتووانەش جێبـەجێی دەكەن. ئەو وەختە سزای خۆدزینەوە و ڕاكردن لە بەرەكانی جـەنگ لـە سـێدارەدان بـووە. بـەو هۆیـەوە فـەرمانی دەسـگیركردن بـۆ جـەمال و هاوڕێكانی دەردەچێت. لـەو ڕۆژگـارەدا كۆیـە شـارێكی گـەورە نـەبووە، جـەمالیش هەسـتدەكات كـە نـاتوانێ تێیـدا بحاوێتـەوە، ناچـار خـۆی و دایكی و براكانی خۆ دەگەیێننە كەركوك. كەركوك شارێكی گەورە بووە، كـە بـە ئاسـانی دەیتـوانی خـۆی تێـدا بشـارێتەوە، سـەرباری ئـەوەش دۆستەكانی مەلا خدری بـاوكی لـەوێ بـە دەسـەڵات بـوون و دەیـانتوانی كۆمەك و یارمەتی پێبكەن.

لە كەركوك (جەمیل)ی كوڕی دووەمی مەلا خدر وەكو پێشنوێژ لە مزگەوتێك دادەمەزرێ، مەعسومی برا بچوكیش بە مەبەستی تەواوكردنی خوێندنی قۆناغی پاش سـەرەتایی دەچـێتە قوتابخانـەی (دار الخلافـة). ئەو كات لە دەوڵەتی عوسمانیدا دوو شێوە قوتابخانەی پاش سەرەتایی هەبوون، یەكیان (مەدرەسەی ڕوشدیەی عەسكەری) كە قوتابیان تیایـدا بەرەو ڕێڕەوی ئەفسەری و سەربازی دەڕۆیشتن، دووەمیان (مەدرەسەی ڕوشدیەی مولكی)، كە قوتابیـان بـەرەو ڕێچـكەی تـەكنۆكرات دەبـران و دەبوون بەفەرمانبەری دام و دەزگاكانی دەوڵەت. لە موسڵ مەدرەسـەی روشدیەی عەسكەری هەبوو، لە كەركوكیش روشدیەی مولكی كە بەناوی مەدرەسەی دار الخلافەوە بوو.

لـە بـارەی نەهامەتییـەكانی ئـەو ڕۆژگارانـەی جـەنگی جیهـانی و بڵاوبوونـەوەی گرانـی و قـاتوقڕی، د. خـدر لـە زمـانی مـەلا مەعسـومی

باوکییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە ڕێگای قوتابخانە و لە نزیك (پردی خاسە) خەڵکم دەدیت لەبەر برسییەتی وشك هەڵاتبوون و بە عاستەم نووزەیەکیان لەبەردا مابوو، لە گەڕانەوەمدا دیار بوو نەمابوون و مردبوون هێشتاش تەرمەکانیان نەگوازرابوونەوە بۆ گۆڕستان. کارمەندانی شارەوانی و خێرخوازان بەسەر ئەو خەڵکانەدا دەگەڕان، ئەوانەی کەوا گیانیان دەسپاردو تەواو دەبوون بۆ گۆڕستانەکانیان دەبردن. [٢٠]"

ئەنجا هەر لەو بارەیەوە گێڕاویەتەوە کەوا: "ڕۆژێکیان لە ڕێگای گەڕانەوە لە قوتابخانەوە بۆ ماڵ لەگەڵ (عەبدوڵڵای کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقا)ی هاوڕێی لا دەدەنە خانەقا، کاتێك سەید ئەحمەد چاوی پێدەکەوێت بانگی دەکاتە لای خۆی لە بارەی وەزع و بار و گوزەرانی ماڵەوەیان پرسیاری لێدەکات، ئەویش ڕێکوڕاست وەڵامی دەداتەوە و بۆی باس دەکات. سەید ئەحمەد دەستبەجێ دووباری هێستر ئازووقە و پێداویستی هەمە چەشنە بۆ ماڵ و منداڵی مەلا خدری خوالێخۆشبووی دۆستی دێرینی دەنێرێت، ئەویش بە پاسەوانی و نیگابانی پێنج چەکداری تفەنگچی! چونکێ لەو ڕۆژگارەدا باری هێستر لە ئازووقە و کەلوپەل هی ئەوە بووە، کە خەڵك لە ڕێگادا پەلاماری بدات، تەنانەت شەڕەتفەنگیشی لەسەر بکات بۆ ئەوەی بە تاڵانی ببەن. ئەنجا ڕوودەکاتە مەعسوم و پێی دەڵێت: "لەگەڵ ئەم پیاوانە بڕۆو ئەمانە بۆ ماڵی خۆتان بەرن. ئەنجا دەڵێت: کاتێ گەیشتینە ماڵەوە یەکسەر دەرگاکەم بۆ کردنەوە، پیاوەکان لە حەوشەکەدا بارەکانیان خست و گەڕانەوە، دایکم سەری سووڕما و پرسیاری کرد ئەوە چییە؟ منیش حیکایەتەکەم سەرلەبەر بۆ گێڕایەوە. زۆری سەرزەنشت کردم لە پای ئەوەی کە وەزعی ماڵەوە و بار و گوزەرانی خۆمانم بۆ سەید ئەحمەد باس کردووە. ئەنجا هۆشداریدا پێم، کە ئێمە وەزعمان باشە و

ناشێت چۆنییەتی گوزەران و ماڵ بۆ کەسێکی دیکە بگێڕێتەوە. مەلا مەعسوم دەڵێت: ئەو کات منیش زۆر بەسەر خۆمدا شکامەوە و پەشیمانیش بوومەوە لەوەی کەوا ڕێکوڕاست وەڵامی پرسیارەکانی سەید ئەحمەدم داوەتەوە. دەبوو بمگوتبا نازانم. دوایە هەستم ڕاگرت بیستم کەوا دایکم لەبەرخۆیەوە دەڵێت: خودا بەندەی خۆی قەت لەبیر ناکات، ئەوسا تێگەیشتم، کە ئێمە چەند پێویست بووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایکم نەیدەویست موحتاجی ماڵەوە نیشان بدات و بچێتە ژێر باری چاکە و پیاوەتی هیچ کەس، ئافرەتێکی چاوتێر بوو، هەرگیز سکاڵای لە چنگ بارودۆخ نەدەکرد ئەگەر هەبووبا یاخود نا".[٢١]

لەبەرەکانی جەنگدا تا دەهات بارودۆخی شەڕ بە زەرەری سوپای دەوڵەتی عوسمانی تەواو دەبوو، دام و دەزگای ئیدارەکەشی لە شار و باژێر و ناوچەکان تا دەهات ئەڵقەی فشار و زوڵم و زۆریان لە ئەستۆی خەڵك توندتر دەکرد. لە کەرکوکیش هەڵمەتی دەسگیرکردنەوەی سەربازە ڕاکردووەکان و تالان و بڕۆی خەڵك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبوو، ناچار هەرسێ برا (جەمال و جەمیل و مەعسوم) لەگەڵ دایکیان و حەبیبەی خۆشکی گەورە و کچەکەیدا (ڕازیە)[٢٢]، کەرکوك جێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە ناوچەی هەورامان زێدی باپیرانیان بەو هیوایەی لەوێ ئۆقرە بگرن، بەڵام لە هەورامانیش دڵنیایی و سەلامەتی لە سەر ژیان و چارەنووسی جەمالی برایان دەسگیر نابێت، ناچار ئەوێش بەجێ دەهێڵن و ڕوودەکەنە (خانەقین).

**أ- گیرسانەوە لە خانەقین:**

لەو ڕۆژانەدا خانەقین لە ژێر حوکم و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا نەمابوو کەوتبووە ژێر حوکمڕانییەتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکان، بۆیە هیچ جۆرە مەترسییەك لەسەر گرتن و ڕاپێچکردنی جەمالی برا گەورە لە ئارادا نەبووە، بەڵکو بواری کەسابەت و

کاروباریشیان بۆ دەرەخسێت. جەمیل بڕوانامەی شەشی سەرەتایی دەبێت کە بۆ ئەو ڕۆژە بڕوانامەیەکی گرینك بووە. بۆیە هەر زوو کارێك دەدۆزێتەوە و مل دەنێتە بەر کار و کەسابەت. لە دوای ماوەیێك ڕۆژێکیان لە دوای دەستهەڵگرتنی لە کار و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە تووشی لەرز و تاو ئارەقکردن دەبێت، دیارە چارەسەری پزیشکیش لەو ڕۆژگارە و لەو هەلومەرجەدا شتێکی ئەوتۆ نەبووە. جەمیل لە ئەنجامی ئەو نەخۆشییە و لە دوای ماوەیێك لەناو جێگادا کەوتن و لە تەمەنی لاویدا کۆچی دوایی دەکات.

مەعسومی برا بچووك کەوا بڕوانامەی قوتابخانەی ناوەندی (دار الخلافة)ی لە کەرکوك بەدەستهێنابوو، بێجگە لە کوردی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و فرەنسیشی زانیوە، بە ئاسانی کارێك پەیدا دەکا و دادەمەزرێ. لەو ڕۆژەدا ئیدارەی نوێی ئینگلیز لە خانەقین پێویستیان بە خەڵکی خوێندەوار هەبووە، لە کاتێکدا هێشتا حکومەت و دەوڵەتی تازەی عێراق دروست نەبوو بوو. مەعسوم بە پلەی جێگری بەڕێوەبەری شارەوانی دادەمەزرێ، جەمالیش لە خانەقین ژن دەخوازێت و ماڵ پێکەوە دەنێ و لێیان جیا دەبێتەوە. (حەبیبە خانی) خوشکی گەورە، کە وەکو گوترا لە کەرکوك بێوەژن کەوتبوو و لەگەڵ کچەکەی (ڕازیە) ڕەگەڵ ماڵە دایکی و براکانی کەوتبوو، مێرد بە پیاوێکی خانەقینی دەکات بە ناوی (خوسرەو قەساب). ئاکام مەعسوم تەنیا خۆی و دایکی بەیەکەوە دەمێننەوە.

حەبیبەخان ڕازیەی کچی کە لە مێردی یەکەمی بوو لە خانەقین دەدات بەشوو بە پیاوێکی کوردی دیاربەکری بە ناوی (محەمەد فنجانچی ئۆغلو)، خۆیشی دووبارە بێوەژن کەوتبوو چونکێ (خوسرەو قەساب)ی مێردی دووەمیشی کۆچی دوایی کردبوو و دوو کچی منداڵیشی لێی هەبوو بە ناوەکانی (کەریمە و سەبریە).

لەو سەردەمەدا و لە دواى بڕانەوەى جەنگ دەسەڵاتى عوسمانى بەيەكجارى لە عێراق كۆتايى دێت و دەوڵەت و حكومەتى تازە لە عێراق دادەمەزرێ. محەمەد فنجانچى ئۆغلو بڕيار دەدات بگەڕێتەوە بۆ توركيا. حەبيبە خان زۆر دڵى بە (ڕازيە)ى كچى يەكەميەوە دەبێت و زۆريشى لێ بەزەحمەت دێت كەوا لێى دوور دەكەوێتەوە. محەمەد ئۆغلوى زاواى پێشنيارى بۆ دەكات كەوا لەگەڵياندا بڕوات بۆ توركيا و بەڵێنيش دەدات كە هەر دوو كچە بچووكەكەى وەكو منداڵى خۆى سەير بكات. ئەم خێزانە بەرەو توركيا كۆچ دەكەن و لە ئەنجامدا لە (ئەنقەرە) لە ناوچەى (چانكايا) جێگير دەبن(٢٣).

**ب- گەڕانەوە بۆ كۆيە:**

ڕەحيمەخان لەو وەزعەدا لە خانەقين چيتر ئۆقرە ناگرێت. جەميل وەفاتى كردووە، جەمال ماڵ و حاڵى خۆى هەيە و لێيان جيابۆتەوە، حەبيبە خۆى و منداڵەكانى بەرەو توركيا ڕۆيشتوون. خۆى و مەعسوم بە تەنيا ماونەتەوە، بەو هۆيەشەوە كەوا مەهجەمينى كچى دووەمى لە كۆيەيە بۆيە بڕيار دەدات ئەوانيش بەرەو شارەكەى كۆ، بۆ ناو خزم و ناسياوو كەسوكاريان كێل ببنەوە.

مەعسوم لە وەزيفە و كار و فەرمانى لە خانەقين پارە و پوولێكى باشى پاشەكەوت كردبوو، كاتێ دەگەڕێتەوە كۆيە لە بيرى ئەوەدا دەبێت مامەلە و كاسبييەك بەو پارەيەوە بكات، بەهۆى ناسياوى و دۆستايەتى لەگەڵ (حاجى تاهيرى باوكى محەمەدى حاجى تاهير، ئەندامى سەركردايەتى و كادیرى ناسراوى پارتى لە شەستەكان) و (حاجى ميرزا عەبدوڵلا ـ خاديم)ى شاعير، پرس و ڕايان پێدەكات، ئەوانيش ڕێنوێنى دەكەن كە ڕوو بكاتە بازرگانى، چاكترين بازرگانيش لەو ڕۆژگارەدا مامەڵەى تووتن بووە. ئەنجا پياوێكى قەلادزەيى بۆ دەدۆزنەوە تاكو لە بازرگانى تووتندا ببێت بە شەريكى. لە ئاكامدا

بازرگانییەکـەیان شکسـت دەهێنێـت و مەعسـوم زەرەرێکـی زۆریـش دەکات، نەوەك هیچ پارە و پـوولێکی بەدەسـتەوە نامێنێـت بـەڵکو لـەو سەرەوە قەرزداریش دەردەچێت.

## ٢ـ تێهەڵچوونەوە لە خوێندن/

مەعسـوم ئەفەنـدی لـە پێنـاوی دابینکردنـی بـژێوی بـیر لـەوە دەکاتەوە کە لە وەزیفەیەکی میری دابمەزرێت لە کاتێکدا ئـەو خـاوەنی بڕوانامەی (دار الخلافه)یە کە لەو ڕۆژانەدا شـتێکی کـەم نـەبوو. بـۆ ئـەو مەبەسـتە دەچـێتە لای شـێخ مـارف لـە گونـدی (هەڵەجـە)، کـە لەگـەڵ ڕەحیمەخانی دایکی هەم خزمایەتییان هەبووە و هەمیش خۆشك و برای شیری بوون. جگە لەوەش شێخ مارف دۆستی دێرینی مەلا خدری باوکی بووە. داوا لە شـێخ مـارف دەکـات کـە لـە لای (ئەحمـەد عوسمـان) کـە موتەسسەریفی هـەولێر و زاوای شـێخیش بـووە، هـەولێکی بـۆ بـدات بـۆ ئەوەی دابمەزرێت[٢٤].

شێخ لە وەڵامدا دەڵێت: زۆر چاکە هەر ئەمشـەو ئەحمـە ئەفەنـدی بە سەردان دێتە ئێرە، قسەی لەگەڵ دەکەم و بـۆ بـەیانیش هـەر لەگـەڵ خۆی بچۆ بۆ هەولێر.

د. خدر لە یاداشتەکانیدا وەرگەڕانی مەسەلەکە بە دیوێکی دیکەدا لـە زمـانی خـودی مـەلا مەعسـوم بـەم جـۆرە بـاس دەکـات؛ بـاوکم دەیگێڕایەوە؛ شەوەکەی زۆر بیرم کردەوە، ئایا بڕۆم دابمەزرێم و ژیان و داهـاتووم وەکـو کارمەنـدێکی حکومـەت ببەمەسـەر، یانـەکو ڕوو بکەمـە خوێندن و ڕێچکەی باب و باپیرانم بگرمەبەر، لـە کاتێکدا لـە هـەموولاوە هانیـان دەدام بـۆ ئـەم ڕێگایـە. بـۆ بەیانییەکـەی چـوومەوە لای شـێخ، یەکسـەر پێـی گـوتم "قسـەم لەگـەڵ ئەحمـەد ئەفەنـدی کـردووە ئـەمڕۆ لەگەڵ خۆیدا بڕۆ بۆ هەولێر، تـا لەسـەر کـار و فرمانێکدا داتـبنێ، کـەوا شایسـتەی خـۆت بێـت. لـە وەڵامـدا گـوتم: قوربـان ئەمشـەو بـیرم

لێکردۆتـەوەو گەیشـتوومەتە بڕیـارێکی تـازە، کـە بچـم دەسـتبکەم بـە خوێنـدن بـۆ مەلایـەتی. شـێخ بـە قسـەکەم گەشـایەوە و گـوتی: ڕۆڵـە بەڕاستی ئەوە باشترین بڕیارە، ئەمن دڵم نەهات پێت بڵێم، کە حەیفە شوێنی باوك و باپیرانت بە چۆڵی بمێنێتـەوە. دەسـتبەجێ بـڕۆ بـۆ لای (مەلا محەمەد نوور) کە پوورزای خۆشتە و منـیش هـەموو هاوکارییـەکت دەکەم، لە خەمی دایکیشتدا مەبە لە کۆیە ناهێڵم موحتاجی هـیچ شـتێك بێت"[٢٥].

مـەلا محەمـەد نـوور کـوڕی مـەلا ئەحمـەدی ئۆمەرگومبـەتی، لـە گونـدی (دووگرتکـان) لـە دەشـتی هـەولێر مـەلا بـووە، مەدرەسـەیەکی گەورە و ئاپۆڕەی هەبووە، بەهۆی ناوبـانگی مـەلا چـاکییەوە فـەقێ لـە هەموو لایێکەوە دەچوونە لای، ئاغاکانی گوندیش (بنەماڵەی ئەحمـەدی حەمەدەمین ئاغای دزەیی)، لەو ڕێگایەدا و لە خزمەتی مەلا و مزگەوت و مەدرەسەی دێیەکەیان دریغییان نەدەکرد. مـەلا مەعسـوم، کـە بنـەمای خوێندەوارییەکەی هی قوتابخانە بووە و شارەزایی تەواوی لـە کۆمـەڵێك زمانـدا هـەبووە، ئـەوجار لـە خوێنـدنی ئـایینی تێهەڵدەچـێ و مـاوەی ساڵەوەختێك لەلای مەلا محەمەد نوور دەمێنێتەوە، ئـەنجا دەگەڕێتـەوە لای دایکی لە کۆیە و لە لای (مەلا سادقی دایـە خـەجێ) لـە مەدرەسـەی (مەلاجامی) دەست بە خوێندن دەکاتـەوە. سـاڵێکیش لـەو مەدرەسـەیە دەخوێنێ، ئەنجا دەگوازێتەوە لای (مەلا بەهائەدەین) لە مزگەوتی (بایز ئاغا) و بۆ مـاوەی شـەش مـانگ لـەوێ بـەردەوام دەبـێ، تـا ئـەوەی لـە ماوەی ئەم دوو ساڵ و نیوەدا دەچێتە ڕیزی ئەو فەقێیانەی دەبوون بـە (موستەعید)، کە بە گوێرەی ڕێـوڕەسمی خوێنـدنی ئـەمڕۆیی لـە ئاسـت خوێندنی زانکۆیی دایە.

مـەلا مەعسـوم کـە دەبێـت بـە موسـتەعید دەچـێتە لای (مـەلا محەمەدی جـەلیزادە ـ مـەلای گـەورە)، مـاوەی چـوار سـاڵ لـە لای ئـەو

دەمێنێتــەوە تــاکو خوێندنەکــەی بــە یــەکجاری کۆتــایی پێــدێت و ئیجازەنامەی مەلایەتی لەسەر دەستی مەلای گەورە وەردەگرێت. وەکو لە ئیجازە نامەکەشدا بەدیار دەکەوێت جەلیزادە ستایشـێکی زۆری مـەلا مەعسومی کردووە و لە شوێنێکدا دەڵێ: "فانه بلغ مبلغ العلماء الاعلام، واستحق أن يدخل في جملة كبار المدرسين العظام.... تا ئەوەی دەڵێت: حقيق بان يجيز الطلبة فضلاً عن أن يجاز - هی ئەوەیە ئیجازە بدات نەوەك ئیجازە وەربگرێت". (٢٦) وەکو دیارە برینی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی لە (فەقێ) یاتییەوە بیگرە تـاوەکو خوێنـدکار دەبێتـە (سوختە) و لـە پاشـان بـە (موستەعید) و ئـەنجا ئیجازە وەردەگرێت، بەلانی کەمەوە پێویستی بە (١٥) ساڵێك هـەبووە، بـەڵام مـەلا مەعسوم سـەبارەت بـەو پاشـخانە خوێنـدەواری و ڕۆشـنبیرییەی لـە خوێنـدنگا ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا هەیبووە و لەلایەکی دیکەش بـەهۆی زیرەکـی و لێهاتوویی خۆیەوە لەو بـوارەدا توانیویـەتی بـەنیوەی ئـەو کاتـە هـەموو قۆناغەکان ببڕێت و ئیجازە وەربگرێت.

هەریـەك لـە (خوالێخۆشـبوو موحسـینی عـەزیز ئاغـا) و (جـەلال جۆبار)ی شاعیر دەگێڕنەوە، کە ڕۆژی ئیجازە پێدانی مەلا مەعسوم، (لە ڕێکـەوتی ١٩٣٦/٤/٦ دابـووە)، بەشـێکی زۆر لـە خـەڵکی کۆیـە ئامـادە بـوون، لـەکاتی بەڕێوەچـوونی ڕێـوڕەسمی بەخشـینی ئیجازەنامەکـەدا، مـەلای گـەورە جبەکـەی خـۆی لەسـەر شـانی لا دەدات و لـە بـەر مـەلا مەعسومی دەکـات، ئـەو ڕۆژە لـە کۆیـە دەبێتـە جـەژن و ئاهـەنگ و بـۆ مـاوەی یـەك حەفتـە درێـژە دەکێشـێ، کـە ئەمـە نـەریتێك بـووە لـە کوردەواری لە ڕۆژگاری پێشین و لـە کـاتی ئیجـازە پێـدانی مـەلاکان لـە مزگـەوت و مەدرەسـەکانی کوردسـتان وەکـو بۆنەیـەك ئاهـەنگی شـادی بـەڕێوە دەچـوو. مـەلای گـەورە زۆری خـۆش ویسـتووە وەکـو دۆسـتێك ڕێزی لێناوە و لە خۆی نزیك خستۆتەوە. لە کاتی ناساغی، یـان ئـەوەتا

سەفەرێکی هاتبا پێش، یان لە وەرزی هاویندا لـە کاتێك مـەلای گـەورە هەواری دەگواستەوە بۆ چنارۆك، ئـەوا مـەلا مەعسـومی وەکـو جێگـری خـۆی دەستنیشــان دەکـرد بـۆ خوێندنــەوەی وتــاری ڕۆژی هــەینی. ڕاستییەك هەیە پێویستە لێرەدا ڕوونبکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کەوا مـەلا مەعسومی هـەورامی، وەکـو دیاردەیـەکی نـاوازە و دەگمـەن لەناوەنـدە ئاینییـەکانی ئـەو ڕۆژگـارە دا، دوو ئیجـازە نامـەی وەرگرتـووە کـە هەردووکیانیشــی لەلایـەن مـەلای گـەورەوە پـێ بەخشـراون کـە بـەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون:

١ـ ئیجازە نامەی یەکەم لەبارەی زانستە عـەقڵی و نەقلییەکانـەوە بووە، کـە بـەپێی توانـا و دەسـەڵاتی زنجـیرەی بنەماڵـەی جـەلیزادان و بـەگوێرەی نووسـراوەکەی مـەلای گـەورە لـە ڕێکـەوتی سـاڵی (١٣٥٥)ی کۆچیدا بووە.

٢ـ ئیجــازە نامــەی دووەم تایبــەت بــووە بــە گێڕانــەوەی فەرموودەکانی پێغەمبـەر (د.خ)، واتـە (روایـة الحـدیث). کـە بـەگوێرەی دەسـەڵاتی زنجـیرەی (کەزبەری)یـەوە بـووە کەلەباوکییـەوە بـۆ مـەلای گەورە ماوەتەوە، ئەویش لە ڕێکەوتی (١٣٥٦)ی کۆچـیدا بەخشـیویەتی بـە مـەلا مەعسـوم، واتـە سـاڵێك دوای ئیجـازە نامـەی یەکـەم. بـۆ ئـەم مەبەستە بگەڕێوە بۆ پاشکۆی ئیجازە نامەکان.

# بەشی سێیەم
# کەسایەتیی زانستیی و نیشتیمانیی
# مەلا مەعسوم

## بەشی سێیەم
## کەسایەتیی زانستیی و نیشتیمانی

### ١ـ بلیمەتی و پلەی زانستی/

وەکو باسکرا مەلا مەعسوم کەسێکی زیرەك و بلیمەت و لێهاتوو بووە، لە ڕەوتی خوێندنی قوتابخانەی ڕەسمی میریدا دەرچووی قوتابخانەی دارالخلافەی عوسمانی بووە لە کەرکوك، دوای ئەوەش ئیجازەی عیلمی مەلایەتی لە مەدرەسەکانی ئایینییدا بەدەستهێنابوو. توانایەکی سەیر و لەڕادەبەدەری لە فێربوونی زمانەکاندا هەبووە. جگە لە کوردی کە زمانی دایك و زگماکی خۆی بووە، تورکی و فارسی و عەرەبیشی زۆر بە چاکی زانیوە لە پاڵ هەر دوو زمانی فرەنسی و ئینگلیزی، زمانی فرەنسی وەکو زمانی دووەم لە قوتابخانەی (دار الخلافة) خوێندووە و زمانی ئینگلیزیش لەکاتی کارکردن لە خانەقین فێر بووە، کە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا بووە، کە گەورەش بووە لەتەمەندا زۆر لە موفرەداتی هەردوو زمانەکەی لەبیر مابوو و خەتێکی خۆشیشی هەبووە، ئەویش لەو نامانەی بەدیاردەکەوێت، کە بە تورکی بۆ خوشکی لە ئەنقەرە دەنارد دوای ئەوەی نووسینی تورکی کرا بە لاتینی، لێرەدا چەند نموونەیەك لە شارەزایی فراوان و وردی مەلا مەعسوم لە زمانی عەرەبیدا دێنینەوە. د. خدر لە یاداشتەکانیدا دەنووسێ: ڕۆژێکیان کاك مەسعودی مەلای گەورە لە (المجمع العلمي العراقي) لەگەڵ چەند زمانەوانی گەورەی عێراق لە وێنەی (د.مستەفا جەواد) و چەند هەڤاڵێکی لە زمانەوانانی عەرەبی دادەنیشێت، لە میانەی گفتوگۆکانیاندا ئەوان زۆر بە توانا و شایستەیی کاك مەسعود لە

زمانی عەرەبیدا هەڵدەڵێن. کاك مەسعود لـە وەڵامیانـدا دەڵێـت: "ئـەوە ئەگەر بۆ من وا بڵێن، دەبێ ئەگەر مەلا مەعسوم ببینن چی بڵێن؟ ئەنجا باسی ئەویان بۆ دەکات و بـەڵێنیان پێـدەدات کـە ئەگـەر ئـەو سـەفەرە هات بۆ بەغدا دیدارێکیان لەگەڵیدا بۆ ڕێك بخات.

لـە سـەفەرێکی مـەلا مەعسـوم بـۆ بەغـدا ئـەو دیـدارە پێـك دێـت، مسـتەفا جـەواد و هـاوڕێ زمانەوانـەکانی هـەموو سەرسـامی خۆیـان لـە ئاست توانا و شارەزایی مەلا مەعسومدا دەردەبڕن[٢٧]. دوای ئەوە نامـە و نامەکاری لە نێوان د. مستەفا جەواد و مەلا مەعسوم دا سـەبارەت بـە زۆر مەسـەلەی تایبـەت بـە زمـانی عـەرەبی لـە ڕێگـای مەسـعود محەمەمەدەوە هەبووە[٢٨].

لە بیرەوەرییەکانیدا مەسعود محەمەد لـەو بـارەوە دەڵێـت: مـەلا مەعسـومی هـەورامی کـە موجـازی بـاوکم و بـرادەری خـۆم و دۆسـتی بنەماڵـەی جـەلیزادان و هەڵکـەوتووی زمـانی عـەرەبی و زانسـتەکانی ئیسلامی بوو... لە بیرمە بە نامە لـێم پرسـی وشـەی (بَلْـهَ) چ ئیعرابێـك دەداتـە وشـەی دوای خۆیـەوە، بـۆی نووسـیمەوە، سـێ واتـای هەیـە، یەکیان بە مانای (کیف)یە، بەو پێیەی وشـەی دواوەی (مرفـوع) دەبـێ. دووهەمیان (دع) واتا وازبێنە، کە وشەی دوای خۆی (منصوب) دەکـات. سـێهەمیان ئەوەیـە کـە خـۆی دەبێتـە (مضـاف) و وشـەی دوای خـۆی (مجرور) دەبێت. لەمەوە دەردەکەوێت کـە دەشـێ بگـوترێ (بلـە رجـلٌ، بلە رجلاً، بلە رجلٍ). جارێکیش مامۆستای عەرەبی لە ناوەندی کۆیە کە خۆی عەرەب بووە بە قوتابییەکانی خۆی گوتبوو؛ لـە خـۆم بـەولاوە لـە کـۆیێ کەسـی تێـدا نییـە، بزانـێ (سـفرجل) چـۆن جـەمع دەکرێـت. جەمعەکـەی دوو جـۆرە؛ یـان (ألـف و تـێ)ی پێـوە دەلکێـت و دەبێتـە (سفرجلات)، یاخود بە (جمع التکسیر) دەبێتە (سفارج)، قسەکە بە مەلا مەعسوم دەگات، دەڵێت: دەبوایە بشـڵێ ئەگـەر پیتـی یەکـەمی وشـەکە

یەکێك لە پیتەکانی وشەی (أنسیتموها) بووایە، دەشیا لە جەمعدا ببێتە (سفاجل)، وەکو چۆن (جحمرش) دەبێتە (جحامر و جحارش)، ئەنجا مەسعود محەمەد لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێت: لەو ناوەدا کەس نەبوو بە قەد ئەو (حافظة)ی بەهێز بێت. مەلا قادری کانی دەربەندی کە لە قوتابییەکانی باوکم بوو دەگێڕێتەوە دەڵێت، جارێکیان بە تاقیکردنەوەی ئەزبەرکردن دەرکەوت، کە هەتامن دەزنوێژم شووشت و نوێژم کرد، مەلا مەعسوم یازدە لاپەڕەی کتێبێکی ئەزبەر کردبوو[٢٩].

د. جەواد فەقێ عەلی لە باسی قوتابییە هەڵکەوتووەکانی مەلای گەورە کاتێك دێتە سەر باسی مەلا مەعسومی هەورامی بەم شێوەیە ستایشی دەکات: یەکێك بووە لە بواری زانست و ئەدەبیشدا لە هەموویان ناودارتر بووە، جێگای ڕێز و قەدرزانی مامۆستاکەی بووە و لە زیرەکی و ئەزبەرکردندا نموونە بووە. جارێکیان مەلای گەورە گوتارێکی بەپێز و تۆکمە بە زمانێکی پتەو و ڕەوان پێشکەش دەکات، لە دوای تەواوبوونی یەکێك لەوانەی ئامادەبوون ستایشی گوتارەکەی دەکات، مەلای گەورە بەجواب دێ و دەڵێت: فاییدەی چییە، مخابن کە من نەم نووسیوەتەوە و خەڵکیش دوایی لە بیری دەکەن و هەمووی بە با دەچێت! لەو ناوەدا مەلا مەعسوم دەڵێ قوربان گوێم بۆ ڕادێرە، ئەنجا زۆر بە وردی هەموو گوتارەکە دووبارە دەکاتەوە بێ ئەوەی یەك وشەی لێ کەم بکاتەوە، بەمجۆرە هەموو ئامادەبووان سەرسام دەکات[٣٠].

هەر سەبارەت بە توانا و بلیمەتی مەلا مەعسوم مەسعود محەمەد دەنووسێت: هاوینی ساڵی ١٩٥٣ بوو، دوای ئەوەی فەیسەل بوو بە مەلیك و تاجی پاشایەتی نرایە سەر، بە هاوڕێتی (وەلی عەهد) عەبدولئیلاهی خالی و کۆمەڵێ لە کەسایەتی و پیاوانی دار و دەستەی حکومەت هاتن بۆ هەولێر. ئەمە یەکەم سەفەری مەلیك بوو بۆ یەکێك لە

لیوا کوردنشینەکانی عێراق، لە ماڵی (ڕەشید نەجیب)ی موتەسسەڕیفی هەولێر ئێوارە خوانێك ئامادە کرابوو و زۆربەی کەسایەتی و خەڵکە دیار و ناسراوەکانی ناوچەکانی لیوای هەولێر بۆ پێشوازیکردن لە مەلیك و بەخێرهێنانی بانگ کرابوون. لەو مەراسیمەدا چەند وتار لەلایەن ئامادەبووانەوە لەو بۆنەیەدا خوێندرانەوە. هەموو وتارەکانیان لەسەر کاغەز نوسیبۆوە و لە کاتی پێشکەشکردندا دەیان خوێندەوە کە زیاتر لە مەدح و ستایشی مەلیك و پیاهەڵدانی حکومەت بووە. تا نۆرە گەیشتە سەر خوالێخۆشبوو مەلا مەعسوم، کە یەکێك بووە لە نەجیبترین قوتابییەکانی باوکم. ناوبراو وەختێك لە شوێنی وتار خوێندنەوەکان ئامادەبوو ڕاستەخۆ دەستی بە قسان کرد، (وتدفق بالكلام العربي الفصيح المتقن مرتجلاً و مسترسلاً في ترحيب يناسب المقام وبالقاء يتجاوز المناسبات. استطرد فيه من المباركة بالتتويج و الحفاوه بالقدوم الي استبشار الناس بالعهد الجديد المنفتح علي توقعات تومي الى مزيد من الخير، حتى أفضى في خواتيم كلامه الي مشاكل مدينة كويسنجق المزمنة واخطرها ما تعانيه من العزله لانعدام طريق صالح يوصل اليها)، لە دوای ئەو (سەعید قەزاز)ی وەزیری ناوخۆ بە کوردی وتارێکی خوێندەوە، ئاماژەی بە ئەوە کرد، کە بە پێی فەرمانی خاوەن شکۆ (شا فەیسەل) وتارەکەی بە کوردی پێشکەش دەکات تاکو سڵاو و سوپاسگوزاری بەڕێزیان بە هەموو لایێکی ئامادەبووان ڕابگەیەنێت، هەروەها وەکو چۆن بەڕێزیان بەڵێن دەدات کە لە نزیکترین بۆنەو دەرفەتدا و بە یارمەتی یەزدان، لەسەر ڕێگایەکی قیرتاوڕێژدا سەردانی کۆیە دەکات[٣١]. ئەم قسەی دوایی سەعید قەزاز، دیارە لەسەر خواستی مەلیك و وەکو وەڵامدانەوەیەك بووە بۆ داواکارییەکەی مەلا مەعسوم. لەو کۆڕەدا مەلیك لەپای توانا و لێهاتوویی و زمانزانی و ڕەوانبێژییەکەی مەلا مەعسوم زۆر سەرسام دەبێت، بۆیە هەر لەدوای تەواو بوونی مەراسیمەکە ڕاستەوخۆ (تەحسین قەدری) سەرۆکی

تەشـریفاتی دەربـاری مەلـەکی ڕادەسـپێریّ، کـە بچـێتە لای و پێـی ڕابگەیەنیّ، کە هەر کار و پێداویستییەکی هەبێت ئامادەن بۆی جێبەجیّ بکەن!، بەڵام مەلا مەعسوم لە وەڵامدا دەڵێت: هیچ کارو پێداویستییەکم نییە تەنها ئەوە نەبێت کە ڕێگای کۆیەمان بۆ قیرتاوڕێژ بکەن.

جگە لە زمانی عەرەبی مەلا مەعسوم لە زمانی فارسی و تورکیشدا شارەزا و کارامەبووە. هەم لە قوتابخانەکانی میری و هـەم لـە خوێنـدنی ئایینیشـدا بـەو زمانانـەی خوێنـدبوون و شـارەزایی لـیّ پەیـداکردبوون. وەکو چۆن ئاشنایی لە هەر دوو زمانی فرەنسی و ئینگلیزیشدا هـەبووە، یەکەمیان ئەو کاتەی کە قوتابی بووە لـە قوتابخانـەی (دار الخلافـە) لـە کەرکوك لە پاڵ زمانی تورکی کە زمانی ڕەسمـی خوێنـدن بـووە، زمـانی فرەنسیشـی وەکـو زمـانی دووەم و بێگانـە خوێنـدبوو. دووەمـیش لـەو کاتەدا کـە کارمەنـدی ئیـدارەی ئینگلیزەکـان بـووە لـە خانـەقین فێـری زمانی ئینگلیزی ببوو و شارەزایی لیّ پەیدا کردبوو. مـەلا مەعسـوم بـەر لەوەی خوێندن تەواو بکات و ئیجازە وەربگریّ دەبێتە مـەلای مزگـەوتی (حاجی عومەر) لە گەڕەکی (بەفری قەندی) کە دواتر بە مزگەوتی (مـەلا مەعسوم) ناسـراوە. لـە سـاڵی ١٩٢٨دا مـاڵ و خێـزان پێـك دەهێنێـت و (ئامینەخانی کچی حاجی ئاغا مستەفا) دەخوازێت،(*) لە کۆیـە تـاوەکو مـەلای گـەورە لـە ژیانـدا بـوو ئـەرکی خوتبـە خـوێنی و مودەریسـی لـە (مزگەوتی گەورە) لە ئەستۆی خۆی گرتبـوو، لـەدوای وەفاتیشـی شـێخ نورەدینی برای دەچێتە جێگاکەی.

تا ئەوکاتە مەلا مەعسوم مەلای مزگەوتی (حاجی عومـەر) بـووە، بەڵام شێخ نـوورەدینی بـرای مـەلای گـەورە لـە سـاڵی (١٩٥٢)دا کۆچـی دوایی دەکات شوێنی گوتاربیژی مزگەوتی گەورە چۆڵ دەبێت، مـەلاکان لـە پێشـبڕکێدا دەبـن بـۆ شـوێنگرتنەوەی، تـا ئـەوەی مـەلا مەعسـوم سـەردەکەویّ و دەبێتـە وانەبێـژ و گوتـارخوێنی (مزگـەوتی گـەورە) کـە تاکە مزگەوت بووە لەو کاتەدا لە کۆیە نوێژی جومعەی لێکراوە.

## سەرجەلەنامەی خێزانی مەلا مەعسوم

مەلا مەعسومی هەورامی (١٩٠٠–١٩٦٤)

+ ئامینەخانی حاجی ئاغا مستەفا

فوئاد    نەسرین    محەمەد    خدر    مەقسود

فەقێ لە هەموو لایێکی کوردستانەوە ڕوویان لـە مـەلا مەعسـوم و مەدرەسەکەی کردووە. جگە لەوە لە وڵاتانی ئێران و سوریا و تورکیا بۆ مەدرەسـەکەی دەهـاتن و هەمیشـە (٢٠ تـا ٥٠) فـەقێی هـەبوون.[٣٢] بەشێك لە مەلاکان ئیجازەیان لە لای ئـەو وەرگرتـووە، لـە وێنـەی؛ مـەلا محەمـەد ئـەمینی سـەردۆڵی و مـەلا مەغدیـدی کـانی وەتمـانی و مـەلا ئیبراهیمی ژێ کە خەڵکی ناوچەی بادینان بووە و مەلا سەید حەسـەن و مەلا ئەنوەری ئیمامی مزگەوتی مەلا ئەسعەد لـە کۆیـە و مـەلا حەسـەنی ئەنگۆزی و... هتد، بەشێکیش لـە مـەلاکان لـەلای ئـەو خوێندوویانـە لـە وێنەی "مەلا عەبـدوڵلای شـکارتەیی، مـەلا محەمـەدی عـەلیاوەیی، مـەلا خـدر و عیسـا و حەسـەن لـە مـەلاکانی گونـدی هەرتـەل لـە دۆڵـی خۆشناوەتی، هەروەها مەلا محەمەدی فەقێ ڕەسوڵی بـاوکی د. جـەمال باجەلان".[٣٣]

لـە باسـەکەی د. جـەمال باجـەلان دا هـاتووە؛ مـەلا مەعسـوم پیاوێکی بە هەیبەت و ڕەوشتبەرز بـووە، لـە کـاتی بـە ڕێگـادا ڕۆیشـتن، یاخود تێپەڕبوونی بە ناو بازاڕدا خـەڵك بـۆ تـەعبیری ڕێزلێنـان لەبـەری هەستاونەتەوە. لـە سـەروەختی ئیجازەپێـدانی خوێنـدکارەکانی، خـۆی خەرجی و مەسروفاتەکانی دەگرتە ئەستۆ و کـەواو جبـەی بـۆ دەکـڕین،

لەگەڵ ئەوەشدا حاڵ و باری باش نەبووە، بەڵام لەو مەسەلانەدا داوای لە کەس نەدەکرد یارمەتی بدەن. هەروەها مرۆڤێکی چاوتێر و سەخی تەبع بووە، د. جەمال دەڵێت: لە مەلا فەتحوڵای فەقێ عەلی داربەڕووم بیستووە کە مەلا مەعسومی مامۆستایان لە ساڵی (١٩٦٠)دا ڕوبعە دینارێکی بە هەریەك لە فەقێکانی مەدرەسەکەی بەخشیوە، کە نزیکەی (١٠) کەس دەبوون، کە لەو ڕۆژگارەدا شتێکی بەرچاو بووە. د. جەمال دەڵێت، لە باوکم بیستۆتەوە، کە ڕۆژگارێك فەقێی ئەو بووە، دەیگوت مەلا مەعسومی مامۆستام یەکێك لە ئاواتەکانی ئەوە بوو، کەوا زیارەت و حەجی ماڵی خودا بکات، ئەوە بوو لە ئاکامدا ئاواتەکەی بۆ هاتەدی و زیارەتی ماڵی خودای کرد(٣٤). سەبارەت مولکایەتی و ماڵداریش مەلا مەعسوم فەلسەفەیەکی هەبوو دەیگوت: لەدوای خۆم شتێکی ئەوتۆ بەجێ ناهێڵم کە ڕێگا خۆش بکات بۆ لێکدابڕانی منداڵەکان و لەبەینبردنی خۆشەویستی و تەبایی لە نێوانیاندا لەسەر ماڵ و موڵکی دنیا. ئەنجا ئەو باوەڕی وابوو کەبێت و منداڵەکانی لەباریاندا هەبێت ئەوا دەبێ خۆیان خۆیان پێبگەیەنن. هەربۆیە لەدوای خۆی نە زەوی نە خانوو نە شتێکی لەو جۆرەی بەجێ نەهێڵاوە.لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی بەئاسانی ببێتە خاوەن موڵك و خاوەن خانوو، تەنانەت ئەو بەشێکی مووچە و معاشەکەشی بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرد

**٢ـ نەتەوەخواز و وڵاتپەروەر/**

مەلا مەعسوم لە پاڵ ئەوەی کە مەلایەکی گەورە و زانایەکی بەرجەستە بووە، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی دیار و پایەدار بووە لەناو خەڵك و پەیوەندی دۆستایەتی بەربڵاوی لەگەڵ زۆر لە کەسایەتی و لایەنی ناودار و دەسترۆیشتوو هەبووە لە کوردستان و لە عێراقدا.

جێگای بڕوا و متمانە بووە لەلایەن هەموو دانیشتووانی شاری کۆیە و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ڕێگە چارەی مەسەلەکانی شەرعی و

فەتوای ئایینی، هەروەها بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان خەڵك روویان تێدەکردو پرس و راوێژیان پێدەکرد، هەموو لایەکیش بەچاوی رێزەوە لێیان دەڕوانی. دیارە لەسەرەتادا هاندان و پشتگیری (مەلای گەورە) لەو نێوەندەدا رۆڵێکی گرینگی هەبووە لە پێگەیشتن و هەڵکەوتنی مەلا مەعسوم هەم وەکو مەلایەکی گەورە و زانایەکی بلیمەت، هەمیش وەکو کەسایەتییەکی میللەت دۆست و وڵاتپەروەر.

وەکو زانراوە مەلای گەورە هەر بە تەنها مەلا و کەسێکی ئایینی و زانایەکی رێگای شەرعی خودا و ئیسلامەتی نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی سیاسی و پێشەوایێکی هۆشمەندی زانستخواز و کۆمەڵناس و لە مەیدانی شیعر و ئەدەبیاتیشدا رابەری پێشکەوتن و کوردایەتی بووە. بۆیە مەلا مەعسوم تا لە ژیاندا بوو لە لایێکەوە لە مەیدانی ئاییناریدا خوێندکاری بە وەفای مامۆستاکەی و لە سەرێکی دیکەشەوە ئاڵا هەڵگر و درێژەپێدەری ئەو بیر و رێبازە بووە لە مەیدانی نیشتمان دۆستی و میللەت پەروەریدا. ئەو لە کاتێکدا پسپۆر و زمانەوانی چەندین زمانی جۆراوجۆر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی زگماکی خۆی و نەتەوەکەی زۆر خۆشویستووە، باوەڕی پتەوی بەوە هەبووە کە پێویستە زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی ببێتە زمانی شەرعیات و تەفسیر و زانستەکانی ئیسلامەتی، ئەو یەکێك بووە لەو چوار مەلایەی کە داوایان لە مەلای گەورە کردووە، کەوا شەرح و تەفسیر و لێکدانەوەیەك بۆ قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی بنووسێت[٣٥]. ئەنجا هەر خۆشی یەکەم کەس بووە گوتارەکانی رۆژانی جومعە و جەماعەتی بە کوردی پێشکەش کردووە و لە سەریشی بەردەوام بووە. لەسەر ئەم مەسەلەیە کەوتۆتە بەر رەخنەی چەند مەلایەك، کە پێیان وابووە ئەمە لادانە لە سوننەت، لەکاتی سەفەرێکی مەلا مەعسومدا حاجی مەلا ئیبراهیم خوتبەی رۆژی هەینی داوە. لەسەرەتای وتارەکەیدا بە کوردی وتبووی

مـەلا مەعسـومە فەنـدی خـودا تەمـەنی درێـژکا بیدعەیـەکی داهێنـا کـە خوتبەی جومعە بە کوردی بێت، کە ئەمە نەهجی سـەلەفی سـاڵح نییـە، چونکە مەبەست لە خوتبە (اسماع)ە نـەك (افهـام)!. مـەلا مەعسـومیش بۆ هەفتەی دواتر کە گەڕابوویەوە کۆیە لەسەر مینبەری مزگەوتی گەورە وتبـوی: بـە قسـەی حـاجی مـەلا بـرایم خـودا تەمـەنی درێـژکا، ئەگـەر مەبەسـت لـە خوتبـەی جومعـە تـەنها ئیسـماعە نـەك ئیفهـام دەبـا ئـەوا پێشەکییەکەشی هەر بە عەرەبی بگوتبـا. ئـەو یەکـەمین کەسـیش بـووە تەلقینـی مـردووی بـە زمـانی کـوردی داوە. دیـارە بەشـێك لـە مـەلاکانی کوردستان لەو کاتە لە دژی ئەوەش وەستاونەتەوە، بەڵام مەلا مەعسوم بۆ ئەوەی بەر بە ڕەخنە و بەرهەڵستی ئەو کەسانە بگرێت بۆ یەکـەمجار بە کوردی (مەهجەمین)ی خوشکی تەڵقین دەدات کاتێك کە کۆچی دوایی دەکات.

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مهاباد، لەشاری کۆیە پیاوانی نیشتمانپەروەر لەوێنەی کاکە زیاد و عومەری حاجی مستەفا و کەسـانی تر لیژنەیەکیان بۆ پشتگیری و هاوکاری کۆماری کوردسـتان پێکهێنـابوو کە مەلا مەعسوم یەکێك بووە لە ئەندامەکانی.

ئەو باروبۆ و یارمەتییانەی لە کۆیە و دەوروبـەری لیژنەکـە کۆیـان دەکاتـەوە، بـە نامەیەکـەوە، کـە مـەلا مەعسـوم خـۆی نووسـیویەتی و ئەنـدامانی لیژنەکـەش وێـڕای ئـەو ئیمزایـان لەسـەرکردووە، بـۆ قـازی محەمەدی پێشەوای کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد بەڕێدەکـەن. ئینجـا هـەر ئـەویش وەکـو مەلایـەك ئـەو دەستپێشـخەرییەی هـەبووە، کـە بەشداری لە یەکەمین ئاهەنگی نەورۆزدا کردووە کە لە کۆیە و لـە سـاڵی ١٩٤٦ لە شاخی مشکەی بەڕێوە چووە و وتاریشی تێیدا خوێندۆتەوە.

لەسەردەمی پاشایەتیدا کاتێك (سـەعید قـەزاز) وەزیـری نـاوخۆی عێراق بووە داوای لێدەکات بچێتە بەغدا و ببێت بـە قـازی بەغـدا، بـەڵام

مـەلا مەعسـوم بـۆ داواکـەی داوای لێبـوردنی کـردووە و وتویـەتی مـن قەرزاری کۆیەم و کۆیەش بەجێ ناهێڵم، لە ڕاستیشـدا مەسـەلەکە ئـەوە بووە کە ئەو نەیدەخواست ببێت بەبەشـێك لـە دام و دەزگـای مـیری لـە بەغدا.

ساڵێ (١٩٥٨) لە دوای دامەزراندنی کۆماری عێراق و هاتنەکایـەی (مەجلیسی سیادە)، (خالیـد نەقشـبەندی) کـە پێشـتر قایمقـامی کۆیـە بووە دۆستایەتی نزیکـی لەگـەل مـەلا مەعسـومدا هـەبووە ئەنـدامی ئـەو مەجلیسە دەبێت، داوای لێکردووە و هانیداوە، کە بچێتە بەغـدا و ببێـت بە موفتی عێراق، بەڵام بەهەمان شێوە بۆ داخوازییەکـەی ئـەویش داوای لێبوردنی کردووە. دیارە ڕەتکردنەوەی ئەو پایـە و پێشـنیارانە لەلایـەن مەلا مەعسوم، لەکاتێکدا هاتووە کەشوێن و وەزیفەی لەو جۆرە بایەخ و ئیعتیبارێکی زۆری هەبووە و هەیە، تەنانەت ڕەنگە بە دەیـان کـەس بـە مەلا و پیاوانی ئایینیشەوە خەون بە هەل و دەرفەتێکی ئەوتۆوە ببینن، لەگەڵ ئەوەی ئەو هەردوو داواکارییەکەی لەکاتی خۆیدا ڕەتکردۆتەوە.

ساڵی (١٩٦١) دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کـورد داوا لـە مـەلاکانی کوردستان کـراوە کـە بروسـکەی لایـەنگیری بـۆ عەبدولکـەریم و نـەیاری لەگـەڵ شۆڕشـگێڕانی کـورد بـۆ بەغـدا بنێـرن. لـەو نـاوەدا داوا لـە مـەلا مەعسوم کرا کە بروسکەی پشتگیری بـۆ عەبدولکـەریم قاسـم بنێـرێ لـە دژی شۆڕش، لە وەڵامدا وتویەتی بروسکەی مـن بـۆ عەبدولکـەریم قاسـم مانای فەتوایە، ئەم فەتوایە نادەم کە عەبدولکەریم قاسم لەسەر هەقە و شۆڕشگێڕانی کورد نا هەقن. ئـەنجا بـە پێچـەوانەی خواسـتی ئـەوان لـە گوتاری ڕۆژی جومعەدا، کە لە پاشان لە کوردستاندا دەنگی داوەتـەوە، فەتوانی ئەوە دەدات، کـە هـەر کەسـێك لـە پێنـاوی خـاك و نیشـتمانیدا بکوژرێت ئەوە لە پلەی شەهیدە. لەوەش زیاتر دەڵێ: هـیچ مەترسـیتان لەوە نەبێت، کە دوژمن بە ژمارە زۆر و زەوەندە و بە چەك و جبەخانە و

ئیمکانات بەهێزە، ئەنجا ئەم ئایەتە دەهێنێتەوە، (وکم من فئة قلیلة غلبت فئة کثیرة...). دوابەدوای گوتارەکەی دەم و دەست دەستگیر دەکرێ و بە پەلەش بۆ هەولێر بەڕێی دەکەن نەبادا کاردانەوەی خەڵك و خۆپێشاندان لە دژی دەستگیرکردنی لێ بکەوێتەوە. د. خدر لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: لە هەولێر دەیبەن بۆ لای (عەقید ڕوکن بەدرەدین عەلی) کە ئەو کات موتەسسەریفی هەولێر بووە. زۆری هەوڵ لەگەڵ دەدات تاکو قەناعەتی پێبکات و هەڵویستەکەی پێبگۆڕێت. بەڵام کە دەزانێ سوودی نییە فەرمانی بە پاسەوانەکانی دابوو تا مێزەرەکەی لەسەری بکەنەوە....!، لە بەرامبەردا مەلا مەعسوم دەڵێ: ئەدی چی لە بیروباوەڕەکانم دەکەی؟ بزانە ئەویش لە ناو مەندیلەکەمدا نادۆزیتەوە[٣٦].

بەشی زۆری مەلاکانی کۆیە هەمان هەڵویستی مەلا مەعسوم وەردەگرن لە وێنەی: (مەلا عەلی حاجی توفیق، مەلا محەمەدئەمین مەلا مەستەفای عاصی، مەلا زاهیری مەلا سادق، مەلا ئەنوەری شیوشانی، مەلا محەمەدی مەلا عەلی، مەلا سەدری مەلا سالحی خەتیب، مەلا محەمەد ئەمین کەریمی کانی ڕەش، مەلا فەتحوڵلا عەبدولکەریم و شێخ حسامەددینی باوکی مام جەلال)، بۆیە ئەوانیش هەموو زیندانی دەکرین و بۆ لای مەلا مەعسوم بەڕێ دەکرێن. ژمارەیەکی کەمیش بروسکەی پشتگیرییان بۆ عەبدولکەریم قاسم بەڕێکرد کە دواتر بە (مەلا تەوقیعەکان) ناسران.

لە دوای ئازادبوون و لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا بۆ کۆیە خەڵکێکی زۆر بۆ پێشوازی لێکردنیان بە پیریانەوە چووبوون بۆ دەرەوەی شار.

مەسعود محەمەد لە یاداشتەکانیدا ئەو مەسەلەیەی بەمجۆرە باسکردووە: "هەڵویستی تایبەتی مەلاکانی کۆیی ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٦١)، دوای بەرپابوونی شۆڕش لە (١١)ی ئەیلوول، حکومەتی

(عبـدالكريم قاسـم) داوای لێکـردن بروسـکەی پیرۆزبـایی بـۆ بنێـرن و شۆڕشگێڕانی کوردی تێدا تاوانبار بکەن، (١٠) مەلا لەوانـەی فەلسـەفە و تـەئویلات فێـری نـەکردبوون تـەبریران بێننـەوە بـۆ خراپـە، بەوپـەڕی سـەربەرزییەوە ڕەفـزی خواهشـتی میریـان کـرد و چـوونە بەندیخانـە و دوچاری عـەزاب و زەحمـەتێکی گـەورە بـوون، نـە خۆیـان و نەکەسـیش دەیزانی سەرەنجامیان بەچی دەگا، چونکە دەعـوایێکی عـورفی قـورس ڕێکخرا لە دژیان، کە سزای خنکاندن بـوو، هەنـدێك بێـدین شایەدیشـیان لێـدان، بەتایبــەتی لــە مــەرحووم مــەلا مەعســوم، چــەند مــانگ لــە بەندیخانەکانی بەغدا و دەوروبەری مانەوە، بەڵام بەختیان یاربوو لەوەدا شۆڕشـی کـورد بـەردەوام بـوو و چارەنووسـی زۆر کـەس و زۆر لایـەنی سیاسی بەو دەوامکردنـەوەی شۆڕشـی کـورد گـۆڕا و مـەلاکانی کۆیـەش وەك چەندین خەڵقی دیکە بەردران"[٣٧].

ئینجا لە درێژەی ئەو باسانەدا دەڵێـت؛ ئـەو سـاڵەی دوای گرتنـی مەلاکان وا ڕێککەوت چووم بۆ سلێمانی، بـرادەران وەزعـی کۆیـەیان لـێ پرسیم، پـێم گـوتن ئێسـتا لـە کـۆیێ خـەڵقی بـە بـانگی کەڵەشـێر نوێـژ دەکەن، چونکە مەلای تێدا نەماوە بانگ بدات.

هەر سەبارەت بە بوێری و پەرۆشـی مـەلا مەعسـوم بـۆ میللـەت و وڵاتەکەی چەندێکی دیکە، لە شاهێدییەکانی مەسعود محەمەد بۆ مێـژوو لێرەدا دەور دەکەینەوە: "مەعلوومە سۆز و پەرۆشی مەلای گـەورە بـوو وایکرد مەلا مەعسومی هەورامی بکەوێتە سەر خوێندن و ببێت بە یەکێك لە قوتابییە هەرە پێشکەوتووەکان. لە دوای مردنی شێخ نووری برایشی ببێتــەوە جـێگیری لــە مزگــەوتی گــەورەی حــاجی بــەکر ئاغــا. هــەر شەجاعەتەکەی مەلای گەورەش بوو لە مەلا مەعسوم دیارکەوتەوە، ئـەو ڕۆژەی کـە لـەڕووی (متصـرف)ێکی سـەردەمەکانی شۆڕشـی کـورد پـڕ بەدەم ڕستەی (الفرسان القرصان)ی تەقاندەوە و لە بـەرگوێی دۆسـت و

دوژمن، له باوەڕی خۆیشی بەولاوە هیچ هێزێك نەبوو ئەو قسەیەی پێبکا، یان بەدوای قسەکەیدا مەلا مەعسوم بپارێزی، یا وەزیفەی بۆ بەردەوامکا و نانی نەبڕێ، ئەو کە قسەکەی کرد نەیدەزای خۆی و وەزیفەکەی سەلامەت دەردەچن یان دەبنە قوربانی باوەڕ[٣٨]."

لەو هەڵویستەدا مەلا مەعسوم ڕوو دەکاتە موتەسسەریف کە چەند سەرۆك جاشێکی کوردیشی لەتەکدا ڕاوەستابوون، دەڵێ: خۆزیا جەولەیەکت لە شارەکەماندا دەکرد و ئەو جار بە چاوی خۆت دەتبینی؛ خانووی سووتاو و ماڵی تاڵانکراو، منداڵی هەتیو و فرمیسکی دایکان بۆ کوڕی شەهیدیان، کە بە دەستی غەدر و خەیانەتی (الفرسان القرصان) ئەنجام دراون[٣٩]."

هەر لە ساڵی (١٩٦٣)دا لە دوای نەمانی عەبدولکەریم قاسم گفتوگۆ و مفاوەزات لە نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی نوێی عێراق دەستپێدەکات، بەڵام ناگاتە ئەنجام و شەڕ دەستپێدەکاتەوە. حکومەتی عێراق سەر لە نوێ شاڵاو دەهێنێتەوە بۆ سەر شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان، مەلا مەعسوم بە ماڵ و خێزانەوە کۆیە بەجێ دەهێڵی و دەچێتە ناو شۆڕش، بەمەش یەکەمین مەلای ناودار و ناسراوی کوردستان دەبێت، کە پەیوەندی بە پێشمەرگە و شۆڕشی کوردەوە کردووە و لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە ڕێزێکی تایبەتی لێ گیراوە.

ساڵی (١٩٦٤) دوابەدوای کودەتای (عبدالسلام عارف) دووبارە ئاگربەست لە نێوان حکومەت و شۆڕش ڕادەگەیەندرێ، بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد خولێکی دیکەی دانوستان دەستپێدەکاتەوە. هەر لەو ساڵەداو لە (کۆبوونەوەی فراوانی نوێنەرانی کوردستان) لە شاری کۆیە، وەکو کەسایەتییەکی دیار و ڕێزلێگیراوی کورد بەشداری دەکات و لە دوایە لەسەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفای

بـارزانی وەفـدێکی زانایـانی کـورد بـە سـەرۆکایەتی مـەلا مەعسـوم و بەشداری هەریەك لە مەلا محەمەد قەرەداغی ئیمام و خـەتیبی مزگـەوتی گەورەی سلێمانی، مەلا محەمەدی دەلگەیی ئیمام و خـەتیبی قـەلادزێ، مەلا ئەحمەدی سکتان کە ئیمام و خەتیبی سەنگەسـەر و هـەر لای مـەلا مەعسـومیش ئیجـازەی وەرگرتبـوو. بـەناوی هـەموو زانایـانی ئـایینی کوردستان دەچنە بەغدا بۆ لای (عبدالسلام عـارف)، داوای چەسـپاندنی ئاشتی و دۆزینەوەی چارەسـەرێکی یـەکجارەکی بـۆ مەسـەلەی کـورد و داننان بە مافەکانی گەلی کوردی لێدەکەن، بەڵام دیارە ئەم ئاواتەش لـە کـاتی خۆیـدا جێبـەجێ نـەبووە. لـەو سـەفەرەدا عەبدولسـەلام عـارف قورئانێك، کە لە سەدەف دروستکرابوو بە دەسـتخەتی خـۆی پێشـکەش بە مەلا مەعسوم دەکات.

### ٣- وەفات و ماڵئاوایی کردنی/

لە هەلومەرجی ساڵی (١٩٦٤)دا مەلا مەعسـوم دوچـاری نەخۆشـی شێرپەنجە دەبێت، ماوەیێك بە دەستی ئـەم دەردەوە ئـازار دەچـێژێت، تـا ئـەوەی لـە ڕۆژی (١٩٦٤/١٢/٨)دا بـە یـەکجاری چـاو لێکـدەنێت و ماڵئـاوایی لـە ژیـان دەکـات. لەسـەر وەسـیەت و ڕاسـپاردەی خـۆی تەرمەکـەی لەوجوبەیـەی مـەلای گـەورە وەردەپێچـرێت، کـە لـە ڕۆژی ئیجازە وەرگرتنیـدا وەکـو خـەڵات پێـی بەخشـیبوو. تەرمەکـەی لەتـەك گـۆڕی بـاوکی (مـەلا خـدری هـەورامی) و ڕەحیمـەی دایکـی و هـەر دوو خوشـکەکەی حەبیبـە و مەهجەمینـدا لـە گۆڕسـتانی کۆیـە بـە خـاك دەسپێردرێت.

**٤- پلە و پایەی زانستیی و شوێنەوارەکانی/**

لە درێژەی باسەکەماندا و لە زۆر جێگادا ئاوڕمان لە پلەوپایەی زانستی مەلا مەعسوم داوەتەوە، وەکو چۆن ئاماژەمان بۆ بلیمەتی و شارەزایی کردووە لە ڕشتە جیاوازەکان و زانستە جۆراوجۆرەکانی ئایینی ئیسلامەتی. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کەوا زۆرێك لە مەلا و زانایانی ئایینی لە کوردستان زیاتر مەیل و ئارەزوویيان بەلای وانەگوتنەوە و دەرس دانەوەدا هەبووە و کەمتر بەپیر کتێب نووسین و دانانەوە چوون، لەم بارەیەوە د. جەمال باجەلان دەڵێت: "و فضل التدريس علي التأليف، شأنه في ذلك شأن الكثيرين من علماء الكرد المتمكنين من ناصية العلوم الشرعية[٤٠]." ژمارەیەك لە قوتابی و فەقێیەکانی کتێب و سەرچاوەکانی شەرع و فیقهو زانستی ئوسوولیان لە خزمەت ئەودا نووسیوەتەوە. مەلا مەعسوم خۆیشی شەرح و پەراوێز و نووسینی لەسەر ئەو کتێب و سەرچاوانە نووسیوون، بەڵام مخابن هەموویان لە ناوچوون و فەوتاون، هیچ کامێك لەو کتێبانە لە دەستی گرفتی ڕۆژگار و بەڵای ناگەهان ڕزگاریان نەبووە!. لەم بارەوە لە یاداشتەکانی د. خدر دا هاتووە کەوا بەدەیان کتێبی بەنرخ و سەرچاوەی بەهادار لە کتێبخانەکەی مەلا مەعسومدا هەبوون، کە میراتی دەیان پشتی باوك و باپیرانی بوون، کە هەندێکیان تەمەنیان بۆ زیاتر لە (٧٠٠) ساڵ لەوەوبەر دەگەڕایەوە. ساڵی (١٩٦٣) بەهۆی سووتاندن و بە تاڵانبردنی ماڵەکەیان بەدەستی حکومەتی بەعس بەشێکی زۆریان دەفەوتێت[*].

ئەوانەش کە دەرباز دەکرێن و دەمێننەوە لای د. فوئاد گل دەدرێنەوە و دەپارێزرێن، تا ئەوەی دووبارە ئەوانیش لە ساڵی (١٩٩٦) دا دەکەونە بەر شاڵاوی تاڵان و برۆیەکی دیکە و دەبن بە قوربانی شەڕی خۆبەخۆی کورد و کورد.[**] لەنێو ئەو کتێبانەدا دوو کتبیی

مـەلای گـەورە هـەبوون کـەوا مـەلا مەعسـوم بەدەسـتوخەتی خـۆی نووسـیبوونییەوە کـە یـەکیان (وسـیلة الوصـول الی علـم الاصـول) و دووەمیان (المصقول في علم الاصول) بوون. لەپاڵ زمانزانی و شـارەزایی لە زانستەکانی ئیسلامەتی، مەلا مەعسوم توانایەکی بـەرزی هـەبووە لـە مەسـەلەکانی ژمێـرەو بیرکاریـدا، بۆیـە هـەرکات لـە دادگـای کۆیـە گیروگرفتێکیان هەبووایە لە مەسەلەکانی تایبـەت بـە حسـاب و ژمێـرەی بەشـەمیرات و چـۆنیەتی دابەشـکردنی مـیرات بەسـەر کـەس و کـاری مردوودا لەکاتی دەرکردنی (قەسامی شـەرعیدا)، ئـەوا پـەنایان بـۆ مـەلا مەعسوم دەبرد لەو بارەیەوە.

هەروەها لە تۆمارکردنی مێـژوو بـە حیسـابی جوملـە یـان حسـابی ئەبجەد، کە زانستێکی تایبەتییە و لەسـەر بیرۆکەیـەکی بیرکـاری بنیـات دەنرێت، زۆر بەتوانا و بەدەسـتەڵات بـووە، نەجیبـەخانی جـەلیزادە لـە کتێبی (مێژووی جەلیزادە، لاپەڕە ١٣٦)دا دەڵێت: "گوڵی بـاغی مـن بـا بردی"، تاریخی وەفـاتی جـەنابی مەلایـە، مـەلا مەعسـومی کـوڕی مـەلا خدری هەورامی دایناوە. لەڕاستیدا پێویستە جوملەکە بەڕێنووسی کـۆن بنووسرێت بەم شێوەیە (کل باغ مـن بـا بـردي) ئەوسـا مـادە تاریخەکـە ڕاستو دروست دەردەچێت، کە دەکاتە سـاڵی (١٣٦٢)ی کۆچـی. ئـەنجا بەپێی هەندێك زانیاری لەو بارەیەوە کەوا د. خدر بۆ بەندەی نووسـیوە، مەلا مەعسوم بەڕستە (جملە)یەکی واتادار و پـڕ مـەعنا، مێـژووی سـاڵی وەفـاتی مـەلای گـەورەی بەعـەرەبیش بـەم شـێوەیە تۆمـار کـردووە: "انقرض العلم بموتك يا محمد". لێرەدا شـێوەیەکی دیکـە لـە (حیسـابی جوملە) پەیڕەو دەکرێت بۆ دەرهێنانی مـادە تاریخەکـە، کـە تـەنیا ئـەو پیتانە حیسابدەکرێن کەوا نوختەدارن بەم شێوەیە:

١٣٦٢ = ( ن + ق + ض + ب + ت + ي
٥٠ + ١٠٠ + ٨٠٠ + ٢ + ٤٠٠ + ١٠ )

وەكـو چـۆن مـەلا مەعسـوم مێـژووی كۆچـی دوایـی (سـەبری عەبدوڵڵا)ی هاوڕێی، كە بە (سەبری ئەفەندی ناسراو بووە و یەكێك بووە لە گرووپی یەكەمی هاوڕێ قوتابییەكانی لە قوتابخانەدا لە سـاڵی ١٩١٢، ناوبراو لە سـاڵی ١٩٤٨ دا كۆچـی دوایـی كـردووە، بـەم شـێوەیە تۆمـار كردووە:

| | |
|---|---|
| الهي عشت في الدنيا عصيا | ولا تجعل لساني في الجواب عييا |
| فاني نـادم يا ربـي عمـا | جنيـت فاقبلـن عـذري رضـيا |
| فما لي طاقة بعذاب النـار | اعـدت للـذين حيـوا شـقيا |
| فان تسال عن اسمي فكنت | بصـبري ابـن عبـدالله سـميا |
| وأن تسأل عن تاريخ موتي | فالـف تسـعة اربعـة ثمانيا(٤١) |

**پەراوێزەکان**

(١) مەبەست پرۆفیسۆر دکتۆر خدری سەرۆکی پێشووی زانکۆی کۆیەیە، کەوا کورتەیەکی ژیاننامەکەی لە پاشکۆی ئەم باسەدا هاتووە.

– بەڕێز د. خدر چەند لایەنێکی لە یاداشت و سەربردەی مێژوویی بنەماڵەکەی خۆیانی بەشێوەیەکی سەرەتایی تۆمار کردووە کە لە (٢٠–٣٠) لاپەڕە دایە، ئێمە لە نووسین و ئامادە کردنی ئەم باسەدا، سەرەڕای ئەو کتێب و سەرچاوە جۆراوجۆرانەی کە لە بەردەستدابوون و بە ئەندازەی پێویست سوودیان لێ وەرگیراوە، یاداشتەکانی د.خدرمان کردۆتە بنەما و وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بیۆگرافی کەسەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان پشتمان پێی بەستووە و لە شوێنی پێویستیشدا پەنجەمان بۆی ڕاکێشاوە.

(٢) خرپانی یەکێکە لە گوندەکانی هەورامانی لهۆن لە پارێزگای هەڵەبجە، لە ئیستادا سەر بە ناحیەی بیارەیە، لە ڕۆژگاری پێشوودا لەپاڵ (بیارە و تەوێڵە ) یەکێك لەو سێ مەڵبەندەی هەورامان بوون، کەخاوەنی فێرگە و مەدرەسەی ئایینی ناودار بوون.

(٣) مەلا خدر تەنیا خۆشکێکی هەبوو بە ناوی (خزان)، کە هەر لە (خرپانی) شووی کردووە، نەوەکانی تاکو ئێستا لەو ناوچەیە دەژین.

(٤) مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە کوڕی مەلا ئەسعەد (١٨٣٥ – ١٩٠٨) یەکێك لە مەلا و زانا و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانە. باوکی (مەلا محەمەدی کۆیی) ناسراو بە (مەلای گەورە)یە. لەو سەردەمەدا لە کۆیە دوو مەدرەسەی گەورە هەبووە، یەکێکیان (مەدرەسەی مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد) کە بە ناوی باوکییەوە بووە و، دووەمیش (مەدرەسەی مزگەوتی گەورە)یە کە بۆ ماوەیێکی درێژ لەلایەن ئەوەوە بەڕێوەبراوە. هاوڕێ و هاوسەردەمی شاعیری گەوری کورد (حاجی قادری کۆیی) بووە، چەندین مەلا و زانای ناوداری کوردەواری لە مەدرەسەکانی جەلیزادان و لەسەر دەستی ئەوان پێگەیشتوون و ئیجازەیان پێدراوە. مەولوودنامەیێکی کوردی و هەندێ شیعری فارسی و کوردی لە دوا بەجێماوە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ:

ـ سەرجەم بەرهەمەکانی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، د. کەمال مەعرووف، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٤١.

(٥) أثـر الاجـازة العلميـة في الترابـط الروحـي بـين المجيـز و المجـاز و أبنائهمـا، أ. د. جمال محمد فقي رسول – باجلان، ص ٣١.

(٦) د. جەمال باجەلان دەڵێت: لە مـەلا سـديقى مامۆسـتام و لـە بـاوكم بيسـتووە، حاجى فەقێ مەحموودى بازرگان، كە پياوێكى لە خواترس و مەلا دۆست بووە، چوار كچى هەبوون، بڕيارى داوە بە هيچ كەسـێكيان نـەدات بـە شـوو تـەنها بـە پياوى ئايينى و مەلاى خاوەن ئيجازە نەبێت، بەم شێوەيە:

- **كچى يەكـەمى (ڕەحيمـە خـان):** شـوو بـە مـەلا خـدرى هـەورامى دەكـات و ئـەم مندالآنـەيان لـێ وەپـاش دەكـەوێت: (جـەمال، حەبيبـە، جـەميل، مەهجـەمين، مەعسووم)
- **كچى دووەمى (فاتيمـە خـان):** شـوو بـە مـەلا سـالّحى مـەلا سـەعيدى گـەرمۆكى دەكات و ئەم منالّانەيان لە پاش بەجێ ماون:

١ـ مەلا سديق: ئيمام و خەتيبى مزگـەوتى تەقتـەق بـووە و لـە سـالّێ (٢٠٠٣) و لـە تەمەنى (١٠٣) سالّيدا كۆچى دوايى كردووە.

٢ـ خەديجە خان: شووى بە (مـەلا عەبدولحەميـد) كـردووە، كـە مەلايـەكى نـاودار و ناسراوى كـەركووكى بـووە. مـەلا عەبدوحەميـد بـاوكى زانـاى ئيسـلامى ناسـراو (نيزامووددين عەبدولحەميد)ە، كە ماوەيێك لە بەغدا لە كولييەى (ئيمام ئەعزەم) مامۆستا بووەو لەگەلّ (محەمەد مەحموود ئەلسسـەواف) بـۆ يەكـەمين جـار لـە عێراق ڕێكخراوى (الاخوان المسلمين)يان دامەزراندووە.

هــەروەها مــەلا عەبدولحەميــد بــاوكى (د. موحســين عەبدولحەميــد)ە كــە مامۆستاى كولييـەى شـەريعە بـووە لـە بەغدا و لـە پاشـان لـە دواى پرۆسـەى ڕزگاركردنى عێراق لە سالّى (٢٠٠٤)دا، بۆتە سەرۆكى حيزبى ئيسلامى عێراقـى و ئەندامى مەجليسى حوكم لە بەغدا.

- **كچى سێيەمى حاجى فەقێ مەحمود (خەديجە):** شوو بە (مەلا ئەحمەدى ئۆمەر گومبەتى) دەكات، كـە بـە (مـەلا ئەحمـەدى كـۆڕ)* ناسـراوەو زانـا و شـاعير و سۆفييەكى ناودار بووە لە سـەدەى هـەژدەى زايينـى لـە دايكبـووە و لـە سـالّى (١٣٣٥ى كۆچى / ١٩١٦ى زايينى) لە گونـدى ئۆمەرگومبـەت وەفـاتى كـردووە. سێ كوڕى هەبوون لەگەلّ كچێك (١ـ مەلانوور محەمـەد ٢ـ مـەلا محەمـەد نـوور ٣ـ خەليفە عەبدوڵلا ** ٤ـ عائيشە خان).

مەلا نوور محەمەد، مەلاێیکی ناسراو و شاعیرێکی شارەزابووە، شیعرێکی حافزی شیرازی لەسەر شێوەی (مولەمەع) تەخمیس کردووە کە تێدا هاتووە:

فكل الخلق بعد النشر في طي
ولم يبق سوي الباقي هو الحي
و قل للمرء دع عنك الجهل و الغي
جهان جام و فلك ساقي أجل مى
خلايق باد بنوش از مجلس وى

*****

فسبحان الذي بالعبد أسرى
مميت الخلق و الاكوان طرا
فيا من عاش آلافا و دهرا
خلاصى نيست اصلا هيچ كسرا
ازين جام ازين ساقى ازين مى

- **نەجیبە کچی چوارەمیش:** دەدرێت بە (مەلا حەبیب)ی کەرکووکی، کە دوو کوڕیان لێ وەپاش دەکەوێت، (مەلا سالح و کاکە حەمە)، مەلا سالح باوکی ئەندازیار و بەڵێندەری ناسراو (حەسیب سالح)ە.
- ئەم چوار مەلایەی کە کچەکانی حاجی فەقێ مەحموودی بازرگانیان خواستووە، کە لە پێشەوە ناومان بردن، هەر یەکەیان مەلایێکی ناودار و ناسراوی کوردبوون لە شوێن و سەردەمی خۆیان و هەر چواریشیان ئیجازەیان لەلای مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە وەرگرتووە. بگەڕێوە بۆ:
- أثر الاجازة العلمية...، ص ٣١.
- یاداشت، ل ٢.

(*) ئەم (مەلا ئەحمەدی کۆر)ە، وەکو باسکرا (ئۆمەر گومبەتی)یەو جیاوازە لەگەڵ ئەو (مەلا ئەحمەدی کۆر)ەی کە لە بنەڕەتدا (موکریانی) و لە دێی (شیوەسماک)ی ناوچەی (شنۆ) لەدایکبووەو لە دێی (عەمبار)ی ناوچەی (بۆکان) مردووە و حاجی قادر لە دێرە شیعرێکدا باسی کردووەو دەڵێت:

**ئەحمەدی کۆر لە شاری سابلاغە        بەیتەکی داغە، بەیتەکی باغە**

بگەڕێوە بۆ:

– ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨١، ل ٢٣ – ٢٥.

– ئەزموونی شیعری موکریان، د. عوسمان دەشتی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٧٥ – ١٠١.

(**) ئەم خەلیفە عەبدوڵڵایە، باپیری مەلا و زانا و پسپۆری کورد پرۆفیسۆر د. جەمال محەمەد فەقێ ڕەسووڵ باجەلانە لە دایکەوە، کەوا ئێستا مامۆستای وانەبێژ و سەرۆکی بەشی خوێندنی ئایینییە لە زانکۆی کۆیە.

(٧) هوية كركوك الثقافية والادارية، ص ٧٢.

(٨) دەگێڕنەوە دەڵێن؛ماڵی مەلا خدر لە کەرکووك فێری چا لێنیان و چا خواردنەوە بوو بوون، کە دەگەڕێنەوە کۆیەش بە هەمان دەستوور ڕۆژانە چەند جەم چایی لێدەنێن، خزم و دۆست کە هاتوونەتە سەردانی ماڵەکەیان ئەم بەزمە دەبینن پێیان سەیر دەبێت، چونکێ خەرجی و مەسرووفی شەکر و چا بە پێودانگی ئەو ڕۆژە زۆر بووە و لە کۆیەش چا خواردنەوە نەریتێکی تازە و نوێ بووە، هەر بۆیە گوتوویانە ئەو ماڵ و مەسرەفەی لە شەکر و چایی دەیکەن، دەتوانن کۆڵەکەی ماڵەکەتانی پێ لە زێڕ بگرن!.

- یاداشت، ل ٦.

(٩) مێژووی کۆیە، ل ٢٨٤.

(١٠) أثر الاجازة العلمية...، ص ٣٢.

(١١) كنوز الكرد في خزائن دار الكتب العراقية، ص ٣٨٤.

(١٢) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

(*) د. فوئاد مەعسووم لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی داوەتە د. جەمال باجەلان، کە نازناوی (مەخفی) لە پاساوی ئەو مەسەلەیەوەیە، کە پەیوەندی بە (خدری زیندە)وە هەیە. خدری زیندە بە پێغەمبەر، یان پیاوچاکێکی نەمر و هەمیشە زیندوو ناسراوە چونکێ لە (ئاوی حەیات یان ئاوی بەقا)ی نۆشیوە و هەمیشە لە تەنگانەدا لە فریای خەڵکی لێقەوماوو بێچارەوە دێ، لەگەڵ ئەوەی کە کەسێکی پەنهان و شاراوەیە کە کەس نایبینێت.

(١٣) مدينه كركوك، ص ٢٠٣.

(*) لە بنەڕەتدا ئەم ناوە (ماه جبين)ە، جایا لە ناو کوردەواریدا یا بە هۆی هەڵەی تۆماری نفووسەوە بەم جۆرە گۆڕاوە.

(١٤) کوڕانی فەقێ ڕەسوڵ و مەهجەمین ئەمانە بوون:
١ـ تاهیر کە بە لاوی کۆچی دوایی کردووە.
٢ـ عەبدولکەریم، (١٩٢٣ — ١٩٧٦) لە کۆیە دوکاندار بووە.
٣ـ حاجی، ساڵی (١٩٢٥) لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی (١٩٥٣) کۆلیجی ماف (حقوق)ی لە بەغدا تەواو کردووە. بە گوێرەی نەریتی وەزیفە و بەڕێوەبەرایەتی جاران، پلە و پۆستەکانی بڕیوە، لە سەرەتادا کاتب و لە پاشان بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق و دواتر دەبێتە قایمقام و ئەنجا موتسسەڕیفی سلێمانی. لە ئەنجامدا دەبێتە پشکێنەر لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق تاکو خانەنشین دەبێت و لە ساڵی (٢٠٠٥) دا کۆچی دوایی دەکات.

کچەکانی مەهجەمین و فەقێ ڕەسووڵیش ئەمانە بوون:
ـ کچی گەورەیان (ئامینە) شووی بە میرزا ئەفەندی کوڕی حاجی کەریمی کوڕی حاجی مستەفای ئاسنگەر کردووە. میرزا ئەفەندی لە ساڵی (١٩١٤ی زاینی) لەدایکبووە. کاتبی مەحکەمە بووە لە هەولێر و لە کەرکوك، خەباتگێڕێکی جەربەزەی کوردایەتی و کادیرێکی بە توانا و ناسراوی پارتی بووە، بەتایبەت لە ساڵانی سەرەتای خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبە، ساڵی (١٩٧٩) کۆچی دوایی کردووە، زانیاری زیاتر سەبارەت بە ژیان و خەبات و تێکۆشانی ئەم کەسایەتییە لەم سەرچاوانە هەیە:
ـ لە یادی خەباتگێڕێکی گومناوی کوردایەتی، لە یادی میرزافەندی عەبدولکەریم، مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژ (٤٨٣)، ٩/٩/١٩٩٣.
ـ گەشتی ژیانم، مەسعوود محەمەد، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
ـ الموظف الاداري والمناضل الوطني میرزا عبدالكريم، كريم شارەزا، جريدة (التأخي)، العدد (٤١١٥)، ١٢/١١/٢٠٠٣.

کچی دووەمیان کە (عائشە)بووە، شووی بە ئەفسەر (واحیدی حاجی مستەفا ئاغا) کردووە. زۆر لایەنی سەرنجڕاکێش و درەوشاوە لەژیان و کەسایەتی ئەو مرۆڤە بلیمەت و کورد پەروەرەدا هەبووە، ئەو جگەلەوەی لەڕێزی دەستەی یەکەمی ئەفسەرانی کورد بووە لە وێنەی تۆفیق وەهبی بەگ کە لە ئەستەمبول لە کۆلیجی سەربازیدا دەرچوون و چەندین وڵات و شوێن گەڕاوە و هەڵبەز و دابەزی زۆری چەشتووە.

کەسـایەتییەکی ڕوونـاکبیر و بەهرەمەنـد و ماندوونـەناس بـووە. لـەبواری هونـەر و ئـاواز و سـروود و گـۆرانی کـوردی و نۆتــە و مۆسـیقای ڕۆژئـاوایی هونـەروەرو کارامـە و شـارەزا بـووە. بـۆ یەکـەمجار نۆتـەی مۆسـیقا و ئـاواز و ئامێری ڕۆژئاوایی هێناوەتە کوردستان و چەندین هونەرمەند و کەسایەتی کـورد لەوێنـەی دکتـۆر ئـەوڕەحمانی حـاجی عەبـدوڵلا و ڕەفیـق چـالاك و مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەد و حەمدی ئەفەندی ئەمین ئاغا و.... کەسانی تر لەشاگردان و قوتابیەکانی ئەوبوون و لەسەردەستی ئەودا پێگەیشتوون.

بۆ ئاشنایی و شارەزایی زیاتر لەمـەڕ ژیـان و بەسـەرهات و سـەروەرییەکانی ئەم مرۆڤە بەهرەمەندە بگەڕێوە بۆ : لاپەڕەیەك لەمێـژووی مۆسـیقای کـوردی، د.خـدر مەعسـووم، ڕۆژنامـەی (کوردسـتانی نـوێ)، ژمـارە (٥٦)، ١١ ئـەیلوول ١٩٩٨، (چاپی دەرەوە).

ـ کۆیە.... ناودارانی، ل ٦٧–٧١.

(١٥) عوسمانییەکان بـۆ یەکـەمجار لـە سـاڵی (١٨٨٠)دا قوتابخانەیـەکیان لـە کۆیـە دروست کردووە هاوتاوی شارەکانی دیکەی عێراق لە وێنەی کەرکووك و مووسل و سـلێمانی، بـەڵام زۆری نەخایانـد داخـرا، ئـەنجا دووبـارە لـە سـاڵی (١٩٠٠) قوتابخانە لە کۆیەدا دەکرێتەوە. بگەڕێوە بۆ: مێژووی کۆیە، ل ١٨١.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

(١٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٣.

(*) وشەی (ڕەشبگیر) کە واتای (گشگیر) دەبەخشێت بـۆ یەکـەمجار لـە سـەردەمی جەنگی جیهانیدا هاتۆتە ناو فەرهەنگی کوردییەوە، بە هەمان شـێوەی (سـەفەر بەرلك) کە پاشگرەکەی تورکییە و لە کوردییـدا بۆتـە (سـەفەربەر)، ئـەویش لـە واتای گرتنی خەڵك و ڕاپێچکردنیان بۆ بەرەکانی جەنگەوە هاتووە، ئێستاش لە زمانی عەرەبیدا (تەسفیر) بۆ گواستنەوەی سەرباز و زیندانی لە شوێنێکەوە بـۆ شوێنێکی دیکە بەکار دەهێندرێت.

(١٨) یاداشت، ل ١٨.

(١٩) مێژووی کۆیە، ل ١١٨.

(٢٠) یاداشت، ل ١١.

(٢١) یاداشت، ل ١٢.

(٢٢) له بەرابیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە (حەبیبە)ە کچی یەکەمی مەلا خدر لە کەرکووك شوو بە قازی شاکر دەکات و پاش ماوەییەك کۆچی دوایی دەکات و کچێکی لەپاش بەجێ دەمێنێت، بۆیە حەبیبە خۆی و کچەکەی دەچنەوە پاڵ ماڵی دایك و براکانی. لە کاتێکدا (مەهجەمین)ی کچی دووەمی مەلا خدر لە کۆیە شووی کردبوو ماڵیشی هەر لەوێ بوو.

(٢٣) لە یاداشتەکانی د. خدر دا و لە بەدواداچوونێکی ورد و بەپێزدا، بۆ ئایندە و چارەنووسی هەرکام لە ئەندامانی گەورە و بچووکی ئەم خێزانە کە سەرەنجام لە تورکیا گیرساونەتەوە، درێژە بە باسەکەی دەدات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر هەندێ چەمك و لایەن کە ڕەنگە زۆر لە ئێمە مانان تاکو ئێستا ئاگاداری نەبووبین. ئەویش بەم شێوەیە دەڵێت: تاکو ئەمڕۆ پەیوەندی و دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی (محەمەد فنجانچی ئۆغلو) هەر ماوە و پارێزراوە، ئێمە سەردانمان کردوون و ئەوانیش بۆ سەردان هاتوونەتە کۆیە. بەداخەوە (محەمەد بێگ و ڕازیە) هەر دوو کۆچیان کردووە و نەماون، کوڕ و کچێکیان لە پاش بەجێماوە بە ناوەکانی (یەردەگوڵ و بەیان). چارەنووسی دوو کچەکەی دیکەی حەبیبە (سەبریە و کەریمە) بەم جۆرە کەوتۆتەوە:

- سەبریە: شوو بە پارێزەرێك دەکات بە ناوی (ماهیر ئەفەندی) و کوڕێکیان هەیە بە ناوی (عەلی ئۆزلەم).
- کەریمە: شوو بە (چەتین ئاڵتان) دەکات، چەتین ئاڵتان، پارێزەر و سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووسێکی گەورە و ناوێکی ناسراوە لە هەموو تورکیا، تاوەکو ئەمڕۆ لە ژیاندا ماوە و تەمەنی لە ژوور (٩٠)ساڵەوەیە. لەو وڵاتە بە (باوکی چەپ لە تورکیا) دەناسرێت، کەریمە و چەتین دوو ڕۆڵەی ناودار و ناسراویان هەیە:

١- محەمەد ئاڵتان: پسپۆر و پرۆفیسۆری زانستی سیاسەت (Politics)ە لە زانکۆی ئەستانبۆل، بە دەیان کتێب و سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی هەیە.

٢- ئەحمەد ئاڵتان: خاوەنی ڕۆژنامەی (تەرەف)ە، کە یەکێکە لە ڕۆژنامە ناسراوەکانی تورکیا. لەسەر ئەو وتار و بابەتانەی لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە دەینووسێت چەندین جار گیراوە، یان بانگکراوەتە بەردەم دادگاکان. ئەوەی زیاتر سەبارەت بە (ئەحمەد ئاڵتان) دەنگی داوەتەوە، ئەو وتارە ناودارەی بووە کە بە ناونیشانی (ئەتا کورد) بووە و لە ڕێکەوتی ١٩٩٥/٤/١٧، لە ڕۆژنامەی (میللییەت)ی تورکیدا بڵاوکراوەتەوە. ناوبراو لەسەر ئەو وتارەی هەم

لە ڕۆژنامەکە دەرکرا و هەمیش لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا درایە دادگا و حوکمی (٢٠) مانگ زیندانی بەسەردا سەپێندرا لەگەڵ غەرامەی (١٢) هەزار دۆلار. لە چەند بڕگەیەکی وتارەکەی ئەحمەد ئاڵتاندا هاتووە؛ چی دەبوو ئەگەر هات و (مستەفا ئەتا تورك) ژەنەراڵێك باو لە مووسڵ لە دایك بووبایە نەوەك لە سالۆنیکای (یۆنان)، ئەنجا بە هاوکاری کورد و تورك وڵاتەکەی خۆی ڕزگار کردبا و ناویشی نابا (کۆماری کوردیا) نەوەك (تورکیا)، کە خۆی ڕۆڵی سەرەکی لە دامەزراندنیا بینیوە؟، چی دەبوو ئەگەر لەو کاتەدا و لە ناو پەرلەماندا لە بری (ئەتا تورك) بە یاسایەك نازناوی (ئەتا کورد)یان پێ بەخشیبا؟ چی دەبوو ئەگەر دروشمی (پیرۆز بێت لەو کەسەی کە دەڵێ کوردم) لە بری دروشمی (پیرۆز بێت لەو کەسەی کە دەڵێ تورکم) لە هەموو شوێنێکی ئەستانبۆڵ هەڵبواسرایە؟ چی دەبوو ئەگەر گوترابا لە (کوردیا)دا گەلێك بە ناوی (تورك) لە ئارادا نییە، زمانی تورکی قەدەغەیە...)، لەو وتارەیدا ئاڵتان هەموو مەسەلەکانی تایبەت بە (تورك)ی ئاوەژوو کردۆتەوە و کوردی لە شوێنەکەی داناوە، تا ئەوەی دەڵێت: چی دەبوو ئەگەر لە شەڕی چەکداری تورکەکان لە دژی کۆماری کوردیا ناوی چەکدارە تورکەکان بە تیرۆریست هاتبا... تاد)

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە دەقی ئەم وتارە بگەڕێوە بۆ:

http://kato.iki.Fi/kato/atakurd.hutml

(٢٤) ئەحمەد عوسمان یەکەمین موتەسسەریفی لیوای هەولێر بووە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، لە نێوان ١٩٢٣/٣/١ تاوەکو ١٩٢٧/٤/١. بڕوانە:

- اربيل (هەولێر) بين الماضي و الحاضر، اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محافظة اربيل، مطبعة دارالكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٠.

(٢٥) یاداشت، ل ١٦.

(٢٦) لەو باس و لێکۆڵینەوەیەدا کە پرۆفیسۆر د. جەمال محەمەد فەقێ ڕەسووڵ نووسیویەتی بە ناونیشانی؛ "أثر الاجازة العلمية في الترابط الروحي بين المجيز والمجاز وابنائهما (جلي زاده و هورامي زاده) في كويه نموذجا"، ئاماژە بە زۆر لایەنی دەگمەن و ناوێزەی ئەو دوو ئیجازە نامەیە کراوە، کە مەلا خدری هەورامی و مەلا مەعسووم لە مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و مەلای گەورەیان وەرگرتووە، کە هەر دوولایان باوك و کوڕ بوون.

وەکو بەدیار دەکەوێت گەلێك خاڵی بەهێز و ناوازە لەو دوو ئیجازەنامەیەدا هەن کە بە پلەی یەکەم بە مەبەستی قەدردانی و لە پاشان بۆ ڕادەی توانا و بلیمەتی خوێندکارەکان دەگەڕێتەوە. مامۆستای بەڕێز پرۆفیسۆر د. جەمال لەو باسەدا زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی زانستی خوێندنەوەی بۆ هەر دوو ئیجازەنامەکە کردووە و هەڵوەستەی لەسەر خاڵە گرینگ و تایبەتمەند و جیاوازەکان کردۆتەوە کە لە ئیجازەنامەکانی دیکەی لەو شێوەیە جیایان دەکاتەوە. بگەڕێوە بۆ:

ـ أثر الاجازة العلمية....

(٢٧) یاداشت، ل ١٧.

(٢٨) أثر الاجازة العلمية، ص ٣٣.

(٢٩) گەشتی ژیانم، ل ٢٨٥.

(٣٠) محمد بن عبدالله الجلي، ص ١٢٦.

(٣١) جريدة الاتحاد، العدد ١٧٥، ص ٥.

ـ دەقی وتارەکەی مەسعوود محەمەد کە لە ڕۆژنامەی ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە بە زمانی عەرەبییە. ئێمە لێرەدا هەندێ برگەمان وەك خۆی هێناوەتەوە، چونکێ لەو باوەڕەدا بووین تام و چێژی ئەم برگانە لە کاتی وەرگێڕانیدا لە بەین دەچوو، بەتایبەت ئەم شێوازە توکمە و بەپێزەی نووسەر کە وتارەکەی پێدارشتووە.

(*) ئامینە خان (١٩١٠–١٩٩٠) کچی حاجی ئاغا مستەفا کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا ڕەسوڵ، یەکێ بوون لە خێزانە ناودارەکانی کۆیە و لە ساڵی ١٩٢٨دا شووی بە مەلا مەعسوم کردووە. ئاغا محەمەدی باپیری ئامینەخان کونسولی دەوڵەتی عوسمانی بووە لە تەورێز، زیاتر لە خێزانێکی مەلازادە بوون و ئەو نازناوی ئاغایەش لە ئێران بەسەریاندا براوە بۆیە کەوتۆتە پێش ناوەکانیان. خێزانی ئاغا محەمەد ناوی حەبیبە و خەڵکی سلێمانی بووە، (پووری ئەفسەری ناوداری کورد ماجد مستەفا بووە، ماجد مستەفا خۆیشی دەبێتە خاڵی سیاسەتمەدار و ئەفسەری ناسراوی کورد فوئاد عارف).

ئاغا محەمەد و حەبیبە خان دوو کوڕ و سێ کچیان بوون (مستەفا، ئەمین، گوڵچین، هەیبەت، زبێدە). ئەمین بەلاوی وەفاتی کردووە، تەنیا کوڕ مستەفا

دەمێنێتەوە، کە لەپاشان بە ئاغا مستەفا و لەپاش حەجکردنیشی بە حاجی ئاغا مستەفا دەناسرێت.

ئاغا مستەفا خەریکی بازرگانی بووە لەنێوان هندستان و تەورێز و موسڵ و بەغدا، یەکێ بووە لە بازرگانە دەستڕۆیشتووەکانی کۆیە، لەدوای خۆی ماڵو موڵکێکی زۆری لە کۆیە و بیتوێن و خۆشناوەتی بەجێهێشتووە، پیاوێکی زیرەك و بەتوانا بووە و زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و هیندی زانیوە و لە ساڵی ١٩٣٥دا وەفاتی کردووە.

حەوت کوڕی هەبوون، عەبدولواحید، عەلائەددین، زاهیر، عەبدولحەمید، فائق، تاهیر و خالید، ئەم دوو کوڕەی دوایی بەلاوی وەفاتیان کردووە. لەگەڵ دوو کچ، کە یەکێکیان (ئامینە خانی) خێزانی مەلا مەعسوم و دووەمیان (بەدیعە خانی) خێزانی (حاجی عەبدولڕەحمان) بوون.

(٣٢ ) أثر الاجازة العلمية، ص ٣٣.

(٣٣) المصدر السابق، ص ٣٤.

(٣٤) نفس المصدر، ص ٣٥.

(٣٥) مەلای گەورە لەسەر داخوازی ئەو مەلا بەڕێزانە، کە هەمووشیان لە بنەڕەتدا خوێندکاری خۆی بوون و بریتی بوون لە (مەلا مەعسومی هەورامی، مەلا قادری کانی دەربەندی، مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم و مەسعوود محەمەد) لە ساڵی (١٩٣٣)دا دەستدەکات بە نووسینی تەفسیرەکەی و لە ساڵی (١٩٤٣)دا تەواو دەبێت و ناوی دەنێت (تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی). هەندێك لە بەشەکانی بە قەڵەمی خۆی و هەندێکی بە قەڵەمی مەلا مەعسوم نووسراوەتەوە. سێ بەرگی یەکەمی لەلایەن (نەجیبە خانی کچی مەلای گەورە) لە ساڵانی (١٩٦٨ — ١٩٧٠) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. تا ئەوەی دوایە لە ساڵی (١٩٦٩) لێژنەیەك پێکدەهێندرێت بۆ پاکنووس کردن و ڕێکخستنەوە و ئامادەکردنی سەرجەم بەشەکانی بۆ چاپ. کاری لێژنەکەش (١٠) ساڵ دەخایەنێ و لە ساڵی (١٩٨١) دا تەواو دەبێ، دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵێك (١٩٧٣ — ١٩٧٦) دەوەستێت.

بە پێی بۆچوونی شارەزایان ئەم تەفسیرە بەیەکەم تەفسیری زانستیی قورئانی پیرۆز دادەنرێت لە زمانی کوردیدا. لە ئەنجامدا بە هەوڵ و کۆششی

دڵسۆزان و لەسەر ئەرکی بەڕێز مام جەلال، لە ساڵی (٢٠٠٩) لە (١٠) بەرگدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بگەڕێوە بۆ:

تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خواوەندی، مەلای گەورە، ب ١، ل ٨–١٠.

(٣٦) یاداشت، ل ٢٢.

- د. خدر لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێت: مەلا مستەفای بارزانی ئەم مەسەلەیەی پێگەیشتبوو، لە پاشان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤارێکی میسری کەوا بزانم (روز الیوسف) بوو، ئاماژەی بۆ ئەو ڕەفتارە ناشایستەیەی موتەسسەریف کردبوو، ئەنجا گوتبووی دەبێ سزای ئەو کارەی لێ بسەندرێتەوە. ئەوە بوو بە دەرەدین عەلی لە ساڵی (١٩٦٤) لە بەغدا و لە بەردەمی ماڵەکەیدا لەلایەن شۆڕشی کوردەوە دەکوژرێت.

لە پاشان لە دیدارێکی دکتۆر فوئاد لەگەڵ بارزانیدا پێی گوتبوو، بەداخەوە مەلا مەعسووم لە ژیاندا نەماوە هەتا بزانێت چۆن تۆڵەم بۆ وەرگرتەوە.

(٣٧) حاجی قار کۆیی، بەشی دووەم، ل ١١٢.

(٣٨) حاجی قار کۆیی، بەشی یەکەم، ل ١٩٦.

(٣٩) یاداشت، ل ٢٤.

- ساڵی (١٩٦٣) کە بۆ یەکەمجار حیزبی بەعس لە عێراق هاتنە سەرکار، هێزەکانی عەشایەری عەرەب و کورد، ئەوانەی کە دابوویانە پاڵ حکومەت، لە یەکە و هێزی چەکدار و نیمچە ڕەسمیدا ڕێکخستبوو، بە چەکدارە عەربەکان دەگوترا (فرسان خالید بن الولید)، هێزە چەکدارە کوردەکانیشیان ناو نابوو (فرسان صلاح الدین).

(٤٠) أثر الاجازة العلمية، ص ٣٥.

(*) د. خدر دەڵێت: پلکە بەدیعەم و خێزانەکەیان، کە دەیانزانی باوکم کتێبەکانی چەند لا خۆشەویستە، بەناوی بەشداریکردن لە تاڵان لەگەڵ ئەو خەڵکەوە خۆیان گەیاندبووە ماڵەکەمان و توانیبوویان هەندێ لە کتێبەکان دەربازکەن، بەڵام بەهۆی نەشارەزایی لە نرخ و بەهای ئەو کتێبانە، چووبوون کامەیان بەرگی جوان و کتێبێکی پۆشتە و پەرداخە سەرەتا ئەوانیان دەرباز کردبوو بەو حسابەی ئەوان لە کتێبە دەستخەت و پەڕ زەرد و پەرپووتەکان بەهادارترن!

(**) د. خدر لەو بارەوە دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی کەوا ئێمە کوڕانی مەلا مەعسوم هیچ کامێکمان ئەو ڕێباز و مەسلەکەی مەلایەتیمان نەگرتووە کە باوو باپیرانمان

لەسـەری ڕۆیشـتبوون، بـەڵام وەکـو میراتـی دەیـان پشـتی بـاوکو باپیرانمـان پەیوەندییەکانمان لە ڕێگای ئەم کتێبانەوە هەر مابوو.

لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مەسعوود محەمەد، د. فوئاد ڕووی تێدەکا و دەڵێـت، باپیرم لەلای باپیرت و بـاکم لای باوکـت ئیجـازەی وەرگرتـووە. ئەگـەر ئێمـەش هـەردووڵا لەسـەر ئـەو ڕێبـازە مابـاین دەبووایـە منـیش لـەلای جـەنابت ئیجـازە وەربگـرم. مەسـعوود محەمـەد بـۆ شـۆخی دەڵێـت: جـا خـۆ نەچـووە بچێت، دەعوەتێك سازکە و مەجلیسێك پێکەوە بنێ، منیش بە نـۆرەی خـۆم ئیجـازەت دەدەمێ.

(٤١) حسابی ئەبجەد: جۆرە ژمارە و حیسابێکە کـە لەسـەر بنـەمای سـوودوەرگرتن لـە ئـەلفوبێی عـەرەبی بنیـاتنراوە بـەجۆرە ریزکردنێـك کـە لـە هەشـت رسـتە پێکهاتووە بەم شێوەیە: (ابجد، هـوز، حطـي، کلمـن، سـعفص، قرشـت، ثخـذ، ضظغ) کەوا هەر پیتێك ژمارە و نرخێکی تایبەتی هەیە، وەك ئەوەی (نۆ) پیتی یەکەم لە خانەی (یەکان) و (نۆ) پیتـی دواتـر لەخانـەی (دەیـان) و (نـۆ) پیتـی دوایی لەخانەی (سەدان) و پیتـی کۆتـایی (غ) لـە بەرابـەر (١٠٠٠) دەژمێردرێت بەمجۆرە:

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکان | أ | ب | ج | د | هـ | و | ز | ح | ط |
| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
| دەیان | ی | ك | ل | م | ن | س | ع | ف | ص |
| | ١٠ | ٢٠ | ٣٠ | ٤٠ | ٥٠ | ٦٠ | ٧٠ | ٧٠ | ٩٠ |
| سەدان | ق | ر | ش | ت | ث | خ | ذ | ض | ظ |
| | ١٠٠ | ٢٠٠ | ٣٠٠ | ٤٠٠ | ٥٠٠ | ٦٠٠ | ٧٠٠ | ٧٠٠ | ٩٠٠ |
| هەزار | غ | | | | | | | | |
| | ١٠٠٠ | | | | | | | | |

ئەنجا لـەکاتی کۆکردنـەوەی ژمـارەی نرخـی پیتـەکان بـەگوێرەی دارشـتنی پیتەکان لە وشە و رستەی تایبەتیدا، ژمارەیەکمان بۆ دەردەچێت، کە ئاماژەیە بۆ ساڵ و مێژوویێك (مادە تاریخێك) کە بریتییە لە مێـژوو و ڕێکـەوتی ڕووداوێـك، یـاخود وەفـاتو ماڵئـاوایی کەسـایەتی و ناودارێـك. ئـەم جـۆرەی هۆنینــەوە و دەستنیشـــانکردنی مێـــژووی ڕووداوەکـــان لـــە وشـــەیەك یـــاخود ڕســـتە و دەستەواژەیەکدا، کە هەندێکجار دەخرێتـە چوارچـێوەی نیـوەدێرێکی شـعر بـۆ لەبەرکردن و لەبیرمانەوە ئاسانترە لـە خـودی مێژووەکـە بـەژمارە، کـە زۆرجـار لـەبیری مرۆڤـدا ژمـارە و مێـژووەکان دەئـاڵۆزکێن .ئـەم کـارە خـۆی لەخۆیـدا پێویستی بەجۆرێك لە بلیمەتی و وردبینی هەیە کە لەسـەر بنەمایـەکی بیرکـاری وەستاوە. شاعیر و نوسەران بۆ تۆمارکردنی مێژووی ڕووداوێك،لەزۆر باریشدا بە مەبەستی تۆمارکردنی مێژووی کۆچی دوایی کەسـایەتی و ناودارێـك پـەنایان بـۆ ئەم جۆرە هونەرە بردووە، مـەرجیش ئەوەیـە لـە نووسـینی وشـە و ڕسـتەکاندا پێڕەوی لە ڕێنوسی عەرەبی بکرێـت، کـە لـە نووسـینی کۆنـدا هـەر ئـەم جـۆرە ڕێنووسـە پێڕەوکـراوە. (نـالی) لـە شـیعرە ماتەمنامـە ناودارەکەیـدا (تـا فەلـەك دەوری نەدا صەد کەوکەبی ئاوانەبوو...) کـە بـۆ شـیوەن و ستایشـی (سـلێمان پاشــای بابــان)ی نووســیوە، مێــژووی کۆچــی دوایــی نــاوبراوی بــەمجۆرە تۆمارکردووە:

**شــاهی جــەم جا (نالیـا) (تاریـخ جـم) تەئــریخییە**
**دا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو**

لێرەدا مێژووی مردنی سلێمان پاشا بە حیسابی ئەبجەد بریتییە لە ڕسـتەی (تـاریخ جم) کە دەکاتە ساڵی (١٢٥٤)ی کۆچی بەم شێوەیە:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ت | ا | ر | ی | خ | ج | م | |
| ٤٠٠ + | ١ + | ٢٠٠ + | ١٠ + | ٦٠٠ + | ٣ + | ٤٠ | = ١٢٥٤ |

وەکو چۆن مێژووی کۆچی دوایی (مـەولانا خالیـدی نەقشـبەند) بـە وشـەی (مغـرب) لێکدراوەتەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| م | غ | ر | ب | |
| ٤٠ + | ١٠٠٠ + | ٢٠٠ + | ٢ | = ١٢٤٢ کۆچی |

هـەروەها (ناصـح حەیـدەری) شـاعیر لـە دیوانەکەیـدا (دیـوانی حەیـدەری) مێـژووی کۆچـی دوایـی کۆمـەڵێك لـە زانـا و کەسـایەتی و نـاودارانی کـوردی بـە حیسابی ئەبجەد و بە شیعر تۆمارکردووە، کەوا لێرەدا دوو نموونەیان دەخەینـە بەرچاو:

١- مێژووی کۆچی دوایی شەیخولئیسلام ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری:

**بەدری بورجی خانەدانی عیلمی گوندی ماوەران**

**(رویـی آوابـوو، لجنـات النعیـم بو جانشـین)**

ئەم نیوە دێـرەی دوایـی بـە حیسـابی ئەبجـەد لـە بەرابـەر سـاڵی (١٣٤٩)ی کۆچـی دەوەستێ، بەم شێوەیە:

| رویی | آوابوو | لجنات | النعیم | بو جانشین |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ٢٠٠ | ١ | ٣٠ | ١ | ٣ |
| ٦ | ٦ | ٣ | ٣٠ | ١ |
| ١٠ | ١ | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| ١٠ | ٢ | ١ | ٧٠ | ٣٠٠ |
| | ٦ | ٤٠٠ | ١٠ | ١٠ |
| | | | ٤٠ | ٥٠ |
| | | | ٢ | |
| | | | ٦ | |
| ٢٢٦ + | ١٦ + | ٢٨٤ + | ٢٠٩ + | ٤١٤ = ١٣٤٩ |

٢- مێژووی کۆچی دوایی (حاجی محەمـەد ئەحمـەد حـەداد) بـاوکی خوالێخۆشـبوو (د.عەبـدوڵڵا حـەداد)، کـە جارێکیـان بـە سـاڵی کۆچـی و جارێکیـان بەسـاڵی زاینییە:

أ/ **(غفر الله لـــه) تەئریخـــی وەفاتـــــی بوو بـــــەڵام:**

**کە ئیزافەی کەی بەسەریا حەرفی (ها) و (یا) و(جیم)**

واتە کۆی بەهای ڕستەی (غفرالله لە) + هـ+ ی+ ج = ١٣٩٩ کۆچی.

ب/ **گویم لە هاتیف بوو کە ڕەحمی پێکرد (الله الصمد)**

**(رویــی بوخلد واز در آنجــا جانشست بـــو تا أبد)** = ١٩٧٩ زایینی

زانیاری پتر لەم بارەیەوە لەم سەرچاوانەدا هەیە:

- لغت نامه، علی اکبر دهخدا، جلد ششمم، مؤسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، چاپ دوم، ١٣٧٧

- پەڕاوی محازەرەکانی زمان و ئەدەبی کوردی (کوردۆلۆجی)، د.عەبدوڵڵا حەداد، کۆلیجی ماف، قۆناغی یەکەم، ساڵی ١٩٩٢.

- دیوانی حەیدەری، ناصیح حەیدەری، ئامادەکردنی : شێروان حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٩.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


١ـ حاجی قادری کۆیی، مەسعوود محەمەد، بەشی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣.
٢ـ حاجی قادری کۆیی، مەسعوود محەمەد، بەشی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٤.
٣ـ کۆیە... ناودارانی، عەبدولخالق عەلائەدین، کوردستان، ٢٠١٤.
٤ـ گەشتی ژیانم، مەسعوود محەمەد، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
٥ـ مێژووی کۆیە، طاهر احمد حوێزی، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤.
٦ـ یاداشت، د. خدر مەعسوم، ڕەشنووس، کۆیە، ٢٠١٣.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

٧ـ أثر الاجازة العلمية في الترابط الروحي بين المجيز و المجاز و ابنائهما، (جلي زاده و هورامي زاده) في كويه نموذجاً، مجلة جامعة كويه، العدد (١٢)، ٢٠٠٩.
٨ـ جريدة الاتحاد، العدد (١٧٥)، ١٩٩٠.
٩ـ كنوزالكرد في خزائن دار المخطوطات العراقية، محمد علي القرداغي، ج١، ط١، السليمانية، ٢٠١٣.
١٠ـ محمد بن عبدالله الجلي (مەلای گەورە) و جهودة العلمية، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠٠٦.
١١ـ مدينة كركوك، گوران فتحي، ت: كمال غمبار، اربيل، ٢٠١٣.
١٢ـ هوية كركوك الثقافية و الادارية، محمد علي القرداغي، طبع موسسة ئاراس، اربيل، ٢٠٠٨.

# پاشکۆکان

### ١- دەقی ئیجازە نامەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە
### بۆ مەلا خدری هەورامی:



صورت

اجازەنامەی باوکم مەلا خضر هەورامی ملقب


بە مخفی کە وەقتی خوی لە مرحوم حاجی

ملا عبداللە جلی زادەی

گرتووە

لەسەر مسودەی کە خطی مەلا عبداللە بە دەستخطی خوی نووسیویەتەوە

نووسراوەتەوە


بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين

الحمد لله الذي انار اعلام العلم على منار التوفيق وهدى من شاء من عباده الى
صوب العمل نحو التدبر على التحقيق واعرب لطلابه بالمنطق الفصيح والبيان البليغ
المعرب عن المعاني بديع التدقيق فاحكموا احكام المسائل بقواطع الحجج وسواطع
الدلائل على وفق ما اقتضته الحال المعتبرة وطبق الحكمة المطبقة على القواعد المقررة
المقررة احسن تطبيق فاضحى لطف اشاراتهم شفاء عن اسقام الجهل
الوخيم بالاسلوب الحكيم والترتيب الرشيق وغدت منيف عباراتهم
ممهدة للقواعد والاصول بادلة المعقول والمنقول والنظر الدقيق والصلوة
والسلام على الحقيقة الجامعة والنعمة الناجعة والرحمة الواسعة مكمل الكل
في الكل سيد الانبياء والرسل محمد الرؤوف الرحيم الشفيق وعلى آله و
اصحابه الكاملين المكملين المتمسكين بالعروة الوثقى والحبل الوثيق
اما بعد فيقول المعتصم بلطف الله العلي عبد الله بن محمد اسعد الحلبي بعد التمسك
بالايات البينات يا ايها الذين آمنوا اوفوا بالعقود واوفوا بعهد الله اذا عاهدتم
ولا تنقضوا الايمان بعد توكيدها وقد جعلتم الله عليكم كفيلا ان الله يعلم ما تفعلون ان
الذين يبايعونك انما يبايعون الله يد الله فوق ايديهم فمن نكث فانما ينكث على نفسه
ومن اوفى بما عاهد عليه الله فسيؤتيه اجرا عظيما ان العلم علم تدوين
من شيء الوضع واساس عزة موضوع لا يرتفع من اعتنى به لا يبدل

ومن كثر به لا يقل ومن سعد به لا يشقى ومن استهل به لا يخفى
طالبه مطلوب وراغبه مرغوب ومحبه محبوب وقاصده مقصود
وحامده محمود وحاسده محسود معينه معان ومهينه مهان
ولو كان صاحب الزمان وانه من اهتدى بنور الله الى الصعود في
درج هذه المرتبة وتجلى عليه نجم السعود في رصد هذه المفخرة
ناقل الوثيقة وحامل النميقة فائز حقائق العلوم والمعارف
وحائز دقائق الرسوم واللطائف العالم العامل والفاضل
الكامل [illegible] ولدي القلبي وفتاي اللبي الاخ الحفي الوفي
الملاحظ الشهير بالحفني جعله الله تعالى من حزبه المفلحين و
امده بالعطف في الدنيا والدين فانه قد بذل شطرا من ايام حياته
وصرف نضرة ريعان عمره نحو اقتناص شوارد الرسوم العقلية
واقتناء فوائد العلوم النقلية وصاحبنا مدة مديدة ولازمنا
اعواما عديدة وقرأ عندنا كتبا معتبرة مطولة ومختصرة وحقق
لدينا انه من الفضل على جانب عظيم فحقيق لان ينخرط ابناء الطلبة
في سلك آباء التعليم فعاهدناه على التقوى الخالصة لله تعالى
بالايقان وعلى دوام ذكره في السر والاعلان وعلى القيام بقواعد
الاسلام وحقوق المسلمين وان يسلم المسلمون من يده و

لسانه وان يتبع شيئا بعينه سنن المرسلين وان لا ينكر على احد من
الاولياء العارفين وان يطعم الطعام ويصل الارحام ويفشي
السلام ويصلي بالليل والناس نيام وان لا يترك قراءة القرآن
ووعظ المؤمنين وهذه الشروط اخذت علينا وعهدت الينا
من مشايخنا المتقدمين فاجزت المريد بتدريس العلوم النقلية و
تفسير الرسوم العقلية كما اجازني والدي واستاذي ومن
اليه استنادي اصلح العلماء واعلم الصلحاء صاحب الاخلاق المرضية
المجاور بالكعبة الشريفة البهية جار بيت الله مولانا الحاج
كاك محمد اسعد رحمه الله العلي باجازته عن شيخه المنور قلبه بالنور
الرباني صاحب الاشارات الجلي والكمالات سلطان العلماء عبد الرحمن
افندي الروزبهاني قدس سره النوراني عن استاذه زبدة
المتقدمين وامام المتأخرين صبغة الله افندي الماوراني عن
استاذه والده الماجد ذي المآثر والمحامد مصطفى افندي الزيباري
عليه رحمة الباري عن استاذه العلامة الحبر البحر الفهامة صبغة
افندي الصفوي الحسين آبادي عليه رحمة الهادي عن والده ذي
الفاضل الجليل والاثار العلية ابراهيم بن حيدر عن والده صاحب
التصنيفات الفائقة والتأليفات الرائقة حيدر بن احمد عن

والده خاتمة المتأخرين قدس سره الشيخ احمد بن حيدر عن والده
الاعلم الافضل حيدر الاول وهو تلميذ شيخ الاسلام والمسلمين
مولانا زين الدين الكردي البلاني تلميذ نصر الله الخلخالي تلميذ
مولانا ميرزاجان تلميذ خواجه جمال الدين محمود الشيرازي تلميذ
المولى المحقق جلال الملة والدين محمد بن اسعد الصديقي الدواني
تلميذ والده العالم الرباني اسعد الصديقي الدواني تلميذ العلامة
المحقق والفهامة المدقق السيد الشريف علي الجرجاني قدس سره
تلميذ مبارك شاه البخاري تلميذ القطب الرازي تلميذ العلامة
الشيرازي تلميذ الكاتب القزويني تلميذ الامام فخر الدين الرازي
تلميذ الامام حجة الاسلام مفتي الثقلين محمد الغزالي تلميذ امام
الحرمين عبد الملك ابي المعالي تلميذ الشيخ ابي طالب المكي وهو
اخذ العلم والانابة والارادة ولبس الخرقة من ابي عثمان المغربي وهو
من ابي عمرو الزجاج وهو من برهان الملة والدين سلطان الحقيقة
واليقين سيد الطائفتين ابي القاسم الجنيد البغدادي وهو
من خاله ابي الحسن الشيخ السري السقطي وهو من تاج الاولياء
الواصل لله العارف بالله الشيخ معروف الكرخي وهو من الامام
المرتضى الامام علي الرضا وهو من ابيه غرة ناصية الاعاظم

الامام موسى الكاظم وهو من اسير كاشف اسرار الحقائق الامام
جعفر الصادق وهو من اسير جامع المفاخر الامام محمد الباقر و
هو من اسير عين اعيان الزاهدين الامام علي زين العابدين و
هو من اسير امام الائمة السعداء سيد شباب اهل الجنة قرط
اذن عرش الرحمن الامام حسين سيد الشهداء وهو من
اسير الامام الهمام الليث المقدام غوث المحققين ويعسوب
الموحدين سراج الملة والدين شمس العالمين وبدر
العارفين الشارب من كأس اليقين علي ابن ابي طالب القرشي
الهاشمي كرم الله وجهه وهو من حضرة درة صدف الموجود
صاحب المقام المحمود والحوض المورود واللواء المعقود الكنز
المطلسم خليفة الله الاعظم رابطة تعلق الحدوث بالقدم سر
سجود الاملاك لابينا آدم المخاطب بلولاك لولاك لما خلقت الافلاك
معدن الصدق والصفا سيدنا ابي القاسم محمد المصطفى صلى الله
عليه وسلم وهو من طاووس الملائكة المقربين رئيس الحافين و
الصافين والكروبين حامل الوحي الى الانبياء والمرسلين مولانا
جبريل الامين وهو من الملك القدوس السلام المؤمن المهيمن
العزيز الجبار المتكبر الرزاق الخالق البارئ المصور حضرة الله

جل مولاه وعم نواله اللهم اجعل هذه الايادي متصلة بحبلك المتين الذي

لا ينقطع ومحصنة بحصنك الحصين الذي لا يتصدع وافض علينا من

بركاتهم واسلك بنا مسلك كراماتهم واجعل هذا العهد مقربا

اليك ووسيلة لديك عند الوقوف بين يديك اللهم اني اسألك

بحقهم ان تمد لنا في العيش مدا وتمهد لنا في قلوب اوليائك ودا

وتقضي عنا الحقوق والديون ولا تكلنا الى انفسنا طرفة عين وان

ترزقنا الانابة وحسن اليقين وتدخلنا برحمتك في عبادك الصالحين

وترفع العلم والعلماء والشريعة المطهرة الغراء ولا تحوجهم الى الجهلاء

وتغنيهم بفضلك واحسانك عن الاغنياء وتزيل خط الظلم في صحف

قلوب الامراء وتنصر الاسلام والمسلمين وتسد ثغور بلاد

الموحدين وتعلي كلمة الحق والدين بدوام ايام عبدك

ابن عبدك خادم حرمك وحرم نبيك

السلطان عبد الحميد خان ابن السلطان

عبد المجيد خان حفظه

نشره الرحمن آمين

هذا ما حررته بقلمي ونطقت به بفمي وانا الحقير خادم العلماء

جليل زاده عبد الله يوم الخميس ثامن عشر من

شهر صفر الخير سنة ١٣٠١

## ١- نصّ اجازة العلامة عبدالله الجلي لتلميذه ملاخضر الهورامي

### بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد الله الذي أنار عَلَمَ العلم على منار التوفيق، وهدى من شاء من عباده الى صرف العمر نحو اكتسابه على التحقيق، وإعرابه لطلابه بالمنطق الفصيح، والبيان البليغ المعرب عن المعاني ببديع التدقيق، فأحكموا أحكام المسائل بقواطع الحجج وسواطع الدلائل على وفق ماااقتضته الحال المعتبرة، وطبق الحكمة المطبقة على القواعد الدينية المقدَّرة أحسن تطبيق.

فأضحى لطف إشاراتهم شفاء عن أقسام أسقام الجهل الوخيم بالأسلوب الحكيم، والترتيب الرشيق، وغدامنيف عباراتهم ممهِّدَة للقواعد والأصول بأدلة المعقول والمنقول والنظر الدقيق.

والصلاة والسلام على الحقيقة الجامعة، والنعمة النافعة، والرحمة الواسعة، مكمِّل الكلّ في الكل، سيدالانبياء والرسل، محمد الرؤف الرحيم الشفيق، وعلى آله واصحابه الكاملين المكمِّلين، المتمسكين بالعروة الوثقى والحبل الوثيق.

أمابعد: فيقول المعتصم بلطف الله العلى، عبدالله بن محمد أسعد الجلي، بعد التمسك بالآيات البينات: (ياأيها الذين آمنوا أوفوا بالعقود)، (وأوفوا بعهد الله إذا عاهدتم ولا تنقضوا الايمان بعد توكيدها وقد جعلتم الله عليكم كفيلاً أن الله يعلم ماتفعلون)، (إن الذين يبايعونك إنما يبايعون الله يد الله فوق أيديهم فمن نكث فإنما ينكث على نفسه ومن أوفى بما عاهد عليه الله فسيؤتيه أجراً عظيماً).

أن العلم قدره مرفوع لايوضع، ومن سعد به لايشقى، ومن اشتهر به لايخفى، طالبه مطلوب، وراغبه مرغوب، ومحبُّه محبوب، قاصده مقصود، وحامده محمود، وحاسده محسود، مُعينه مُعَانٌ، ومهينه مهان، ولو كان صاحب الزمان.

وان ممن اهتدى بنور الله الى الصعود في درج هذه المرتبة، وتَجَلَّى عليه نجم السعود في رصد هذه المنقبة، ناقل الوثيقة، وحامل النميقة فائز حقائق العلوم والمعارف، وحائز دقائق الرسوم واللطائف، العالم العامل، والفاضل الكامل، ولدى القلبي، وفتاي اللَّبيِّ، الأخ الحفيّ، الوفي، الملاّخضر الشهير بالمخفي، جعله الله تعالى من حزبه المفلحين، وامدّه بالغناء في الدنيا والدين، فانه قد بذل شطراً من أيام دهره، وصرف معظم ريعان عمره، نحو اقتناص شوارد الرسوم العقلية، واقتناء فوائد العلوم النقلية.

وصاحبنا مدّة مديدة، ولازمنا أعواما عديدة، وقرأ عندنا كتبا معتبرة، مطوَّله ومختصرة، وتحقق لدينا انه من الفضل على جانب عظيم، وحقيق لان تدخله أبناء الطلبة في سلسلة آباء التعليم، فعاهدناه على: التوبة الخالصة لله تعالى بالإيقان، ودوام ذكره في السرِّ والإعلان، وعلى القيام بقواعد الإسلام، وحقوق المسلمين، وان يسلم المسلمون من يده ولسانه، وان يتبع شريعة سيد المرسلين، وان لاينكر على احد من الأولياء العارفين، وان يطعم الطعام، ويصل الأرحام، ويفشي السلام، ويصلي بالليل والناس نيام، وان لا يترك قراءة القران ووعظ المؤمنين وهذه الشروط اُخذَتْ علينا، وعُهِدَت إلينا من مشايخنا المتقدمين، فأجزنا له بتدريس العلوم النقلية، وتقرير الرسوم العقلية كما أجازني والدي وأستاذي، ومن إليه استنادى أصلح العلماء، وأعلم الصلحاء، صاحب الأخلاق المرضية، والمجاور بالكعبة الشريفة البهية جار بيت الله مولانا الحاج كاك محمد اسعد الجلي، رحمه الله العليّ بإجازته عن شيخه المنوَّر قلبه بالنور الرباني، صاحب الاشارات والمعاني، سلطان العلماء، عبد الرحمن أفندي الروزبهاني قدس سره النوراني عن أستاذه، رديف المتقدمين، وإمام المتأخرين صبغة الله افندى الماوراني عن أستاذه، والده الماجد، ذي المأثر والمحامد، مصطفى افندي الزياري، عليه رحمة

الباري عن أستاذه العلامة الحبر، البحر الفهَّامة، صبغة الله افندى الصفوي الحسين آبادي، عليه رحمة الهادي عن والده ذي المفاخر الجلية، والآثار العلية: ابراهيم بن حيدر، عن والده صاحب الصفات الفائقة، والتأليفات الرائعة: حيدر بن احمد، عن والده خاتمة المتأخرين وزبدة المتبحرين، احمد بن حيدر، عن والده الأعلم الأفضل حيدر الأول وهو تلميذ شيخ الإسلام والمسلمين، مولانا زين الدين الكردي البلاتي، تلميذ نصرالله الخلخالي، تلميذ مولانا ميرزاجان تلميذ خواجه جمال الدين محمود الشيرازي، تلميذ المولى المحقق جلال الملة والدين، محمد بن اسعد الصديقي الدوَّاني، تلميذ والده العالم الرَّباني اسعد الصديقي الدواني تلميذ العلامة المحقق والفهامة المدقق السيد شريف الجرجاني قدس سره، تلميذ مبارك شاه المغربي، تلميذ القطب الرازي تلميذ العلامة الشيرازي، تلميذ الكاتب القزويني، تلميذ الإمام فخرالدين الرازي، تلميذ الإمام حجة الإسلام مفتي الثقلين محمد الغزالي.

تلميذ امام الحرمين عبدالملك أبي المعالي، تلميذ أبي طالب المكي، وهو اخذ العلم والانابة، والإرادة، وليس الخرقة من ابي عثمان المغربي، وهو من أبي عمرو الزجاج، وهو من برهان الملّة والدين سلطان الحقيقة واليقين، سيد الطائفتين أبي القاسم الجنيد البغدادي وهو من خاله أبي الحسين الشيخ السقطي.

وهو من تاج الأولياء الواله لله العارف بالله معروف الكرخي، وهو من الإمام المرتضي الإمام على الرضي، وهو عن أبيه غرَّة نواصي الأعاظم الإمام موسى الكاظم، وهو من أبيه كاشف أسرار الحقائق الإمام جعفر الصادق، وهو من أبيه جامع المفاخر الإمام محمد الباقر.

وهو من أبيه عين أعيان الزاهدين الإمام علي زين العابدين، وهو من الإمام الحسين سيد الشهداء، وهو من أبيه الإمام الهمام اللبث المقدام غوث المحققين ويعسوب، الموحدين سراج الملة والدين شمس العالمين، وبدر العارفين، الشارب من كأس اليقين على بن أبي طالب القرشي

الهاشمي كرَّم الله وجهه، وهو من حضرة درة صدف الوجود، صاحب المقام المحمود، والحوض المورود واللواء المعقود والكنز المطلسم، خليفة الله الأعظم، رابطة تعلق الحدوث بالقدم سرِّ سجود الأفلاك، لأبينا آدم، المخاطب:(بلولاك لولاك لما خلقت الأفلاك) ، معدن الصدق والصفاء سيدنا أبي القاسم محمد المصطفى صلى الله عليه وسلم، وهو من طاوس الملائكة المقربين رئيس الحافين الصافين والكرّوبين حامل الوحي الى الانبياء والمرسلين مولانا جبريل الامين، وهو من الملك القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز الجبار المتكبر الرزاق الخالق البارئ المصوِّر حضرة الله، جلّ جلاله، وعمَّ نواله.

اللهم اجعل هذه الأيادي متصلة بحبلك المتين الذي لاينقطع، ومحصنة بحصنك الحصين الذي لايتصدَّى، وأفضْ علينا من بركاتهم، واسلك بنا مسلك كراماتهم، واجعل هذا العهد مقرَّباً إليك، ووسيلة لديك عند الوقوف بين يديك.

اللهم إني أسألك بحقهم أن تمدَّ لنا في العيش مَداً وتمهِّد لنا في قلوب أوليائك ودّاً، وتقضي عنا الحقوق والدَّين.

ولاتكلنا الى أنفسنا طرفة عين، وان ترزقنا الانابة وحسن اليقين، وتدخلنا برحمتك في عبادك الصالحين، وتروِّج العلم والعلماء والشريعة المطهرة الغراء.

ولاتحوجْهُم الى الجهلاء، وتغنيهم بفضلك وإحسانك عن الأغنياء، وتزيل حظ الظلم في صفحة قلوب الأمراء، وتنصر الإسلام والمسلمين، وتسُدَّ ثغور بلاد الموحدين، وتخلص مصر، وسائر الولايات المغصوبة تحت أيدي الكافرين، وتُعلى كلمة الحق والدين بدوام أيام عبدك ابن عبدك خادم حرمك وحرم نبيك السلطان عبدالحميدخان، ابن السلطان عبدالمجيد خان حفظه الله ونصره الرحمن الخ.

هذا ماحررته بقلمي ونطقت به بفمي، وانأ الحقير خادم العلماء جليزاده عبدالله يوم الخميس ثامن عشر شهر صفر المظفر سنة(١٣٠١هـ).

## ١- دەقی ئیجازە نامەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بۆ مەلا خدری هەورامی:

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئاڵای زانستی شەکاندۆتەوە لەسەر لوتکەی سەرفرازی و ڕێنیشاندەری ئەو بەندایەتییەی کەوا ژیانیان تەرخانکردووە بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستبینی و گەیاندنی خوازیاران بە لۆجیکی ڕوون و ڕەوان و نیشاندەری مانا وردەجوانەکان. ئەوانەی کە بوونەتە مایەی جێگیرکردنی حوکمی بابەتەکان بە بەڵگەی سەلمێنەر و نموونەی ڕاستی و ڕەوانی بە پێی ویستی بابەت و بەگوێرەی ئەو حیکمەتەی کەلەبنەماکانی ئاین وەردەگیرێت.

ئەوانەی هێما وردەکانیان بۆتە هۆ و چارەی نەخۆشییەکانی نەزانی و بەدبینی بە شێوازی ڕەوانی حیکمەت و بەڵگەی ڕێك و گوتەی بەخشێنەری واتا و دیارخەری یاسا و بنەماکان بەگوێرەی بەڵگەی عەقلی و نەقڵی و تێبینی وردەوە. درووود و سەلام لەسەر کۆکاری هەموو ڕاستییەکان، خێرو فەڕی بەسوود و بەزەیی فراوان، تەواوکاری کاری هەموو لەو سەرکردەی نێردراو و پێغەمبەران، محەمەدی میهرەبان و بەبەزەیی، هەروەها درووود و سەلام بۆ کەس و هاوەڵەکانی کەنموونەی ڕێکوتەواوی ئەو کەسانەن کە پابەندی ڕێگا و ڕێبازی پتەوی ئاینن.

لەپاشان: پایەبەندی ڕێگا و ڕێبازی لوتفی خوداوەندی مەزن، عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد ئەسعەدی جەلی، بەپشتبەستن بە ئایاتی ڕەوان: (یا أیها الذین أمنو أوفوا بالعقود)، واتە ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان بەخودا هێناوە پابەندی وادە و بەڵێنی خۆتان بن.(وأوفوا بعهد لله إذا عاهدتم ولاتنقضوا الایمان بعد توکیدها وقد جعلتم الله علیکم کفیلا إن الله یعلم ما تفعلون). واتە پابەندی وەعد و پەیمانی خۆتان بن و لێیان پاشگەز مەبنەوە، متمانەی خۆتان مەدۆڕێنن، چاودێری سوێند

وپـــەیمانی خۆتـــان بـــن، ئاگـــاداری ئـــەو پەیمانـــە بـــن کەلەگـــەڵ خـــودا بەستووتانە. خودا چاودێر و ئاگاداری هـەموو کـارو کردەوەیەکتانـە.(إن الذين يبايعونك انما يبايعون الله، يد الله فوق أيديهم فمن نكث فانما ينكث على نفسه ومن أوفى بما عاهـد عليـه الله فسـيؤتيه أجـرا عظيمـا). واتـە دڵنیابـە ئـەی پێغەمبـەر ئەوانـەی پـەیمان و بـەڵێنیان پێـدای، ئەوانـەی پەیمانیان لەگەڵ خودادا مـۆرکردووە، ئـەوا دەسـتی خوداوەنـد دەبێتـە پاڵپشتیان، ئەوانەش، کە وادەو پەیمانیان نەگەیاندە سـەر ئـەوا لەگـەڵ خۆیـان پەیمانشـکێنی دەکـەن. ئەوانـەش، کـە خـاوەنی وادەو بـەڵێنی خۆیانن خودا پاداشتی مەزنیان پێدەبەخشێت.

دەڵێ: زانست لەبەرزترین پایەدایە و ناکەوێ، هەرکەسـێ بەزانسـت بەختەوەربێ بێچارە نابێ، ئەوەی ناسراوبێت بێناو نابێ، ئارەزوومەندی پەسـەندکراوە، ئـەوەی زانسـتخوازبێ خـۆش ویسـتراوە، داواکـاری داواکـراوە، رێزلێنـەری رێزلێنـدراوە، نـەخوازی نـەخوازراوە، هاوکـاری زانسـت هاوکـاری کـراوە، بەکـەم سـەیرکردنی زانسـتخواز کـەم و کورتـە ئەگەرچی خاوەنی زەمان بێت.

هەرکەسـێ رووی لـە نـوری خـودا کـرد و بـە پلـە و پایەیـدا بـەرەو بەرزی رۆیشت ئەستێرەی بەختەوەری لەسـەر سـەری هەڵـدێ و پێـوەی دەلکـێ. راگـوێزەری ئـەم بروانامەیـە و هـەڵگری ئـەم سـیپارەیە، سـەرکەوتووی راسـتییەکانی زانسـت و زانیارییـە و بەدەسـتهێنەری وردەکـاری رێورەسـم و شـتە ناسـکوجوانەکانە، زانـای بـەکار و پیـاوی رێـزدار و شـکۆمەندی تـەواو، منـداڵی دڵ و کـوری کـرۆکم، بـرای زانـا و لێکۆڵەرم، خاوەن وەفا مەلا خدری ناسراو بە (مەخفی — شاراوە)، خودا لـە ریـزی کۆمـەڵی سـەرکەوتووانی خـۆی دایـبنێ و دەوڵەمەنـدی دیـن و دونیای بکا، ناوبراو ماوەیێك لە رۆژانی ژیانی و زۆربـەی تەمـەنی لاوێتـی بۆ وەدەستهێنانی بابەتە تایبەتمەندە عەقڵییەکان تەرخانکردووە.

هاوڕێمـان مـاوەییێکی درێـژ و بـۆ چـەند سـاڵ لەگەڵمانـدابوو چـەند کتێبێکی بایەخداری لە لای ئیمە خوێنـدووە، کتێبهایـەك کـەوا درێـژی و کورتیان لەخۆگرتووە، بۆمان دەرکەوت، کە نـاوبراو لـە پیـاوەتی و ڕێـز پشـکی زۆری بەرکـەوتووە و شایسـتەی ئەوەیـە خوێنـدکاران لـە ڕیـزی باوکـە مامۆسـتایانی خۆیـانی دابنـێن، پـەیمانمان لێـی وەرگرتـووە بـە: گەڕانــەوە بــۆلای خــودا بەدڵنــەوایی، وێــردی بــەردەوامی بــەنهێنی و ئاشکرایی، پێڕەوکردنی بنـەماکانی ئیسـلام و مـافی موسـڵمانان.بەوەی گەلی موسـڵمان لەدەسـت و لـە زوبـانی سـەلامەت بـن، دوای شـەریعەتی سەرکردەی نێردراوانی خودا بکەویٚ، نکۆڵی لە هیچ کام لـە پیاوچـاکانی خودا ناس نەکات، نـان ببەخشـیٚ و خـزم و کەسـوکار بەسـەر بکاتـەوە، تـۆوی ئاشـتی لـەناو خـەڵك بچێنیٚ، شـەو نوێـژ بکـات لـەکاتی خـەوتنی خەڵك، دەست لە قورئان خوێنی و ئامۆژگاری باوەڕداران بەرنەدات.

ئەم شەرت و مەرجانە پێشتر لە ئێمـە وەرگـیراوە و پـەیمانمان بـە مامۆستاکانمان داوە کە پابەندی بین، بۆیە مۆڵەتمان پێیدا کەوا دەرسی زانستە نەقلییەکان بڵێتەوە و زانستە عەقڵییەکانیش لە شوێنی خۆیانـدا بچەسـپێنێت. وەك ئـەوەی پێشـتر مۆڵـەتم پێـدراوە لەلایـەن، بـاوکم و مامۆسـتام و پشـت و پـەناگاهم، باشـترین زانـا و زانـاترین پیـاو چـاك، خاوەنی ڕەوشتی چاك کە ئێستا لە تەنیشت کەعبەی شەریفەو دراوسێی ماڵی خودایە، مەولانا کاك محەمەدی ئەسعەدی جەلی — وەبەر ڕەحمەتی خودای گەورەکـەوێت —کـەوا ئـەویش مۆڵـەتی لـە مامۆسـتای ڕووناکـدڵ بەڕۆشــنایی خــودا، خــاوەنی ئامــاژە و ماناکــان، پاشــای زانایــان، عەبـدوڕڕەحمان ئەفەنـدی ڕۆژ بـەیانی —خـودا نهێنییـە نوورانییـەکانی بپارێزێت —، کە لە مامۆستاکەی خۆی، هاوشێوەی پێشـەوایانی پێشـوو و ڕابــەری ئەوانــەی لــەدوای ئــەوەوە هــاتوون، سـبغەتوڵلا ئەفەنـدی ماوەرانی وەرگرتووە. ئەویش مۆڵـەتی لـە بـاوکی خاوەنشـکۆ و میراتـی

پیاوچـاکان و هەمیشــە سوپاســگوزار، مســتەفا ئەفەنــدی زیـارەتی — ڕەحمەتی خوای لێ بێ —، ئـەویش مۆڵـەتی لـە مامۆسـتای ڕووناکبیر و زانا و دەریای تێگەیشتن سیبغەتوڵلا ئەفەنـدی سـەفەوی حوسـێنئابادی — وەبەر ڕەحمەتی ڕێنیشاندەر بکـەوێت—کەئـەویش مۆڵـەتی لـە بـاوکی خۆی خاوەنی شانازی دیار و بەرهەمی بـەرز، ئیـبراهیم کـوڕی حەیـدەر، کە ئەویش لەباوکی، خاوەن وەسفی بێپایان و دانراوی جـوان حەیـدەری کوڕی ئەحمەد، ئەویش لە باوکی — کۆتایی زانایان و پوختە و پاڵاوتەی زانـا بەناوبانگـەکان ئەحمـەدی کـوڕی حەیـدەر، ئـەویش لـە بـاوکی — مێرخاسی زاناترین و ناودار — حەیدەری یەکەم مۆڵـەتی وەرگرتووە.کـە ئەویش خوێندکاری شێخی ئیسـلام و موسـوڵمانان مـەولانا زەینـەددینی کــوڕی بلاتـــی، قوتـــابیی نەســـروڵڵای خـــەلخالی، قوتـــابیی مـــەولانا میرزاجانی.قوتابیی خواجە جەمالەددینی مەحموودی شـیرازی، قوتـابیی زانـای وردبـین و نـاوداری میللـەت و دیـن محەمـەد کـوڕی ئەسـعەدی دەووانی، کە قوتابیی باوکی زانـا و خواناسـی خـۆی ئەسعەد سـیددیقی دەووانـی، قوتـابیی زانـای لێکۆڵـەر و پێگەیشـتووی وردبـین، سـەیید شـەریفی جورجـانی — نهێنـی پـارێزراو—ی قوتـابیی موبـارەك شـای مـەغریبی کـە قوتـابی قـوتبی رازی، قوتـابیی زانـای شـیرازی، قوتـابیی کاتیبی قەزوینی، قوتابیی پێشەوا فەخرەددینی ڕازی، قووتـابیی بەڵگـە و هێمـای ئیسـلام، مـوفتی مـرۆڤ و جنۆکـە پێشـەوا محەمـەدی غـەزالی، قوتابیی پێشەوای هەردوو حەرەم عەبدولمەلیك ئەبیلمـە عـالی، شـاگردی ئەبوتالیبی مـەککی کـە زانسـتخوازی و نوێنەرایـەتی و ویسـت و خەرقـە پۆشی لە ئەبوعوسمانی مەغرییییەوە پێگەیشتبوو، کە ئەویش لـە ئـەبو عەمری زەجاج — کە بەڵگەی خەڵك و ئایین و شـای ڕاسـتی و زانسـتی و بێگومانییە — وەرگرتووە و کە ئەویش لە سەرداری هەردوو تایفە، ئەبی قاسمی جونەیدی بەغدادی وەرگرتـووە، ئـەویش لـە خـاڵی خـۆی، ئـەبو

حوسـێنی شـێخی سـەقتی وەرگرتـووە و، ئـەویش لـە تـاجی سـەری خواناسان، عاشق و سەوداسەر و خوداناس مـەعروفی کـەرخی، ئـەویش لە پێشەوای پەسەندکرا و کازێوەی نێوچـاوانی مـەزنان، ئیمـام موسـای کـازم، ئـەویش لـە بـاوکی، سـەلمێنەری نهێنـی ڕاسـتییەکان، ئیمـام جەعفەری سادق، ئەویش لە باوکییـەوە، کۆکـەرەوەی شـکۆمەندییەکان — ئیمـام محەمـەدی بـاقر، ئـەویش لـەباوکی سـەرۆکی سـەرکردەکانی خوداناسان، ئیمام عەلی زەینەلعابدین، ئەویش لە پێشـەوای شـکۆمەندی شەهیدان ئیمام حوسێن و ئـەویش لـە بـاوکی —پێشـەوای مـەزن و ئـازاو سەخی، شێری هەڵمەتبـەر لەجـەنگا، فریـاد ڕەسـی بەڵـەنگازو پادشـای یەکتاناسان، چرای میللەت و ئایین، خۆری هەردوو جیهـان، مـانگی خـوا ناسان، بخۆرەوەی پەرداخی زانیاریی بێگومان، عەلی کوری ئەبو تـالیبی قورەیشـی هـاشمی—کـە ڕوخسـاری پـارێزراوە لـە کرنوشـبردن بـۆ بـت پەرستی—کە ئەویش لـە حـەزرەتی کەڵەگەوهـەری سـەدەفی بوونـەوەر، خاوەنی پایـەی شـوکرانە بـۆ بـژێرو حـەوزی کەوسـەر، ئـاڵای شـەکاوەو گەنجینەی تەلیسماوی، جێنشینی یەزدانی مـەزن، گرێـدەرەوەی نوێبـاو بە کـۆن، نهێنـی کرنوشـبەریی گەردوونـەکان بـۆ باوکـە ئـادەم، کـەپێی گوتراوە: (لە بەر خاتری تۆ نەبوایە گەردون نەدەهاتـە ئارایـە)، کانگـای ڕاستی و بێخەوشی، گەورەمان باوکی قاسم، محەمـەدی مسـتەفا—درودو سڵاوی خوای لەسەر بێ—، کـە ئـەمیش لـە تاوسـی فریشـتە ئاشـناکان، سـەرکردەی فریشـتە گـەلانی کـە دەوری ئاسمانیـان داوەو بـە دەوریـا دەگەڕێن، نزیك بە بارەگای پیرۆزترین، هەڵگری سروش بـۆ نێـردراوان و پێغەمبـەران، مـەولامان جـوبرائیلی ئـەمین، ئـەویش لـە پادشـای پـاك و بێگەرد لە هەموو خەوشێك، کە هەموو بونەوەر موڵکی خۆیەتی، هەرچی دەیکـات لـە شـوێنی خۆیـەتی و هـیچ کـارێکی نابـەجێ نییـە، هێمنـی و ئارامبەخشـە، لەسـایەیدا هـەمو بوونـەوەر سـەلامەتن و زۆر لـە کـەس

ناکرێت بەسەر هەموو شتێ باڵادەست و شکۆمەندە، هەموو بوونەوەر گەردنکەچ و ژێر بارییەتی، خاوەنی دەسەڵات و گەورەییە، ئافرێنەر و ئەندازگەری بونەوەرە، هەرچی دروستی دەکات بەپێی خواست و ویستی خۆیەتی، چۆن بخوازێت ئاوای دەکات و بەپێی حیکمەت بە دیهێنەریانە، کە ئەویش حەزرەتی خودایە کە بەرزی و ناوبانگ هەر بۆ ئەوە.

خودایە ئەم دەستانە بەپەتی بەتینی خۆت بەیەکەوە گرێ بدە،ئەو پەت و پەیوەستەی پچرانی بۆ نییە.بە پاراستنی پارێزراوی خۆت بیانپارێزە تا کەس نەتوانێت پەلاماریان بۆ بهێنێت لە خێر و فەری ئەوان بەسەر ئێمەدا برژێنە، رێنیشاندەرمان بە لە رێگای شکۆمەندی ئەوان، ئەم پەیمانە لەخۆت نزیك بخەرەوە و بیکە بە ئامرازی نزیکبوونەوە لە تۆ، لە رۆژی وەستان لە ژێر دەستتا.

خودایە من بە حەقی ئەوان دەپاڕێمەوە لێت، ژیانمان بۆ فەراهەم بکەیت و لە دڵی خۆشەویستانت خۆشەویستمان بکەیت، هەرچی ماف و قەرزدارییە لە سەرمان لاببەیت.

چاوتروکانێك چاو بەرەوژێری نەفسی خۆمانمان نەکەیت، گەڕانەوەو بێگومانی بکەیتە بەشیمان، بمانخەیتە ژێر سێبەری ڕەحمەتی خۆت کەوا بە بەندە ڕاستو گوێرایەڵەکانی دەبەخشی.برەو بە زانست و شەریعەتی پاك و بە نرخ و زانایان بدەیت و وا نەکەیت بۆ پێداویستییەکانیان ڕوو لە نەزانان بنێن. بە چاکەو بەخشندەیی خۆت وایان لێ بکەیت پێویستیان بە دەوڵەمەندان نەبێت.لاپەڕەی ستەمکاری لە دڵی سەرکردەکان بسڕیتەوە، ئیسلام و موسوڵمانان سەرخەی، دیواری وڵاتی باوەڕمەندان پتەو بکەیت، وڵاتی میسر و هەموو وڵاتانی تر لە دەست ناباوەڕداران ڕزگار بکەیت، وشەی هەق و ئایین بەرز بکەیتەوە بە پایەدار مانەوەی ڕۆژگاری بەندەی کوری بەندەت، پێشخزمەتی ماڵی

خــۆت و پێغەمبــەرت، ســولّتان عەبدولحەمیــدی کــوری ســولّتان عەبدولمەجیدخان-خودا بیپارێزی و سەری خات-.

ئەمــەم بــە خامــەم نوســیوەتەوەو بــە زارو زمــان گوتومــە. منــی کەمبایـەخ و خزمـەتکاری زانایـان، جـەلیزادە عەبـدوڵلا، لـە رۆژی پێـنج شەممەی رێکەوتی هەژدەی مانگی سەفەری سەرکەوتوو، سـالّی ١٣٠١ی کۆچی.

## ٢- دەقی ئیجازە نامەی یەکەمی مەلای گەورە
## بۆ هەورامیزادە مەلا مەعسوم:



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الحي القيوم الذي رفع السماء وزينها بالنجوم وخلق
الانسان في احسن تقويم وجعل هيكله خزانة لمدارك العلوم ورتب
لاهل العلم درجات وما منهم الا وله مقام معلوم ومنهم من نمى وسمى وارتقى
حتى انتهى الى سدرة المنتهى وكشف الغطاء من كثير من السر المكتوم واتى
لتفسير روح المعاني ببديع بيان كانه في منطقه در منظوم والصلوة
على السيد السند والسعد الاكبر والامام الاوحد عضد الحق كشاف
ما جلى من غوامض الطبيعة ودق ورافع اصول الفقه على الحجة الاكمل الاوفق
صاحب البرهان والكتاب والميزان مؤسس اركان الاسلام والايمان هـ
مجيز من سلك منقذ من هلك منبع الهداية معدن الحكمة والدراية
هادي السبل خاتم الانبياء والرسل حاوي الظروف والفهوم عن [illegible]
الحدود والرسوم مولانا محمد المصطفى [illegible] الحنيف المعصوم [illegible]

اسراره

وعلى آله مطالع طوالع أسراره وأصحابه طوالع أنواره المتأدبين بآدابه الجامعين لسننه

من أفعاله وخطابه الواقفين على رموز مقاصده وإشاراته الضابطين

لحركاته وسكناته لهم مواقف تشهد أنهم بلغوا الغاية القصوى في الرواية والفتوى

صلوة تشملهم على الخصوص والعموم وتزيد في تضاعيفها إلى يوم الحساب بحيث لا يحيط

بها الأعداد والرقوم أمّا بعد فيقول المغموم الأوّاه جليزاده محمد بن عبد الله

تراكم الجهل في هذه الأرجاء تراكم الغيوم وحلّ في الأذواق كالرحيق المختوم وحلاوة

الحلقوم تنفّرت الطبايع عن مكارم الأخلاق ومحاسن العلوم كما تنفر من السموم

وشجرة الزقوم تركوا منهاج العقل وركضوا نحو كل تخييل موهوم فالخائن الدجّال

الجاهل الظلوم مرزوق محترم والعالم الصدوق الأمين مهان محروم منبوذ

عندهم كأنه يونس نبذ بالعراء وهو مذموم مليم. مع أن العصر عصر الابتكار

عصر الضياء والأنوار عصر الارتقاء عصر الاكتشاف لما غاب عن الأنظار

وقعر البحار وجو السماء اما سمعتم وانتم بكوى لغانى تاتى لا من القاهرة بالرد بو

لام كلثوم لم يأت اهل الكرامات منا ولا ذو الخبرة بخيط ولا ابرة ومنهم من يدعي انه

مدبر السموات والارض محيط بذرات الكائنات قاسم للرزق المقسوم هذا

وقد رغب جمع منا على تحصيل العلم واكتساب الكمال مع ما هم فيه من ضيق الحال

والبال والمال فجاهدوا واجتهدوا وحصلوا من العلوم ما وجدوا فبرعوا

الأمامي ٢

وبلغوا ودرعوا ونبغوا منهم الالمعي اللوذعي الوقادي النقادي الإمام عصام

الدين ابو العاصم الملا محمد معصوم ابن المرحوم الشيخ الكبير العالم النحرير

المدرس المرسوم الملا خضر الهورمي كتب الله له الشرف والعز والغنى والسعادة

واقامه في خدمة العلم على اقوم جادة ووفقه على الافادة كما وفقه على الاستفادة

فانه بلغ مبلغ العلماء الاعلام واستحق ان يدخل في جملة كبار المدرسين العظام

وطلب مني بعد طول الصحبة ان اجيزه بالتدريس واجبت طلبه لما رأيت فيه

من الاستحقاق وانه بلا اغراق ومجازه حقيق بان يجيز الطلبة فضلا عن ان

يجاز فاجزناه بالتدريس والتعليم والارشاد والتفهيم واوصيناه

بالدوام على مطالعة كتاب الله الحكيم كما اجازني والدي واستادي ومن اليه في كل

الامور استنادي رئيس علماء العراق بالاتفاق ابو محمد جمال الدين الحاج كاك ملا عبد الله

الجلي باجازته عن والده الارشد الامجد الاسعد الشافعي الصغير في الفقه والتفسير

الواثق بالله ابو عبد الله الحاج كاك اسعد عليه رحمة الملك الصمد باجازته عن

شيخه المنور قلبه بالنور الرباني صاحب الاشارات والمعاني سلطان العلماء

عبد الرحمن افندي الروزبهاني قدس سره النوراني عن استاده رئيس المتقدمين وامام المتأخرين

صبغة الله افندي الماوراني عن استاذه والده الماجد ذي المآثر والمحامد مصطفى

افندي الزيارى عليه رحمة الباري عن استاذه العلامة الحبر البحر الفهامة صبغة

الله افندي الصفوي الحسين آبادي عليه رحمة الهادي عن والده ذي المفاخر الجلية

واذنا بالحلية الكبريت الاحمر ابراهيم بن حيدر عن والده صاحب التصنيفات

الفائقة والتأليفات الرائقة العلامة الاوحد حيدر بن احمد عن والده

خاتمة المتأخرين وزبدة المتبحرين العلامة الاكبر احمد بن حيدر عن والده الاعلم

الافضل حيدر الاول وهو تلميذ شيخ الاسلام والمسلمين مولينا زين الدين

الكردى البلانى تلميذ نصر الله الخلخالى تلميذ مولانا ميرزا جان تلميذ خوجه

جمال الدين محمود الشيرازى تلميذ المولى المحقق جلال الملة والدين محمد بن سعد

الصديقى الدوانى تلميذ والده الامام الربانى اسعد الصديقى الدوانى تلميذ العلامة

المحقق والفهامة المدقق السيد الشريف على الجرجانى قدس سره تلميذ مبارك شاه

البخارى تلميذ القطب الرازى تلميذ العلامة الشيرازى تلميذ الكاتب القزوينى

تلميذ الامام فخر الدين الرازى والامام فخر الدين الرازى اخذ العلم من اجلة كرام

من جملتهم والده الامام ضياء الدين عمر وهو اخذ من ابى القاسم الشيخ.

سلمان ناصر الدين الانصاري وهو من صدر الائمة امام الحرمين عبد الملك ابي المعالي
تلميذ الشيخ ابي طالب المكي وهو اخذ العلم والانابة والارادة ولبس الخرقة من ابي
عثمان المغربي وهو من ابي عمرو الزجاج وهو من برهان الملة والدين سلطان الحقيقة
واليقين سيد الطائفتين ابي القاسم الجنيد البغدادي وهو من خاله ابي
الحسن الشيخ السري السقطي وهو من تاج الاولياء الواله في الله العارف بالله
الشيخ معروف الكرخي وهو من الامام المرتضى الامام علي الرضا وهو من ابيه غرة
نوصي الاعاظم الامام موسى الكاظم وهو من ابيه كاشف اسرار الحقايق الامام
جعفر الصادق وهو من ابيه جامع المفاخر الامام محمد الباقر وهو من ابيه
عين اعيان الزاهدين الامام علي زين العابدين وهو من ابيه امام الائمة
السعداء سيد شباب اهل الجنة قرط اذن عرش الرحمان الامام حسين
سيد الشهداء وهو من ابيه الامام الهمام الليث المقدام غوث المحققين

ويعسوب الموحدين سراج الملة والدين شمس العالمين وبدر العارفين الشارب

من كأس اليقين مظهر العجائب ومظهر الغرائب علي بن أبي طالب كرم الله وجهه

وهو من حضرة درة صدف الوجود واسطة عقد المرسلين ولي الشهود صاحب

المقام المحمود والحوض المورود واللواء المعقود البحر الطمطام والكنز المطلسم

خليفة الله الأعظم رابطة تعلق الحدوث بالقدم سر سجود الأملاك المخاطب

بلولاك في مكتب أدبني ربي فأحسن تأديبي آدابه أبيت عند ربي يطعمني

ويسقيني طعامه وشرابه معدن الصدق والصفا سيدنا أبي القاسم محمد

المصطفى عليه من الصلوة أزكاها ومن السلام أتمها وهو من طاووس الملائكة

المقربين رئيس الحافين والصافين والكروبيين حامل الوحي إلى الأنبياء والمرسلين

مولانا جبريل الأمين عليه السلام وهو من الملك القدوس المؤمن المهيمن العزيز الجبار

المتكبر الرازق الخالق البارئ المصور حضرة الله جل جلاله وعم نواله

وهو الذي تعالى علمه عن كسب ونظر فسبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله

والله أكبر اللهم اجعل هذه الأيادي متصلة بحبلك المتين الذي لا ينقطع

في حصنك الحصين الذي لا يتصدع اللهم اجعل هذا العمل مقرباً إليك وحسنة

ووسيلة لديك اللهم يا أكرم الكرماء ويا أرحم الرحماء أكرم العلم والعلماء

وروّج الشريعة الغراء ونوّر قلوبنا واستر عيوبنا واكشف كروبنا واشرح

صدورنا ويسّر أمورنا واجعلنا معصومين من الفتن الفاضحة بجاه حبيبك

محمد المصطفى وبحرمة الفاتحة

الحقير المجيز جلي زاده

محمد

١٤ محرم الحرام ١٣٥٥ هـ ٦ نيسان سنة ١٩٣٦ م ٢٤ مارت سنة ١٣٥٢

## ٢- نص الإجازة العلمية الاولى التي منحها العلامة محمد جلي زاده لتلميذه ملا معصوم خضر الهورامي

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد الله الحى القيوم، الذى رفع السماء وزيَنَها بالنجوم، وخلق الإنسان في أحسن تقويم، وجعل هيكله خزانة لمدارك العلوم، ورتب لأهل العلم درجات، وما منهم إلا وله مقام معلوم، ومنهم من نمى وسمى وارتقى، حتى انتهى الى سدرة المنتهى، وكشف الغطاء من كثير من السر المكتوم، وأتى لتفسير روح المعاني ببديع بيان، كأنه في منطقه درمنظوم، والصلاة والسلام على السيد السند والسعد لأكبر والإمام الأوحد، عضد الحق، كشاف ما جلّ من غوامض الطبيعة ودق، وواضع أصول الفقه على الوجه الأكمل الأوفق، صاحب البرهان والكتاب والميزان.

مؤسس أركان الإسلام والإيمان، مجيز مَنْ سلك، منقذ من هلك، منبع الهداية، معدن الحكمة والدراية، هادى السبل، خاتم الأنبياء والرسل، حاوى المنطوق والمفهوم، وعلى آله مطالع أسراره، وأصحابه طوالع أنواره، المتأدبين بآدابه الجامعين لسننه من أفعاله وخطابه، الواقفين على رموز مقاصده وإشاراته، الضابطين لحركاته وسكناته، لهم مواقف تشهد أنهم بلغوا الغاية القصوى، في الرواية والفتوى، صلاة تشملهم على الخصوص والعموم، وتزيد في تضاعيفها الى يوم الحساب، بحيث لا يحيط بها الأعداد والرقوم.

أما بعد "فيقول المغموم الأواه" جلي زاده محمد بن عبد الله، تراكم الجهل في هذه الأرجاء تراكم الغيوم، وحلى في الأذواق كالرحيق المختوم، وحلاوة الحلقوم، تنفرت الطباع عن مكارم الأخلاق، ومحاسن العلوم.

كما تنفر من السموم وشجرة الزقوم، تركوا منهاج العقل، وركضوا نحو كل مخيل موهوم"فالخائن الدجال الجهول الظلوم مرزوق محترم،

والعـالم الصـدوق الأمـين مهـان محـروم، منبـوذ عنـدهم كأنـه يـونس نبـذ بالعراء وهو مذموم ملـوم، مـع أن العصـر عصـرُ الابتكار"عصـر الأضـواء والأنوار، عصرالارتقاء عصرالاكتشـاف لمـا في بطـون الأرض وقعرالبحـار، وجو السماء.

أمـا سمعـتم وأنـتم بكـوى أغـانى تـأتى مـن القـاهرة بـالراديو لأم كلثوم.لم يأت أهل الكرامات منا ولا ذو الخبرة بخيط ولا إبرة.

ومـنهم مـن يـدَّعي أنـه مـدبر السـماوات، والأرض، محـيط بـذرات الكائنات، قاسم للرزق المقسوم.

هذا وقد واظب جمع منا على تحصيل العلم واكتساب الكمال، مع مـا هم فيه من ضيق الحال والبال والمال، فجاهـدوا واجتهـدوا، وحصـلوا مـن العلوم ماوجدوا، فبزغوا وبلغـوا، وبرعـوا ونبغـوا، مـنهم الألمعـي اللـوزعي الوقـادي النقـادي الإمـامي الأمـامى عصـام الـدين ابوالعاصـم المـلا محمدمعصوم ابن المرحوم الشيخ الكبير"العالم النحرير المدرس المرسوم، الملا خضر الهورامى، كتب الله له الشرف والعز والغنى والسعادة، وأقامـه في خدمـة العلـم علـى أقـوام جادة.ووفقًـه علـى الإفـادة، كمـا وفقـه علـى الاستفادة "فانه بلغ مبلغ العلماء الأعلام واستحق أن يدخل في جملة كبـار المدرسين العظام... وطلب منّي بعد طول الصحبة أن أجيـزه بالتـدريس، وأجبت طلبَتَهُ لما رأيت فيه من الاستحقاق. وانه بلا إغراق ومجاز، حقيـق بأنـه يجيـز الطلبة"فضـلا عـن أن يجـاز، فأجزنـاه بالتـدريس والتعلـيم والإرشاد والتفهيم، وأوصيناه بالدوام على مطالعة كتاب الله الحكـيم، كمـا أجازني والدي، واستاذى ومن إليه في كـل الأمـور اسـتنادي رئـيس علمـاء العراق بالاتفاق، أبو محمـد جمـال الـدين الحـاج كـاك مـلا عبـد الله الجلـي بأجازتـه عـن والـده الأرشـد الأمجـد الأسـعد الشـافعي الصـغير، في الفقـه والتفسير الواثق بالله، أبو عبد الله الحـاج كـاك اسعد، عليـه رحمـة الملـك الصمد، بأجازته عن شيخه المنور قلبه بالنور الرباني، صـاحب الإشـارات والمعاني سـلطان العلمـاء عبـد الـرحمن أفنـدي الروزبهـانى، قـدس سِـرُّهُ

النوراني، عن أستاذه رئيس المتقدمين وإمام المتأخرين صبغة الله افنـدى الماورانى، عن استشارة والده الماجد ذي المآثر والمحامد مصطفى افندى الزيارى، عليه رحمة الباري عن أسـتاذه العلامـة الحـبر الفهامـة صـبغة الله افندى الصفوي الحسين آبادى عليه رحمة الهادى، عن والده ذي المفـاخر الجلية والأثار العلمية الكبريت الأحمر: ابراهيم بن حيدر عن والده صاحب التصنيفات الفائقة والتأليفات الرائعة، العلامة الأوحد حيدر بـن أحمـد عـن والده خاتمة المتأخرين وزبدة المتبحرين العلامة الأكـبر احمـد بـن حيـدر، عن والده الأعلم الأفضل حيدر الأول.وهو تلميذ شيخ الإسلام والمسـلمين مولانا زين الدين الكردي البلاتى، تلميـذ نصـرالله الخلخـالى، تلميـذ مولانـا ميرزا جان، تلميذ خواجه جمـال الـدين محمـود الشـيرازى، تلميـذ المـولى المحقق جلال الملة والدين محمد بن أسعد الصديقى الدوانى، تلميذ والـده العالم الربانى، أسعد الصديقى الـدوانى، تلميـذ العلامـة المحقـق، والفهامـة المدقق السيد شريف الجرجانى قدس سره، تلميـذ مبـارك شـاه البخـارى تلميذ القطب الرازى تلميذ العلامة الشيرازى، تلميذ الكاتب القزوينى تلميذ الإمام فخرالدين الرازى، والإمام فخرالدين الرازى أخذ العلم من أجلـة كـرام من جملتهم والده الإمـام ضـياء الـدين عمـر، وهـو أخـذ مـن أبـي القاسـم الشيخ سلمان ناصر الدين الأنصارى، وهو من صدر الأئمة امـام الحـرمين عبدالملك أبي المعالي، تلميذ الشيخ أبـى طالـب المكـي، وهـو أخـذ العلـم والإنابة والإرادة ولبس الخرقة من أبى عثمان المغربي وهو مـن أبـى عمـرو الزجاج وهو من برهان الملة والدين سلطان الحقيقة واليقين سيد الطائفتين أبى القاسم الجنيد البغـدادي. وهـو عـن خالـه أبـى حسـن الشـيخ السـرى السقطى، وهو من تاج الأولياء الواله في الله، العـارف بـالله الشـيخ معـروف الكرخى، وهو عن الإمام المرتضى الإمام على الرضَـى.وهو مـن أبيـه غـرة نواصى الأعاظم الإمام موسى الكاظم وهو من أبيه كاشف أسـرار الحقـائق الامام جعفر الصادق. وهو من أبيـه جـامع المفـاخر الإمـام محمـد البـاقر، وهو من أبيه عين أعيان الزاهدين الإمام على زين العابدين، وهو مـن أبيـه

امام الأئمة السعداء سيد شباب أهل الجنة، قرط أذن عرش الرحمن الإمام حسين سيد الشهداء وهو من أبيه الإمام الهمام الليث المقدام غوث المحققين ويعسوب الموحدين سراج الملة والدين شمس العالمين وبدر العارفين، الشارب من كأس اليقين مظهر العجائب ومظهر الغرائب على بن أبى طالب كرم الله وجهه، وهو من حضرة درة صدف الوجود المورود، واللواء المعقود البحر المطمطم والكنز المطلسم خليفة الله الأعظم، رابطة تعلق الحدوث بالقدم، سر سجود الأملاك المخاطب بلولاك في مكتب أدبنى ربى فأحسن تأديبي آدابه " أبيت عند ربى يطعمنى ويسقينى طعامه وشرابه، معدن الصدف والصفا سيدنا أبى القاسم محمد المصطفى عليه من صلاة أزكاها ومن السلام أنماها وهو من طاوس الملائكة المقربين، رئيس الحافين والصافين والكروبين حامل الوحى الى الانبياء والمرسلين مولانا جبريل الأمين وهو من الملك القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز الجبار المتكبر الرزاق الخالق البارى المصور حضرة الله جل جلاله وعمَّ نواله، وهو الذي تعالى علمه عن كسب ونظر فسبحان الله والحمدالله ولااله الاالله والله اكبر.

اللهم اجعل هذه الأيادي متصلة بحبلك المتين الذى لاينقطع ومحصَّنة في حصنك الحصين الذى لا يتصدع اللهم اجعل هذا العهد مقرباً إليك ووسيلة لديك اللهم ياأكرم الكرماء ويأأرحم الرحماء أكرم العلم والعلماء.

وروِّج الشريعة الغراء ونوِّر قلوبنا واستر عيوبنا واكشف كروبنا واشرح صدورنا ويسر أمورنا واجعلنا معصومين من الفتن الفاضحة بجاه حبيبك محمد المصطفى وبحرمة الفاتحة.

الحقير المجيز جلي زاده محمد

١٤محرم الحرام سنة ١٣٥٥هـ ٦نيسان سنة ١٩٣٦م ٢٤مارت ١٣٥٢

## ٢- دەقی ئیجازە نامەی یەکەمی مەلای گەورە بۆ مەلا مەعسومی هەورامی

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

سوپاس بۆ خوای زیندوی چاودێر و بالآدەست، ئەوەی ئاسمانی بەرزی ڕاگرتووە و بەئەستێران ڕازاندویەتییەوە، مرۆڤی لە جوانترین شێوەدا خولّقاندووە و جەستەی کردۆتە گەنجینەیەك بۆ زانستەکان، بۆ زانستپەروەران پلە و پایەی ڕەخساندووە، هەر یەکێك لەوان پایەی دیاریکراوی هەیە، هی وایان تێدایە گەشە و نەشەی کردووە و بەرزبۆتەوە بۆ پلەی تایبەت تا ئەوەی گەیوەتە سەدرەتولمونتەها و توانیویەتی پەردە لە ڕووی زۆر لە نهێنییە شاراوەکان ڕامالێت، جوانترین مانای جوانکاری لە ڕاڤەی گیانی واتان بە لۆجیکی ڕەوان هێناوەتەوە کەدەڵێی گەوهەری هۆنراوەیە. درود و سەلام بۆ ڕێزداری پێشتیوان، بەختیاری هەرە مەزن، پێشەوای تاقانە، پاڵپشتی ڕاستی، دیارخەری وردەکاری و شاراوەکانی سروشت، داهێنەری ڕێوشوێنی تێگەیشتن بە شێوەیەکی تەواو و سەرکەوتوو، خاوەنی بۆرهان و کتێب و میزان.دامەزرێنەری پایەکانی ئیسلام و ئیمان، مۆڵەتپێدەری ڕێبوارانی ڕێگا، ڕزگارکەری گومرایان، کانگای حیکمەت و زانین، ڕێنیشاندەری ڕێگایان، کۆتا پێغەمبەر و نێردراوان، کۆکەرەوەی لۆجیك و تێگەیشتن، هەروەها درووود و سەلام بۆ کەس و کاری دیار خەری نهێنیەکان، بۆ یاوەرانی کەوا ڕووناکی ئەویان گەیاند و خوو و ڕەوشتی ئەویان وەرگرت و هەموو فەرمایشت و ڕەفتارەکانی ئەویان پاراست، ئەوانەی کەوا هێماو مەبەستەکانی ئەویان بەدەرخست و هەموو هەڵسو کەوتێکی ئەویان گرتەبەر،هەڵوێستەکانیان نیشانی دەدات کەوا گەیشتوونەتە کرۆکی مەبەستەکان لە گێڕانەوەی فەرموودەکان و فەتوادانندا.سڵاوێك هەموان

به وردو درشته‌وه بگرێته‌وه، زیاد بکات و چه‌ند باره بێته‌وه تاوه‌کو ڕۆژی دوایی به چه‌شنێك له حساب و ئه‌ژماره نه‌یه‌ت.له پاشاندا، جه‌لیزاده محه‌مه‌دی کوڕی عه‌بدوڵلا (غه‌مگینی دڵپڕله‌ناڵه)ده‌ڵێ: نه‌زانی باڵی به‌سه‌ر ئه‌م ناوچه‌یه‌دا کێشاوه وه‌کو هه‌وری تاریك، خه‌ڵك لێیان خۆش هاتووه وه‌کو شیرینی هه‌ڵاڵه و شیله‌ی گوڵ، وه‌ك شیرینی خورما، خه‌ڵکی له ڕه‌وشتی به‌رزو جوانی زانست دوور که‌وتوونه‌ته‌وه، وه‌ك له ژارو دره‌ختی زه‌قووم دوور که‌وتبێتنه‌وه، پێره‌وی ژیریان وه‌لاناوه و به دوای هه‌موو ئه‌فسوون و خه‌یاڵێکدا ڕاده‌که‌ن.ناپاکی نه‌زانی سته‌مکاری هه‌بوو ڕێزلێگیراوه، زانای ڕاستگۆی ئه‌میندار بێبه‌ش و بێڕێزه و له لایان که‌مبایه‌خه، له وێنه‌ی یونس کاتێك له چۆله‌وانی فڕێ درا، تانه‌و ته‌شه‌ری لێده‌ده‌ن له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌وا سه‌رده‌م سه‌رده‌می داهێنانه‌، سه‌رده‌می تیشك و ڕووناکییه‌، سه‌رده‌می پێشکه‌وتنه، سه‌رده‌می دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و شتانه‌یه، که له دڵی زه‌وی و قووڵایی ده‌ریاکان و به‌رزایی ئاسمان دان.ئایا ئێوه له‌کۆیه‌وه گوێبیستی گۆرانییه‌کانی ئوم که‌لسوم نابن، که له قاهیره‌وه له ڕێگای ڕادیۆوه دێ، که‌چی خاوه‌ن که‌رامات و شاره‌زایانی ئێمه ده‌رزی و دروومانێکیان بۆ ئێمه نه‌هێناوه‌ته دی، که هی ئه‌وتۆیان تێدایه ده‌ڵێ من ئاسمان و زه‌وی ڕێکده‌خه‌م، ئاگاداریم له هه‌موو گه‌ردیله‌ی بونه‌وه‌راندا هه‌یه و ڕزق و ڕۆزی ته‌رخانکراو ده‌به‌خشمه‌وه.له گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا کۆمه‌ڵێك له ئێمه خووی داوه‌ته به‌ده‌ستهێنانی زانست و ئاکاری دروست، سه‌ره‌ڕای ده‌ستکورتی و ته‌نگانه‌ی مالو حاڵ خۆیان ماندووکردووه و تێکۆشاون، ئه‌وه‌ی له‌به‌ر ده‌ستدایه له زانسته‌کان به ده‌ستیانهێناوه، هه‌ربۆ یه گه‌یشتن و به‌دیار که‌وتن، زیره‌ك و وریاو دووربین و زه‌ین ڕاست و شتپێك و ڕه‌خنه به‌دیکه‌ری پێشه‌وا، پێشه‌وای پاڵپشتی ئایین، مه‌لا محه‌مه‌دی مه‌عسوم کوڕی خوا لێخۆشبوو شێخی گه‌وره، زانای لێهاتوو و

مامۆستای خاوەن فەرمان مەلا خدری هەورامی کە خودا شەرەفمەندی و سەرفرازی و دەوڵەمەندی و بەختەوەری بۆ نووسی و لە سەر ڕێگای ڕاستی خزمەت بە زانستی داناو بۆ سوود گەیاندن سەری خست، وەك چۆن لە سوود وەرگرتندا سەرکەوت.ناوبراو گەیوەتە ئاستی زانا ناودارەکان و شایستەی ئەوەیە لە ڕیزی زانا گەورەکاندا دابندرێت.دوا بەدوای ماوەییەکی درێژی هاوڕێیاتی داوای لە من کرد کە ئیجازەی دەرسدانەوەی پێبدرێت، بەو هۆیەی کە بەشیاوی دەزانم داواکارییەکەیم بەجێهێنا، دوور لە هەموو زیادەڕۆیی و خوازەییێك ئەو شایستەی ئەوەیە کە ئیجازە بە خوێندکاران بدات سەرباری ئەوەی ئیجازە بسێنێت. بۆیە مۆڵەتمان دایێ بەدەرس وتنەوەو فێرکردن و ڕێنیشاندان و تێگەیاندنی خەڵك، ئەوەمان ڕاسپێری کرد کە لەسەر خوێندنەوەی کتێبی یەزدانی دانا بەردەوامبێت، وەك چۆن باوکم مۆڵەتی پێدابووم، کە هەم مامۆستام و هەم ئەو کەسەیە، کە لە هەموو شتێك پشتی پێدەبەستم، سەرۆکی زانایانی عێراق بەڕای هەمووان، باوکی جەمالەددین حاجی کاك مەلا عەبدوڵڵای جەلی، کە ئیجازەی لە باوکییەوە، ڕێنیشاندەری شکۆمەندی بەختەوەر، شافیعی بچوك لە فیقهو تەفسیرو متمانە بەخودا، باوکی عەبدوڵڵا حاجی کاك ئەسعەد–وە بەر ڕەحمەتی خوای ڕاوەستاو کەوێت –وەرگرتووە و ئەویش مۆڵەتی لە شێخی ڕۆشندڵ بەڕووناکی خودایی، خاوەن ئاماژە و واتاکان، سوڵتانی زانایان عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی ڕۆژبەیانی –نهێنییە پیرۆزە نوورانییەکانی پارێزراو بێت –وەرگرتووەو ئەویش لە مامۆستاکەیەوە، سەرکردەی پێشکەوتووان و پێشەوای وە دواکەوتووان، سبغەتوڵڵا ئەفەندی ماوەرانی ئەویش مۆڵەتی لە باوکی خاوەنشکۆ و میراتی پیاو چاکان و سوپاسگوزاری، مستەفا ئەفەندی زیرەتی– ڕەحمەتی خوای لێبێت–کە ئەویش لە مامۆستای زانای دەریای تێگەیشتن سبغەتوڵڵا ئەفەندی

سەفەوی حوسێنئابادی– ڕەحمەدی ڕێنیشاندەری لەسەر بێ–، کە لە باوکییەوە خاوەن شانازی درەوشاوەو دانراوی زانستی، کبریتی سوور، ئیبراهیمی کوڕی حەیدەر، ئەویش لە باوکی، خاوەن وەسفی بێ پایان و دانراوی جوان، زانای تاقانە حەیدەری کوڕی ئەحمەد، ئەویش لە باوکییەوە کۆتا زانایانی دوایی و پاڵاوتەی زانا گەورە ناودارەکان ئەحمەدی کوڕی حەیدەر، کە لە باوکییەوە زاناترین پیاوی ناودار حەیدەری یەکەم، کە قوتابی شێخی ئیسلام و موسولمانان مەولانا زەینەددینی کوردیی بلاتی بووە، کە ئەویش قوتابی نەسروڵڵای خەڵخالی قوتابی مەولانا میرزاجان، قوتابی خواجە جەمالەددینی مەحموودی شیرازی، قوتابی زانای وردبین و شکۆی میللەت و دین محەمەدی کوڕی ئەسعەدی سیددیقی دەووانی، کە قوتابی باوکی زانای یەزدانی ئەسعەد سددیقی دەووانی بووە، کە ئەویش قوتابی زانای لێکۆڵەر، تێگەیشتووی وردبین سەیید شەریفی جورجانی–نهێنیەکانی پارێزراوبێت –، قوتابی موبارەك شای بوخاری، قوتابی قوتبی ڕازی، قوتابی زانای شیرازی، قوتابی کاتبی قەزوینی، قوتابی ئیمام فەخرەددینی ڕازی، ئیمام فەخرەددین زانستی لە ناودارترین زانایانی بەڕێز وەرگرتوە لەوانە ئیمام زیائەددین عومەری باوکی، کە زانستی لە باوکی قاسم شێخ سەلمان ناسرەددینی ئەنساری وەرگرتوە کەوا سەرۆکی پێشەوایانی هەردوو حەرەم عەبدولمەلیکی باوکی مەعالی بوو، قوتابی شێخ ئەبی تالیبی مەککی، کە زانست و ویست و نوێنەرایەتی و خەرقە پۆشی لە ئەبی عوسمانی مەغریبی، ئەویش لە ئەبی عەمری زەجاج، ئەویش لە بەڵگەی میللەت و ئاین، شای حەقیقەت و یەقین سەرداری هەردوو تاقم ئەبی قاسمی جونەیدی بەغدادی، ئەویش لە خاڵی ئەبی حوسێنی شێخی سری سەقتی، ئەویش لە تاجی سەری خواناسان — عاشق و سەودا بە خوا، ناسیاری خودا شێخ مەعرووفی کەرخی، ئەویش لە پێشەوای

پەسند، ئیمام عەلی ڕەزا، کە لە باوکییەوە، کازێوەی نێوچاوانی مەزنان ئیمام موسای کازم، کـە لـە بـاوکی دیارخـەری نهێنیـەکانی ڕاستـەوایی، ئیمام جەعفەر سادق، ئەویش لە باوکی کۆکەرەوەی شانازییەکان ئیمـام محەمەدی باقر، ئـەویش لـە باوکییـەوە سـەرۆکی سـەرۆکانی خواناسـان ئیمـام عـەلی زەینولعابـدین، کـە ئـەوبش لـە باوکییـەوە پێشـەوای پێشەوایانی بەختیار، سەرۆکی گـەنجانی ئـەهلی بەهەشت، گوێگـوارەی عەرشی یەزدان ئیمام حوسێنی سەرکردەی شەهیدان، کە لە باوکییـەوە پێشـەوای مـەزنان و شـێری هەڵمەتبـەری فریـادرەس و پادشـای یەکتاناسـان، چـرای میللـەت و ئـایین، خـۆری هـەردوو جیهـان، مـانگی خواناسان، بخـۆرەوەی پـەرداخی زانیـاری دوور لـە گومـان، دیارخـەری سەرسوڕهێنەرو نادیارەکان عەلی کوری ئەبی تالیب – کە ڕوخسـاری لـە بت پەرستی پارێزراوە–ئـەویش لـە حـەزرەتی کەڵەگەوهـەری سـەدەفی بونەوەر، خاوەنی پایەی شـوکرانە بـژێربۆکراو حـەوزی کەوسـەر، ئـاڵای شەکاوەو گەنجینەی تەلیسماوی، جێنشینی خودای مەزن، گرێدەرەوەی نوێ بە کۆن، نهێنـی کرنوشـبردنی گەردوونـەکان، ئـەوەی گوفتـاری لـە تەکـدا کـراوە بـەوەی لـە بـەر خـاتری تـۆ نەبوایـە گـەردوونم دروسـت نەدەکرد، دەرچووی فێرگەی –خودا ڕەوشت و خـوی دادام و جـوانترین ئاکـارو نـەریتم وەرگـرت، لـەلای خـودا مامـەوە وخـۆراك و خواردنـەوەی پێدام، ، کانگای راسـتی و بیگـەردی گـەورەمان ئـەبی قاسـم محەمـەدی مستەفا–درووود و ڕازاوەترین سەلامی خوای لێ بێ– ئەویش لـە تاووسـی فریشتە نزیکەکان، سەرۆکی فریشتە گەلێ، کـە دەوری ئاسمانیـان داوەو بە دەوریا دەگەڕێن، لەنزیك بارەگای پیرۆزترین، گەیەنەری سـرووش بـۆ پێغەمبەران و نێردراوان، مەولامان جوبرائیلی ئەمین، ئەویش لە پادشای پـاك و بێگـەرد و بێخـەوش، کـە هـەموو بونـەوەران مـوڵکی خۆیـەتی و هەرچی دەیکات لە شوێنی خۆیدایە هیچ کارێکی نابەجێ نییە، هێمنی و

ئارامی بەخشە، هەموو بوونەوەران لە ستەم سەلامەتن و زۆر لە کەس ناکات و شکۆمەند و باڵادەستە بەسەر هەموو شت، هەموو بوونەوەران گەردن کەچ و ژێر باری ئەون، خاوەن دەسەڵات و گەورەییە، بەدیهێنەرو ئەندازە کێشی بوونەوەرە، هەرچی دەیخوڵقێنێ بەپێی خواست و ویستی خۆیەتی، چۆن بخوازێت وای دەخوڵقێنێت بەگوێرەی ئارەزوو و داخوازی خۆی وێنەی هەموو بونەوەر دەکێشێ بەشێوەی پێویست و بەپێی حیکمەت، حەزرەتی خودای بەرز و ناو بانگ هەر بۆ ئەوە.زانستی بەرزە و دوورە لە وەرگرتن و سەرچاوەی تر.

سوپاس و سڵاو بۆ خودا کە تەنها ئەو خوایە و هەر ئەو گەورەیە، خودایە ئەم دەست و بازوانە بەپەتی بەهێزی خۆت

گرێ بدەرەوە پەتێکی کە بەتینە و ناپچڕێت، لە قەڵای پارێزراوی خۆت کە درزی تێناکەوێت بیانپارێزە.ئەم پەیماننامەیە لەخۆت نزیك بخەرەوە و بیکە بە ئامرازی نزیك کەوتنەوە لە خۆت، خودایا ئەی مەزنی بەخشندان،سەرۆکی میهرەبانان، وابکە ڕێز لە زانست و زانایان بگرن، شەریعەتی درەوشاوەمان بەرەو پێبدە، دڵمان ڕوون بکەرەوە، خەوش و خارمان داپۆشە، غەم و خەفەتمان بڕەوێنەوە، دەروونمان فراوان بکە، کاروبارمان ئاسان بکە، لە سزاو ئاشووبی ئابڕوبەر بمانپارێزە، بە خاتری خۆشەویستی خۆتان محەمەدی مستەفا و بە پیرۆزی فاتیحا.

هەژاری مۆڵەتپێدەر: جەلیزادە محەمەد

لە ١٤ی موحەرەمی حەرام ساڵی ١٣٥٥ی کۆچی، ٦ی نیسانی ساڵی ١٩٣٦ی زاینی، ٢٤ی مارتی ١٣٥٢.

## ڕوونکردنەوەیەك

لـــەکاتی وەرگێـــڕان و بـــە کـــوردی کردنـــی دەقـــی هـــەردوو ئیجازەنامـەکانی ژمـارە (١) و (٢)، واتـا ئیجازەنامـەی مـەلا عەبـدوڵڵای جەلیزادە بۆ مەلا خدری هەورامی و ئیجازەنامەی مەلای گەورە بـۆ مـەلا مەعسومی هەورامی، لەلایەن برامـان و مامۆسـتای بـەڕێزمان پرۆفیسـۆر دکتۆر جەواد فەقێ عەلی چۆمحەیدەری و هەروەها لە کاتی داڕشتنەوە و پاکنووسکردنی دەقـە کوردییـەکان لەلایـەن بەنـدەوە، پـەیمان بەچـەند خاڵی جیاوازی و تێکەلاوییەك کرد کە لەنێوان هەردوو ئیجـازە نامەکـەدا بەدیدەکرێن، هـەروەها لـەکاتی گەڕانـەوەمان بـۆ چـەند ئیجـازە نامـەی هاوشیوە، بە مەبەستی بـەراورد و چارەسـەری جیاوازییـەکان، بینیمـان کێشەکان تا دێـن زۆرتـر و ئـاڵۆزتردەبن، بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی بـۆ ڕوونکردنەوە لە چەند لایەنێکەوە تیشك بخەینە سەر ئەو مەسەلە.

١- سەبارەت بە ئیجازە نامەی مەلا خدری هەورامی، کە لـە لایـەن مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەوە پێـی بەخشـراوە، زنجـیرەی ناوەکـان کەلـە دەقی ئیجازەنامەکەدا هاتوون، ئەگەر هات و لـە دەسـتپێکی کۆتاییـەوە وەریبگرین کەلـە مـەلا خـدری هەورامییـەوە دەسـتپێدەکات تـا دەگاتـە سەرچاوەی یەکەم و بنەڕەتی کە یەزدانی مەزنە، بریتییە لە (٣٨) ناوی زانـــا و کەســـایەتی ئیســـلامی کـــەوا پشتاوپشـــت و دەستاودەســـت ئیجازەنامـــەیان لەیـــەکتری وەرگرتووە.کەچـــی لـــە بەرامبـــەردا و لـــە ئیجازەنامەکەی مەلا مەعسـومی هەورامیـدا ژمـارەی نـاوی کەسـایەتی و زاناکان بووە بە (٤١) کەس، لێرەدا زیادبوونی ناوێك، (مەلای گەورە) کە ئیجازەبەخشی کۆتاییە لـە ئیجازەنامەکـەی دووەمـدا شـتێکی ئاسـاییە، بەڵام بە گەڕانەوەی بۆ زنجیرەی ناوەکان لە دەقی هـەردوو ئیجازەکـەدا بە دیار دەکەوێت کە دوو ناو لە ئیجازەنامەکـەی دووەمـدا زیـادەبن، لـە بەرامبـەردا ناوێـك لـە ئیجـازە نامـەی دووەمـدا هـاتووە، کـەوا (ئیمـام

محەمەدی غەزالی) یە و لە کاتێکدا ئـەم نـاوە لـە ئیجـازە نامـەی دووەم نەهاتووە.ئەمـە جۆرێـك لـە ناتـەواوی و ناتـەبایی پێكهێنـاوە لـە نێـوان ئیجازەنامەکاندا، لێرەدا دوو پـەڕەگرافی لـە هـەردوو ئیجـازە نامەکانـدا دەخەینە ڕوو کە نیشاندەری جیاوازییەکانە:

– لە ئیجازە نامەی مـەلا خـدری هەورامیـدا هـاتووە: (٢٢) تلميـذ الكاتب القزويني (٢٣) تلميذ الامام فخرالـدين الـرازي، (٢٤) تلميـذ الامـام حجـة الاسـلام مفتـى الـثقلين محمـد الغزالـي، (٢٥) تلميـذ امـام الحـرمين عبــدالملك ابــي المعــالي (٢٦) تلميــذ الشــيخ ابــي طالــب المكــى، وهو..........).

لـە بەرامبـەردا زنجـیرەی ناوەکـان لـە ئیجـازەی مـەلا مەعسـومی هەورامیدا بەمجۆرەیـە (٢٣) تلميـذ الكاتـب القـزويني (٢٤) تلميـذ الامـام فخرالدين الرازي (٢٥) و الامام فخرالدين الرازي أخذ العلم من أجلـه كـرام من جملتهم والده الامام ظياءالدين عمـر(٢٦) وهـو أخـذ مـن ابـي القاسـم الشيخ سلمان ناصـر الـدين الانصـارى (٢٧) وهـو مـن صـدر الائمـة امـام الحـرمين عبـدالملك ابـي المعـالى (٢٨) تلميـذ الشـيخ ابـي طالـب المكـى، وهو..........).

وەکــو تێبینــی دەکرێــت لــەم بڕگەیــەی دواییــدا نــاوی (الامــام الغزالى)نەهاتووە و پەڕێندراوە، لەبەرامبەردا ناوی دوو کەسایەتی دیکـە هاتوون، (الامام ضياءالدين عمر– وهو أخذ من ابي القاسم الشيخ سلمان ناصر الدين الانصارى).

لە لایێکـی دیکـەوە ناوێـك لـە سـەرەتای زنجیرەکانـدا هـاتووە کـە مایەی تێڕامان و هەڵوەستەیە، کە بەم جۆرەیە و لـەم بڕگەیـەی ئیجـازە نامەکاندا هاتووە: (باجازته عن شيخه المنور قلبه بالنور الرباني صاحب الاشارات والمعانى سلطان العلمـاء عبـدالرحمن أفنـدى الروزبهـاني قـدس سره النورانى–عن استاذه رديف المتقدمين وإمـام المتـأخرين صـبغة الله

أفندى الماوراني–عن استاذه والده الماجد ذى المآثر و الحامد مصطفى أفندي الزيارى عليه رحمة البارى–عن استاذه العلامة الحبر البحر الفهامة صبغة الله أفندى الصفوى الحسين آبادى عليه رحمة الهادى– عن.........).

بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و سەرجەلە نامەی بنەماڵەی (حەیدەرییەکان)، ئەوە بەدیار دەکەوێت کەوا ئەم بنەماڵەیە لە دوای نیشتەجێبوونی سەرەتایان لە ناوچەی (حەریر)دەگوێزنەوە بۆ دێی (ماوەران)لە ناوچەی (شەقلاوە) و لەوێ مزگەوت و مەدرەسەی ناوداری ماوەران دادەمەزرێنن و چەند پشت و چەند کەسایەتی ناسراویان لەوێ پێگەیشتوون، بۆیە زۆر جار ئەوان بە(ماوەران)یش دەناسرێن، وەکو چۆن لە سەرجەلە نامەکەشیاندا هاتووە چەند زانا و کەسایەتیانبە ناوی (صبغە الله) وە هەبووە، بەڵام ئەم (صبغه الله أفندى الماورانى)یە، کە لە ئیجازە نامەکاندا هەم بە کوڕ و هەم بە قوتابی (مصطفىَ أفندى الزياري) دراوەتە قەڵەم، لە ڕاستیدا نە لە بنەماڵەی حەیدەرییەکانە و نە ماوەرانییە !، ڕاستە ئەو کوڕی مستەفا ئەفەندی زیارەتییەو ماوەیەکیش لە مەدرەسەی ماوەران ماوەتەوە و خوێندوویەتی، بەڵام لە سەرچاوەکاندا ناوی بە(صبغة الله أفندي الكردي الزياري)هاتووە نەوەکو ماوەرانی !(بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو مەسەلەیە بگەڕێوە بۆ: ١– **علماء و مدارس في اربيل، زبير بلال اسماعيل: ص٢٠٨٩٠ معجم اعلام الكرد، د.محمد على الصويركى: ص ٣٦، ٣**–مێژووی زانایانی کورد، مەلا **طاهر** مەلا عبداللە بەحرکەیی، ب٢، ل: ٢٠).

ئێمە لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ ئیجازە نامەی دیکە کەوا مەلای گەورە بەخشیویەتی بە دوو خوێندکار و قوتابی دیکەی خۆی، کە بریتین لە هەریەك لە (مەلا قادری کانی دەربەندی) و (مەلا عەزیزی کوڕی شێخ مستەفای کاکی هیران)، دەبینین هەردوو مەسەلەکە لە

پێشەوە تاوتوێمانکرد، بە هەمان ناو و هەمان زنجیرە و هـەمان داڕشـتن دووبارە بوونەتەوە.

ئـەنجا هــەر بـۆ مەبەسـتی وردەکـاری و بەدواداچـوونی زیـتر بـۆ مەسەلەی ئەوەی پێـی دەگوترێت (ئیجـازەی عیلمـی) سـەرجەم مـەلا و زاناکانی کوردستان، ڕاستییەك هەیە کە وەکو گریمانەیەك دەخرێتـە ڕوو ئەویش ئەوەیە، کەوا کـۆی ئـەم ئیجازەنامانـە لـە گـەڵ ئـەوەی شـتێکی ئاساییە، کە لە قۆناغێکدا لە لق و چڵ و پۆپدا لە یـەکتر هـەلاوێر بـبن و جیـا ببنــەوە لـە شـێوەی درەختێـك، بـەڵام پێویسـتە لـە قۆناغـەکانی پێشوو، واتە لە قەدو بنـەڕەتی درەختەکـەدا هـەموویان یـەك بگرنـەوەو یەك دەست بن لە زنجیرەی ناو و ژمارەی کەسایەتییەکان، کەچی وەکـو لە ئەنجامی پێکڕانـان و بـەراوردکردنی ئیجازەکـان بـە دیـار دەکـەوێت، جیــاوازی و ناتــەبایی زۆریــان تێــدا بــەدی دەکرێــت، چ لــە زنجــیرەو بەدوایەکدا هاتنی ناوەکان بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی و چ لە ژمارە و ناوی کەسایەتییەکان.بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو مەسەلانە ئێمە دەقی دوو ئیجازە نامەی دیکە کە تایبەتن بە دوو مـەلا و زانـای کوردسـتان لێـرەدا دێنینەوە.

یەکەمیان بڕگەیەکـە لـە ئیجـازە نامـەی مامۆسـتای نـاودار و پایـە بەرزی کوردستان(علاءالدین سجادی) یـە کـەوا لـە کتێبـی (کـوردەواری) یەکەی خۆیداو لە لاپـەرەکانی (١١٩–١٢٣)دا هێناویەتەوە:

(......وهمـا قــرءاً علــى المـولى الفاضــل الكامــل والعــالم العامــل عبدالرحمن أفندى الزيارى عليه رحمة الملك الباري وعلـى المـولى العلامـة والحــبر الفهامــة نتيجــة المتبحــرين و خاتمــة المتــأخرين اســتاذ الكــل عبدالرحمن أفندي الروزبهاني وهما قـرءآ علـى العلامـة صـبغة الله أفنـدي الزيارى نورالله ضريحه وهو على مولانا صـالح أفنـدى الحيـدري الصـفوي عليه رحمة الله الغني القوي وهو على والده العلامة مولانا اسماعيـل عليـه

رحمة الملك الجليل وهو على والده العلامة ذي القلب السليم مولانا ابراهيم وهو على والده صاحب التصنيفات الفائقة والتأليفات الرائقة الذي فـاق في العلوم وجهر الكردي الحريري مولانا حيدر وهو علـى والـده الـذى بمـآثره العليه لايزال يحمد مولانا احمد وهو على والـده مجمـع الجوامـع المنطـوق والمفهوم مولانا حيدر الاول المرحوم........)


لێرەدا تێبینی ئەوە دەكرێت كەوا زنجیرە و نـاوی كەسـایەتییەكان بە بەراورد بە ئیجـازە نامـەكانی مـەلا خـدر و مـەلا مەعسـومی هـەورامی گۆڕانكاریان بەسەردا هاتووە.بەتایبەت نازناوی ئەو (صـبغە اللە) یـە كـە ئێمـە لـە بەراییـدا سـەرنجمان لـە بارەیـەوە هـەبوو لێـرەدا بەڕاسـتی و دروستی هاتووە، كەوا (زیارەت) ییە ونەوەكو(ماوەرانی).

دووەمیان بڕگەیەكی ئیجازە نامەی مامۆستا مـەلا محەمـەد ئـەمین ئەفەندی كەركوكییە.كەوا مامۆستا (محەمەد علی قەرەداغی) لە (بەرگی یەكـەم) ی كتێبـی (بووژاندنـەوەی مێـژووی زانایـانی كـورد لـە ڕێگـەی دەستخەتەكانیانەوە)لە لاپەرەكانی(٧١–٧٣) دا هێناویەتەوە:

لێرە (مەلا ئیسماعیلی كوڕی ئیبراهیمی حەیدەری) ئیجازەكەی بـە مەلا محەمەد ئەمین كەركوكی داوەو دەڵێ: (.....وانا على والدي العلامـة صاحب التأليف و التصنيف في العقليات والنقليات، اسـتاذ الزمـان علامـة الدوران، ابراهيم بن حيدر الصفوى الحسين آبادى، وهو على والده العلامة صاحب التصانيف الفايقة!مولانا حيـدر، وهـو علـى والـده مولانـا احمـد، وهو قرأ العلوم النقلية والفنون الادبية، والصناعات العربية، ومقداراً معتداً من العلوم العقلية على والده المرحوم!(حيدر الاول)، تلميذ شيخ الاسـلام مولانا زين الدين الكردي البلاتى، تلميذ المولى المحقق جـلال الـدين اسـعد الصديقى الدواني وقرأ تتمة المعقـولات علـى اسـتاذ الكـل في الكـل مولانـا محمد شروين، تلميذ مولانـا احمـد المجلـي، تلميـذ مـيرزا مخـدوم، تلميـذ ميرزاجان، تلميذ خواجه جمال الدين، تلميذ المحقق المذكور......تاد).

بــە هــەر حــاڵ ئــەم زنجیرەیــە تــا دوایــی زۆر جیــاوازە لەگــەڵ زنجیرەکانی پێشوو. بۆیـە لـە کۆتاییدا بـەو دەرەنجامـە دەگـەین کـەوا مەســەلەی هەڵســەنگاندن و ســاغکردنەوە و وردەکــاری ئیجازەنامــە عیلمییـەکانی کوردسـتان پێویسـتی بـە لێکۆڵینەوەیـەکی وردو تایبـەت هەیە، تا ئـەوەی درەخـت و زنجـیرەی نـاوی زانـا و کەسـایەتییەکان بـە شــێوەیەکی دروســت لــە ڕێگــەی بــەراوردکاری و بەڵگەنامــەی پشتپێبەســتراوەوە بخرێتــە ڕوو، بــە تایبــەت زنجــیرەی نــاوی زانــا و کەسایەتییە کوردەکان.

# ٣- دەقی ئیجازە نامەی دووەمی مەلای گەورە
# بۆ هەورامیزادە مەلا مەعسوم



بسم الله الرحمن الرحيم

حمداً لمن اجاز المستجيزين بتواتر الايادي، واجار المستجيرين من معضلات
العوادي، وشكراً لمن رفع قدر من وقف ببابه، ووصل من
انقطع لعزّ جنابه، واعزّ من اسند امور دينه لاهل الاثر والى بابه،
واشهد ان لا اله الا الله ~~[illegible]~~ المفيض نعمه على كل عزيز وغريب،
وعمّت كل بعيد وقريب، واشهد ان محمداً عبده ورسوله
القائل بلّغوا عني ولو آية، الذي بقاء سلسلة الاسناد اليه
افخم معجزة واعظم آية، صلى الله وسلم عليه وزاده فضلاً و
شرفاً لديه وعلى الخصوص والعموم من آله واصحابه الفائزين
بشهود انوار خطابه، اما بعد فاولى ما صُرفت همم الفحول
اليه، وانفقت نفائس نفوس ذوي العقول عليه، انما هو
العلم النافع الذي تميزت به حقيقة الانسان، وبه انفصل نوعه عن
جنس الحيوان، قد شهدت بارتفاع اهله البصائر والعقول،
ونطقت بفضله ومحامده دلائل النقول، لكنه وان كان مشتركاً
في نسبة الذات، فقد تباين بالنعوت والصفات، وهي اقسام
لا تدرك لقاصديها بالهوينا، ولا يصل اليها من اتى بالنوم عينا،

فمن أيد بتوفيق الهداية وحرس من تعويق الغواية علم أن
أشرف العلوم بعد علمي الإيمان والقرآن علم الحديث العظيم القدر
والشأن لما اشتمل عليه من جليل الفوائد وما سيق إليه من
جميل المحامد فإنه الضمين لتبيين الكتاب القرين له في كل
خطاب وفضله وفضل بقية العلوم أشهر من أن يذكر
ومناقب ومآثر من اتصف به أجل من أن تحصر فلذا توفرت
الرغبات فيه وانقطعت الهمم لتحصيل قواصيه حتى رحلوا
المراحل ذوات العدد وأفنوا الأموال والعدد وقطعوا
الفيافي في طلبه وجابوا البلاد شرقاً وغرباً بسببه ولم يبق
في هذا الزمان من اصطلاحات أهل الحديث فضيلة تذكر
إلا بقاء سلسلة الإسناد بسيد البشر على أنها منقبة عليّة
ومزية أكرم بها من مزية وكفى الراوي نباهة عزة وجلالة أن
يكون أول سلسلة أخبارها رسول الله متلقياً اسمه مع
اسمه في طرس واحد على رغم أنف كل معاند وحاسد هذا
وإن ممن ساعدته العناية الإلهية لإدراك هذه الأمنية
الإمام العالم الفاضل حاوي الفضائل والفواضل الجامع
بين فضيلتي العلم والعمل والعارف منهما كل منهل القدوة


الامام الهمام ۔ وسلالة الاعزة الاعلام ۔ العلامة الامجد ۔ و
الفهامة الاوحد ۔ الحاج ملا اسعد ۔ ابن الامام المحقق ۔ و
الهمام المدقق ۔ ذي القدر العلي ۔ ملا عبد الله الشهير
بالجلي ۔ جعله الله تعالى من حزبه المفلحين ۔ وامده بامدادات
سيد المرسلين ۔ فقدم علينا دمشق الشام ۔ ذات الثغر
البسام ۔ سنة ستين ومائتين والف عام ۔ واقام بها
مدة ايام ۔ فتردد الينا غالب ايام المقام ۔ وحصل بيننا وبينه
كمال المحبة والانسجام ۔ وسمع مني واسمعني حصة وافرة من
صحيح الامام البخاري احد اساطين الاسلام ۔ وكان حضرني
فيه في دروس متعددة في الدرس العام ۔ ثم ارتحل قاصدا
الحج الى بيت الله الحرام ۔ وزيارة نبينا المصطفى عليه الصلوة والسلام ۔
فبعد ما حج وبلغ ما قصد ورام ۔ واب الينا بسلام ۔ التمس
مني امتعه الله تعالى ببقائه ۔ وزاد في علوه وارتقائه ۔ الاجازة
به وبكل ما تجوز لي روايته ۔ وتصح لي درايته ۔ مما اخذته عن
شيوخي الاعلام ۔ ائمة الهدى والاسلام ۔ رحمهم الرحمن ۔
واحلهم فراديس الجنان ۔ ولما لم يكن بد من اجابة سؤله ۔
وبلوغ آماله ۔ اجبته لطلبته ۔ راجيا الصالح دعواته ۔

وأجزته بكل ما رويته عن أساتذي ومشايخي الأئمة من صحيحي الإمام
البخاري ومسلم وسنن أبي داود والترمذي والنسائي و
ابن ماجه وموطأ الإمام مالك ومسانيد الإمام الشافعي و
الإمام أبي حنيفة والإمام أحمد وسائر الكتب الحديثية والتفسيرية
والفقهية وبكتب الأصلين (أصول الكلام وأصول الفقه) والعربية وبكتب كل علم شرعي كما
رويت ذلك عن شيوخ عدة من دمشقيين وحجازيين ومصريين
وغيرهم من واردين ومكاتبين عمتني بركاتهم ولا يمكن في هذه العجالة
استقصاؤهم وقد جمع بعض التلامذة في ثبت لطيف نحواً من
خمسين تقريباً وإن شاء الله تعالى يصل إليكم منه نسخة قريباً من
أجلهم بل أجلّهم في اعتقادي سيدي وسندي وركني
وعضدي والدي نسباً وعلماً الشيخ محمد الكزبري تغمده الله
تعالى بغفرانه وأغدق على ضريحه سحائب إحسانه ومنهم
والدي الثاني محدث هذه الديار العلامة الشيخ أحمد العطار
ومنهم سليل العلماء الأعلام الذين تشرفت بهم دمشق الشام
صفي الدين الشيخ خليل بن عبد السلام الكاملي وكل منهم يروي
عن جمع فأما الوالد فممن يروي عن الشيخ والده الإمام الأثري
المعمر (المحدث) الشيخ عبد الرحمن الكزبري والشيخ الفقير الكبير
١١٠

الملقب بالشافعي الصغير والشيخ علي الكزبري والشيخ الشهاب
احمد افندي المنيني وهؤلاء الثلاثة يروون عن جمع من شيوخ
عصرهم من اجلهم سيدنا الامام الكبير والعارف الشهير
سيدي الشيخ عبد الغني النابلسي فهذا كما ترى من هذا الطريق
بيني وبين سيدي الشيخ عبد الغني واسطتان وقد من الله
تعالى علي بالرواية بواسطة واحدة وهي شيخنا العلامة فقيه مذهب
الامام ابي حنيفة رضي الله عنه الشيخ مصطفى الشهير بالرحمتي
فانه روى عنه بالاجازة العامة وكان سنه حين وفاة الشيخ نحواً
من ثمان سنين وسيدي عبد الغني يروي عن جمع منهم المسند
النجم الغزي يروي عن جمع منهم والده البدر محمد الغزي برواية
عن شيخ الاسلام القاضي زكريا يروي عن شيخ الاسلام الشهاب
احمد بن حجر العسقلاني وله اسانيد كثيرة شهيرة لا حاجة با
لاطالة بها وقد استوفاها في ثبته المسمى بالمعجم المفهرس والجامع
المؤسس وكثير مما فيه في اثبات شيوخنا وشيوخهم فاروي
والله الحمد صحيح الامام البخاري بسند المعمرين وهو سند عال جداً
كما تراه وهو عن الوالد عن شيوخه الثلاثة المذكورين عن الملا الياس
الكوراني عن مسند الهند الشيخ [illegible] الملا ابراهيم الكوراني عن الملا

عبد الله بن سعد الدين اللاهوري عن قطب الدين محمد بن احمد النهروالي
فبيني وبين النهروالي خمس وسائط فوقع لي اعلى منه وهو مما رويته
عن شيخنا النوري علي الونائي نزيل المدينة المنورة عن الشيخ المعمر عبد
القادر بن احمد الاندلسي باجازته من المعمر محمد بن عبد الله
الادريسي باجازته من الشيخ قطب الدين النهروالي فبيني وبين
النهروالي باعتبار هذا ثلث وسائط والنهروالي يروي عن
والده المعمر احمد بن محمد النهروالي عن الحافظ نور الدين احمد
الطاوسي عن الشيخ المعمر بابا يوسف الهروي عن محمد بن
شاد بخت الفرغاني عن الشيخ المعمر ابي لقمان يحيى بن عمار الختلاني
بسماعه لجميعه عن الامام الفربري بسماعه لجميعه من جامعه
الامام البخاري فبيني وبين الامام البخاري باعتبار سند سيدي
الوالد اثنا عشر وباعتبار سند الشيخ الونائي عشرة وباعتبار
ثلاثيات الامام البخاري يتم لي اربع عشرة واسطة الى سيدنا
ونبينا رسول الله صلى الله عليه وسلم ولله الحمد والمنة وهذا اعلى
سند يوجد على وجه الارض الآن فيما اعلم وقد تلقى الائمة
الفحول هذا السند بالقبول وعدوه من جملة نعم الله تعالى
عليهم فالقرب من سيدنا رسول الله صلى الله عليه وسلم
قربة

فيه مطلوبه وفضيلة عظيمة من غير هذه وقد اخذت
عن بعض الشيوخ فوائد من الاذكار والاوراد منها ما
اخرجه الترمذي الحكيم عن بريدة رضي الله عنه عن النبي صلى
الله عليه وسلم من قال عشر كلمات عند دبر كل صلوة غداة
وجد الله عندهن مكفيا مجزيا خمس للدنيا وخمس للاخرى
حسبي الله لديني حسبي الله لما اهمني حسبي الله لمن بغى
علي حسبي الله لمن حسدني حسبي الله لمن كادني بسوء
حسبي الله عند الموت حسبي الله عند المسألة في القبر حسبي
الله عند الميزان حسبي الله عند الصراط حسبي الله لا اله
الا هو عليه توكلت واليه انيب وقد اذنت لمولانا المجاز
بقرائتها بعد صلوتي الصبح والمغرب واني اوصيه واوصي نفسي
بما هو خير وهو تقوى الله في السر والعلن واتباع سنة
نبينا صلى الله عليه وسلم حسب ما امكن وارجو ان يتذكرني بدعوات
صالحة ووالدي واولادي وجميع المسلمين وصلى الله على سيدنا
محمد وعلى آله وصحبه وسلم وقد كتبت بامر سيدنا المجيز اوائل
جمادى الاولى سنة احدى وستين ومائتين والف
الحمد لله تعالى قد صح ذلك وكتب باذني وانا المجيز العبد الفقير الى العلي
العاملين ... السادة ... عبد الرحمن بن محمد بن ...



الرحمن الشافعي القادري الدمشقي خادم الحديث الشريف بجامع
بني امية الشهير بالكزبري عفى الله عنه وختم له بالحسنى آمين

عبد الرحمن الكزبري

اجزت الفاضل الملا معصوم بما كما اجازني
والدي جليزاده ملا عبد الله كما اجازه
والده صاحب الاجازة الاصلية جليزاده
ملا محمد اسعد كما اجازه الشيخ
السيد الشيخ عبد الرحمن الكزبري
الى اخر السلسلة الجليلة
الكزبرية وانا الحقير
جليزاده
محمد

٩ ربيع الاول ١٣٥٦ يوم السبت

## ٣- نص الاجازة العلمية الثانية التى منحها العلامة محمد جلي زاده لتلميذه ملا معصوم هورامي زاده:

حمداً لمن أجاز المتجيز بمتواتر ألايادي، وأجار المستجير من معضل داهم العوادي، و شكراً لمن رفع قدر من وقف ببابه، و وصل من أنقطع لعز جنابه، و أعز من أسند أمور دينه لأهل الأثر واربابه، وأشهد أن لااله إلاّالله المفيض نعمه على كل عزيز و غريب، وعمّت كل بعيد وقريب، و أشهد أن محمداً عبده و رسوله.القائل بلغوا عني و لو آيه، الذى بقاء سلسة ألاسناد اليه أفخم معجزة و أعظم آيه، صلى الله وسلم عليه، و زاده فضلاً و شرفاً لديه، و على الخصوص والعموم من آله و أصحابه ألفائزين بشهود إنزال خطابه، أما بعد:فاولى ما صرفت هم الفحول إليه، و أُنفقت نفائس نفوس ذوي ألعقول عليه، إنما هو العلم ألنافع الذي تميزت به حقيقة الانسان، و به إنفصل نوعه عن جنس ألحيوان، قد شهدت ُبارتفاع أهله البصائر و العقول، و نطقت بفضله و محامده دلائل النقول، لكنه و إن كان مشتركاً في نسبة ألذات، فقد تباين بالنعوت و الصفات، وهو أقسام لا تدرك لقاصدها بالهوينا، ولا يصل إليهما من أقرّ بالنوم عينا، فمن أُيد بتوفيق الهداية، و حُرّس من تعويق الغواية، علم أن أشرف العلوم بعد علمي الايمان و القرءآن، علم الحديث العظيم القدر والشّان، لما إشتمل عليه من جليل الفوائد، و ما سبق إليه من جميل المحامد، فإنه الضمين لتبين ألكتاب، ألقرين له في كل خطاب، و فضله و فضل بقية ألعلوم أشهر من أن يُذكر، و مناقب و مآثر من إتّصف به أجلّ من أن تحصر، فلذا توفرت ألرغبات فيه، وأنقطعت الهمم لتحصيل قواصية، حتى رحلوا المراحل ذوات العدد، وأفنوا ألاموال والعُدد، و قطعوا الفيافي في طلبه، و جابوا ألبلاد شرقاً و غرباً بسببه، ولم يبقَ في هذا ألزمان من إصطلاحات أهل الحديث فضيلة تذكر، إلاّ بقاء

سلسة ألآسناد بسيد ألبشر، على انها منقبة علية، ومزيةَ أُكرم بها من مزية، و كفى ألراوي عزّ وجاه، أن يكون اول سلسلة آخرها رسول الله، مكتوباَ إسمهُ مع إسمه طرس واحد، على رغم أنف كل معاند و حاسد، هذا وإن ممن ساعدته ألعناية ألالهية، لإدراك هذه ألامنية، إلامام ألعالم ألفاضل، حاوي ألفضائل و ألفواضل، ألجامع بين فضيلتي ألعلم و العمل، و ألوارد منها كل منهل، ألقدوة ألامام ألهام، وسلالة ألائمة ألاعلام، ألعلامة ألامجد، والفهامة ألاوحد، الحاج ملا أسعد، إبن ألامام المحقق، والهمام ألمدقق، ذي ألقدر ألعلي، الملّا عبدالله ألشهير بالجلي، جعله ألله من حزبه المفلحين، و أمده بإمدادات سيّد ألمرسلين، فقدم علينا دمشق ألشام، ذات ألثغر ألبسام، سنة ستين ومأتين و ألف عام، و أقام بهامدة أيام، فتردد إلينا غالب أيام المقام، و حصل بيننا و بينه كمال ألمحبة و ألانسجام، و سمع مني وأسمعني حصةً وافرةً من صحيح ألامام ألبخاري أحد أساطين ألاسلام، و كذا حضرني فيه في دروس متعددة في ألدرس العام، ثم إرتحل قاصداً ألحج إلى ألبيت ألحرام، و زيارة نبيّنا ألمصطفى عليه ألصلواة والسلام، فبعدما حجّ و بلغ ما قصد و رام، وآب إلينا بسلام، إلتمس مني أمتع الله تعالى ببقائه، و زاد في علوه و إرتقائه، ألاجازة به و بكل ما تجوز لي روايته، و تصّح لي درايته، مما أخذته عن شيوخي ألاعلام، أئمة ألهدى و ألاسلام، رحمهم ألرحمن، و أحلهم فرادس ألجنان، ولما لم يكن بدّ من إجابة سؤاله، و بلوغ آماله، أجبته لطلبه، راجياً لصالح دعوته، وأجزته بكل ما رويته عن ساداتي و مشايخي ألأئمة من صحيحي ألإمامين ألبخاري و مسلم، و سنن أبي داود وألترمذي و ألنسائي وإبن ماجه و موطأ ألامام مالك، و مسانيد ألامام ألشافعي، و ألامام أبي حنيفه، و ألامام أحمد، و سائر ألكتب ألحديثية و ألتفسيرية والفقهية، و بكتب ألاصلين(أُصول ألكلام و أُصول الفقه)و العربية، و بكتب كلّ علم شرعي كما رُويت ذلك عن شيوخ عدة، من دمشقيين، و

حجازيين و مصريين و غيرهم، من واردين و مكاتبين عمتني بركاتهم، لا يمكن في هذه العجالة إستقصائهم، و قد جمع بعض ألتلامذة في ثبت لطيف نحواً من خمسين تقريبا، و إن شأالله تعالى يصل إليكم نسخة قريبا، من أجلّهم بل أجلّهم في إعتقادي سيّدي وسندي، و ركني و عضدي، والدي نسباً و علماً ألشيخ محمد الكزبري، تغمده الله تعالى بغفرانه، و أغدق على ضريحه سحائب إحسانه، و منهم والدي ألثاني، محّدث هذا ألديار، ألعلامه ألشيخ أحمد ألعطار، و منهم سليل ألعلماء ألاعلام، ألذين شرفت بهم دمشق ألشام، صفى الدين ألشيخ خليل بن عبد السلام الكاملي، و كل منهم يروي عن جمع، فاما ألوالد فممن يروي عنه ألصحيح والده ألامام ألاثري، المعمر ألشيخ عبدألرحمان ألكزبري، و ألشيخ ألفقيه ألكبير ألمحّدث ألملقب بالشافعي الصغير) خال والده )، ألشيخ على الكزبري، وألشيخ الشهاب أحمد أفندي ألحسيني، وهؤلاء ألثلاثة يروون عن جمع من شيوخ عصرهم، من أجلّهم سيّدنا ألامام ألكبير، وألعارف ألشهير، سيّدي ألشيخ عبدألغني ألنّابلسي، فهذا لما ترى من هذا ألطريق بيني وبين سيّدي ألشيخ عبد ألغني واسطتان، وقد منّ الله تعالى عليّ بالرواية بواسطة واحدة، وهي شيخنا العلامة فقيه مذهب ألامام أبي حنيفة (رضي الله غنه ) الشيخ مصطفى ألشهير بالرحمتي، فانه روي عنه بالاجازة ألعامة وكان سنه حين وفاة الشيخ، نحواً من ثمان سنين، وسيّدي عبد الغني يروي عن جمع منهم المسند ألنجم ألغزي، بروايته عن جمع منهم والده البدر محمد ألغزي، بروايته عنه شيخ ألاسلام ألقاضي زكريا، بروايته عن شيخ ألاسلام ألشهاب أحمد بن حجر ألعسقلاني، وأسانيده كثيرة شهيرة لاحاجه بالاطالة بها، وقد استوفاها في ثبته المسمى بالمعجم المفهرس والجامع المؤسس، وكثير مما فيه في أثبات شيوخنا وشيوخهم، وأروي ولله ألحمد صحيح ألامام البخاري سيد المعمرين، وهو سند عال جداً كما تراه، وهو عن الوالد عن شيوخه ألثلاثة

المذكورين عن المّلا ألياس الكوراني، عن مسند المدينة ألمنورة، المّلا إبراهيم الكوراني، عن المّلا عبدلله بن سعد ألدين اللاهوري، عن قطب ألدين محمد بن أحمد النهروالي، فبنيي وبين النهروالي خمس وسائط، ووقع لي أعلى منه وهو مما أرويه عن شيخنا النور علي الونائي نزيل المدينة المنورة، عن الشيخ المعمر عبدالقادر بن أحمد ألاندلسي، باجازته من المعّمر محمد بن عبدالله ألادريسي، باجازته من ألشيخ قطب ألدين ألنهروالي، فبيني وبين ألنهروالي، باعتبار هذا ثلث وسائط، والنهروالي يروي عن والده المعمر أحمدين محمد النهروالي، عن ألحافض نورألدين أحمد الطاوسي، عن الشيخ المعمر بابا يوسف ألهروي، عن محمد بن شادبخت الفرغاني، عن الشيخ المعمر أبي لقمان يحى بن عمار الختلانى، بسماعه لجميعه من جامعه ألامام العزيري، بسماعه لجميعه من جامعه ألامام ألبخاري، فيبني وبين ألامام ألبخاري باعتبار سند سيّدى الوالد، إثنا عشر باعتبار ألشيخ الونائي عشرة، و باعتبار ثلاثيات ألامام ألبخاري يتم لي أربع عشرة واسطة، الى سيّدنا ونبيّنا، رسول الله (صلى الله عليه وسلم )، ولله ألحمد والمنه، وهذا أعلى سند يجد على وجه ألارض، لآن فيما أعلم وقد تلقى ألائمة الفحول، هذا السند بالقبول، و عدّوه من جملة نعم الله تعالى عليهم، فالقرب من سيدنا، رسول الله (صلى الله عليه وسلم ) قربه مطلوبة، وفضيلة عظيمة مرغوبة، هذا وقد أخذت عن بعض الشيوخ، فوائد من الاذكار وألاوراد، منها ما أخرجه ألترمذى الحكيم، عن بريدة رضي الله عنه، عن النبى (صلى الله عليه وسلم ) من قال عشر كلمات عند دُبر كل صلوة غداة، وجد الله عندهن مُكفياً مجزياً خمس للدنيا وخمس لآخرى، حسبى الله لديني، حسبى الله لما أهمني، حسبى الله لمن بغى، حسبى الله لمن حسدني، حسبى الله لمن كادني بسوء، حسبى الله عند الموت، حسبى الله عند المسئلة في القبر، حسبى الله عند الميزان، حسبى الله عند ألصراط حسبى الله لا إله إلا هو عليه

توكلت وإليه أُنيب، وقد أذنت لمولانا ألمجاز بقرائتها بعد صلوتى الصبح والمغرب، وإني أوصيه بما أوصاني به شيوخي، وهو تقوى الله في السرّوالعن، واتباع سنة نبينا (صلى الله عليه وسلم ) حسبَ ماأمكن، وأرجوه أن يتذكرني بدعوات صالحة، ووالدي وأولادي وجميع المسلمين، وصلى الله على سيّدنا محمد، وعلى آ له وصحبه وسلم، وقد كتبت بأمر سيّدنا المجيز اوائل جمادي الاولى، سنة احدى وستين ومأتين والف.
الحمد لله تعالى، وقد صح ذلك، وكتب باذني، وأنا المجيز ألعبد الحقير، محب العلماء العاملين ومحسوب السادة الفقراء الكاملين، عبد الرحمن بن محمد بن عبد الرحمن الشافعي ألقادري ألدمشقي، خادم الحديث ألشريف بجامع بني أُميه، ألشهير بالكزبري، عفى الله عنه وختم له بالحسنى آمين.
أجزت ألفاضل الملا معصوم بما أجازني والدي جليزاده كاك ملا عبدالله كما أجازه والد صاحب ألاجازة ألاصلية جليزاده كاك محمد أسعد كما أجازه الشيخ السرى الشيخ عبد الرحمن الكزبري الى آخر السلسلة الجلية الكزبرية، وأنا الحقير جليزاده محمد. ربيع الاخر يوم السبت،سنه ١٣٥٦ شهر تموز الرومي ١٩٢٧.

## ٣- دەقی ئیجازە نامەی دووەمی مەلای گەورە بۆ هەورامیزادە مەلا مەعسوم

سوپاس بۆ ئەوەی ئیجازەی ئیجازە پێدراوی دەست لە دوای دەست داوە، پەناگەی پەنا هەندانە لە کێشەو گەنگەشەی دوژمنان.سوپاس بۆ ئەو بەڕێزەی ڕێزی ئەو کەسانەی بەرز ڕاگرتووە، کە لەبەر دەرگای وەستاون.سوپاس بۆ ئەو کەسەی ئەو کەسانەی فەرامۆش نەکردووە، کە ئەوان خۆیان لالووتکردووە لەو، ئەو کەسەی کاروباری ئایینی بە خەڵکانی شیاو و خاوەنی خۆی سپاردووە.بەندە گەواهی دەدەم کە تەنها یەك خوا هەیە، کەوا پیت و بەرەکەتی بەسەر هەموو خاوەندەسەڵات و بێچارەیەك ڕژاندووە کە هەموو دوور و نزیکێکی گرتۆتەوە.گەواهی دەدەم، کەوا محەمەد بەندەو پێغەمبەری خودایە، کە فەرموویەتی: هەر شتێکتان لەمن بیست بیگەیێنن ئەگەر تەنیا ئایەتێکیش بێت.ئەو پێغەمبەرەی زنجیرەی گەیاندنەوەی فەرموودەکان بۆی گەورەترین پەڕ جوویە وبەرزترین نیشانەیە، درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت. ڕێزو پایەو شکۆمەندی لەلای ئەو لە زیاد بووندا بێت، هەروەها سەلامی خوا لەسەر هاوەڵانی تایبەت و گشتی بێت، کە لە بەدیکردنی دابەزینی پەیامی خودا بۆی سەرکەوتووبوون.

لە پاشان: بایەخدارترین شت، کە ورە و هیممەتی کەڵەپیاوانی بۆ تەرخانکراوەو بەنرخترین توانای کەسە هۆشمەندەکانی لێ بەخەرجدراوە، ئەوە زانستی بەسوودە، کەوا تایبەتمەندی ڕاستەقینەی مرۆڤی پێ دەردەکەوێت و مرۆڤی پێ لەگیانەوەر جیاکراوەتەوە.هەموو چاو و دیدەکان گەواهی لەسەر بەرزی کەسانی خاوەن زانست دەدەن و هەموو بەڵگەی وەرگیراو باس لە بەرزی و ڕێزی زانایان دەکەن.گەرچی لە نسبەتی خودادا بەشدارن بەڵام لە وەسف و جیاکاریدا جیاوازن، کە

چەند جۆرێکە و بە ئاسانی داواکاری نایگاتی.ئەو کەسانەش، کە چاویان چۆتە خەو پەی پێنایەت.

ئـەوەی بەپشـتگیری و پاراسـتراوی خـودا لـە بەرامبـەر گومڕایـان سەرکەوتوو بوو، دەزانێـت بـەرزترین زانسـت لـە دوای زانسـتی ئیمـان و قورئان زانستی فەرموودەیە، کە جێگای گەورەیە، لەبەر ئەوەی سوودی زۆر مەزنی تێدایە و هەرچی جـوانی و ڕێـز هەیـە تێیـدا بـەدی دەکرێـت. زامنی بەدیارخستنی شتە شاراوەو پەنامەکییەکانی کتێبە(واتە قورئـان) ە و لە هەموو گوتارێکدا هاوشانییەتی

بەرزی شکۆمەندی زانستی فەرموودەو زانستەکانی دیکە ناودارترە لەوی باس و خواسی لێوە بکرێت، پایە بەرزی و جوامێری ئەو کەسانەی پێی ناودێر دەبن سنوری بۆ نییە، بۆیـە ئارەزوومەنـدی زۆری لەسـەرە، بۆیە هەمووان هـەوڵ و کۆشـش دەکـەن تـا بـەو پـەڕی بگـەن، چـەندین قۆنـاغی لـە پێنـاودا دەبـڕن، مـاڵ و سـامان و پێداویسـتی لێ بـە خـەرج دەدەن، دەشت و بیابانی بەدووایدا تـەی دەکـەن، وڵاتـانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوای بەدوایدا خول دەدەن.لەم زەمانەدا زاراوەکانی کەسانی خاوەن فـەرموودە نـەماون جێگـای بایـەخ و گـوتن بـن، جگـە لـە زنجـیرەی گێرانەوەی فەرموودەکانی سەروەری مرۆڤ نەبێ، کـە بەڕاسـتی بـاڵاترین بلیمەتی و زیرەکییـە، بەرزبوونـەوەو شـکۆمەندییە کـە لـە وێنەیدانییـە، مرۆڤی وەرگێڕ پێویستی بە هیچ جۆرە شانازی و زیرەکیەتییەك نییە کە هـات و نـاوی لـە سـەرەتای زنجیرەیەکـدا بـێ کـە کۆتـایی بـە نـاوی پێغەمبەری خودا هاتبێ، ناوی لەپاڵ ناوی ئەو لە لاپەڕەیەکدا نوسرابێ، بە کۆرایی چاوی هەرکەسێك کە نکوولی کـار و ئیرەیـی بەربێت.ئەمـە لـە لایـەك و لـە لایـەکی دی یـەکێك لەوانـەی کـە چـاودێری خـودای گـەورە هاوکاری بوو بۆ گەیشتن بەم ئاواتە، زانـاو پێشـەوای ڕێـزدار، کۆمکـاری هەموو ڕێزو شکۆیەك، خاوەنی ڕێـزی زانسـت و کـار، کـە لـەو کانیـاوەدا

بەشێکی هەڵێنجاوە، نموونـەی ڕێبەرایـەتی و پێشـەوای بـەهرەوەر، لـە زنجیرەی زانایانی ناودار، زانای شکۆمەند و تاقانەی تێگەیشتوو، حاجی مـەلا ئەسـعەدی کـوڕی زانـای لێکۆڵـەر، پێشـەوای گـەورە و وردبـین، خاوەنی ڕێزی بەرز مەلا عەبدوڵلای ناسراو بە جەلی، خوا لە ڕیزی حیزبی سەرکەوتووی خۆی هەژماری بکات و یارمـەتی سـەرکردەی پێغەمبـەران هاریکـاری بێـت، لـە وڵاتـی دیمەشـقی شـام هاتـە لامـان و بـە لێـوی خەندانەوە ساڵی هەزارو دووسەد و شەسـت، ماوەیێـك نیشـیمەنی لێـرە بـوو، لـەو ڕۆژانـەی مانەوەیـدا هاتووچـۆی دەکـردین تـا لەنێوانمانـدا خۆشەویستی و گونجاوی تەواو پەیدا بوو، گوێی لە من ڕاگرت و گوێم بۆ ڕادێرا تاوەکو چەند وانەیەکی لە سەحیحی ئیمامی بوخاری—کە یەکێکـە لە پایەبەرزەکانی ئیسلامەتی— لە من وەرگرت، وەکو چۆن لـە ژمـارەك لەوانە و دەرسی جۆراو جۆرو گشتی ئامادەبوو، دوایی ڕووی کردە مـاڵی خـوا بـە مەبەسـتی حـەج و زیـارەتی پێغەمبـەری هەڵبـژێردراو، درووود و سـەلامی خـوای لێبێـت، لـە دوای حـەجکردن و گەیشـتن بـە ئـەمانج و مەبەستی خۆی، گەڕایـەوە لامـان بـە سـەلامەتی و داوای لێکـردم، کـەوا مۆڵەتی پێبدەم ئەوەی کە خوا ژیانی داهاتووی شاد بکات، پلەی بەرزی پێ هەڵبکشێ، مۆڵەتی ئەوەی کەوا مۆڵەتم هەیە بیگێڕمەوە، بۆم هەیـە، تێی بگەم.لەو شتانەی کە لە مامۆستاکانم، زانایان و پێشەوایانی ڕاستی ئیسـلام—بـەزەیی خـوای بـە بـەزەیی بیانگرێتـەوە نـاو بەهەشـتە ڕەنگینەکانی—وەرمگرتـوون. بـەو هۆیـەی کـە نـەدەکرا داواکـەی بـەجێ نەگەیـەنم و لـەو مەبەسـتەی پێبەشـی بکـەم، داواکـەیم جێبـەجێ کـرد، بەهیوای دوعای خێری بۆمان بێت، مۆڵەتم پێدابـە هـەموو ئـەو شـتانەی کـەوا لەسـەرکردە و مامۆسـتاکانمەوە ڕێگـەم پێـدراوە بیگێڕمـەوە لـە هـەردوو کتێبـی: سـەحیحەکانی هـەردوو پێشـەوا: بوخـاری و موسـلیم، هەروەها سوننەتەکانی ئەبو داود و تورمزی و نەسـائی و ئـیبن ماجـەو و

کتێبی مەوتئی ئیمام مالیك و ڕشتەکانی ئیمامی شافیعی و ئەبی حەنیفە و ئیمام ئەحمەد و کتێبەکانی دیکەوە لەبارەی فەرموودە و تەفسیر و فیقە، هەروەها کتێبەکانی هەردوو سەرچاوەی ئوسوولی کەلام و ئوسوولی فیقهو زمانی عەرەبی. هەروەها هەموو زانستە شەرعییەکان وەکو چۆن گێڕدراونەتەوە لە لایەن ژمارەیەك لە زانایانی دیمەشق و حیجاز و میسر و خەڵکانی تریش، لەوانەی بە بینین یا بە نووسین وەرگیراون و خێرو خۆشیان ئێمەشی گرتۆتەوە کە ناکرێت ئێستا بەم پەلەییە بیانژمێرین، کەوا هەندێك لە قوتابیان لە نامیلکەیەکی جواندا نزیکی پەنجایان لەو ڕشتەیە تۆمار کردووە، کە هات و خودا هاوکار بێت بەم نزیکانە دانەیەکیتان پێدەگات.کە لە هەموویان شکۆمەندتر، شکۆمەندتر بە پێی باوەڕی من، سەرکردە و پشت و هاوکار و پەنام باوکی هاوپشت و زانستم شێخ محەمەدی کەزبەرییە، خوای گەورە بیخاتە ژێر لێبووردنی خۆی و لە سەر مەزارگەکەی هەوری چاکەو خێر بە لێزمە ببارێنێ، هەر لەوانەش باوکی دووەمم زانیاری فەرموودە لەم وڵاتە، زانای دیار و بە ناوبانگ شێخ ئەحمەدی عەتتار، ئینجا لەوانە نەوەی زانایانی ناودار کەوا خواوەند وڵاتی شامی پێ شکۆمەند کردوون، سەفیەددین—شێخ خەلیلی کوڕی عەبدولسەلامی کامیلی، کە هەریەکێکیان لە کۆمەڵێك کەس دەگێڕنەوە، بەڵام باوك لەوانەیە لە ڕاستییەکانی باوکی بگێڕێتەوە، کە پێشەوای ڕیش سپی فەرموودەی پێغەمبەرە—شێخ عەبدوڕەحمانی کەزبەری. شێخی فیقهزانی گەورە ناودێر بە شافیعی بچوك، شێخ عەلی کەزبەری (خاڵی باوکی)، هەروەها شێخ شەهاب ئەحمەد ئەفەندی حوسێنی، کە ئەم سییانە لە کۆمەڵێك مامۆستای سەردەمیاندا دەگێڕنەوە، کە لە هەمویان پایەدارتر، بەڕێزمان پێشەوای گەورەو خواناسی ناسراو بەڕێز م. شێخ عەبدولغەنی نابلوسییە، کەواتە لەو ڕەچەیەوە دەبینرێت لە نێوان من و لە نێوان

بەڕێز م.شێخ عەبدولغەنی دوو نێو بەند هەیە، خودا نازی بەسەرماندا ڕشتووە بەگێڕانەوە لە ڕێگای یەکێکیان کە ئەویش مامۆستای ناودار فیقەزانی مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە -ڕەزای خوای لێ بێ- شێخ مستەفای ناسراو بە ڕەحمەتی کە بە ئیجازە گشتی لەوی گێڕاوەتەوە لەکاتێکدا تەمەنی لەکاتی کۆچکردنی مامۆستادا نزیکەی هەشتا ساڵ دەبوو، هەروەها مامۆستامان عەبدولغەنی لە کۆمەڵێك کەسی گێڕاوەتەوە، لەوانە گەیێنەری فەرموودەکانی پێغەمبەر نەجمی غەززی بە گێڕانەوە لە دەستەیەك کە یەکێکیان ئەلبەدر مجەمەد ئەلغەززیی باوکیەتی، کەلە شێخی ئیسلام قازی زەکەریای گێڕاوەتەوە، کەلە شێخی ئیسلام شەهابی کوڕی حەجەری عەسقەلانی گێڕاوەتەوە، کەوا خستنەپاڵ و گێڕانەوەکانی زۆرو بەناوبانگن لێرەدا پێویست ناکات بەدرێژی باسیان بکەین، ئەو خۆی لە پەڕاوەکەی خۆیدا، کە بە (المعجم المفهرس والجامع المؤسس) ناوداره، زۆر ناوی چەسپاندووە لە مامۆستایانی ئەوان و ئێمەشدا.

سوپاس بۆ خوا من سەحیحی بوخاری بەهاوکاری دوو تەمەندار کەوا سەنەدێکی زۆر بەرزە وەکو دەبینەدرێت ئەویش لە باوکیەوە کە ئەویش لەهەرسێ مامۆستاکەی کە ناوبران، کە ئەوانیش لە مەلا ئەلیاسی گۆرانی کەوا لە ڕشتەیمەدینەی منەوەرەوە، مەلا ئیبراهیمی گۆرانی، لە مەلا عەبدەلای کوڕی سەعدەددینی لاهوری لە قوتبەدین محەمەد کوڕی ئەحمەدی نەهرەوانی، کەلە بەینی ئێمەو نەهرەوانیدا پێنج ئەڵقە هەیە کە من لە بەرزترینیان دەکێڕمەوە، کەوا گێڕانەوەمە لە مامۆستامان (ئەلنور عەلی ئەلوەنائی) کە دانیشتووی مەدینەی منەوەرە بووە، کەلە شێخی تەمەندار عەبدوڵقادری کوڕی ئەحمەدی ئەندەلوسی، بە ئیجازەی تەمەندار محەمەدی کوڕی عەبدوڵلای ئیدریسی کەبە ئیجازەی لە شێخ قوتبەدن نەهرەوانییەوە، بەم پێیە لە نێوان من و

نەهرەوانی سێ پێوەند (ئەڵقە) هەیە، نەهرەوانیش لەباوکی تەمەنداری ئەحمەدی کوڕی محەمەدی نەهرەوانی و ئەویش لە حافز نورەدین ئەحمەدی تاوسیی و ئەویش لە مامۆستای تەمەندار بابا یوسفی هەرەوی و ئەویش لە محەمەدی کوڕی شادبەختی فەرغانی و ئەویش لە مامۆستای تەمەندار ئەبی لوقمان یەحیای کوڕی عەمماری خەتلانی، بە بیستنی هەمووی لە ئیمام ئەلعەزبەری کە هەمووی لە کۆکەرەوەکەی، ئیمامی بوخاری بیستووە، کە لە نێواننی من و ئیمامی بوخاریدا بە پێی ڕشتەی مامۆستاکەم باوکم، دووازدەو بە کوێرەی ڕشتەی شێخ وەنائی دە، بە گوێرەی ڕشتەی سێ جەمسەری ئیمام بوخاری بۆ من دەبێتە چواردە ئەڵقە.

تا پێغەمبەرو سەرکردەمان نێردراوی خودا — دروودی خوای لەسەر بێ — هەیە، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە ئەمە بەرزترین ڕشتەیە لە سەر زەوی وەکو من بزانم.

زانا گەورەکان ئەم ڕشتەیان لەلا پەسندەو بە یەکێك لە نازو نیعمەتی خوایان هەژمارکردووە لای خۆیان، چونکێ نزیکی لە پێغەمبەر — دروودی خوای لەسەر بێ — نزیکایەتییەکی خواستراوەو چاکەیەکی زۆر گەورەیەو داواکراوە. لەلایەکی دیکەش من هەندێ وێردی بەسودم لە هەندێ لە مامۆستایان وەرگرتووە لەوانە، ئەو وێردو سڵاواتەی تورمزی دانا لە بورەیەدە — ڕەزای خوای لێ بێ — کە ئەویش لە پێغەمبەری خودا — دروودی خوای خوای لێ بێ — ی دەگێڕێتەوە ئەوەیە: دە وشە هەیە ئەوەی لەپاش هەر نوێژێکی نیمەڕۆدا بیڵێیت، خوا لەلای خۆی دەیبینێ بەتەواوی و پاداشتی ئامادەی دەسگیر دەبێت، کە ئەمانیش پێنجیان بۆ دنیاو قێنجیان بۆ کۆتاییە، کە ئەمانەن:

حسبـي الله لديني: خودام بەسە بۆ ئایینم.

حسبـي الله لمن أهمني: خودام بەسە لەوەی خەمی داومەتێ.

حسبـي الله لمن بغى على: خودام بەسـە لـەوەی تـاوانی دەرحـەقم کرد.

حسبـي الله لمن حسدنی: خودام بەسه لەوەی ئیرەییم پێدەبات.

حسبـي الله لمن کادنی بسوء: خـودام بەسـە لـەوەی ویسـتی زیـانم پێبگەیێنێ.

حسبـي الله لمن عند الموت: خودام بەسه لەوەی لەوادەی مردن.

حسبـــي الله لمــن المســألة فــی القــبر: خــودام بەســـە لــە کــاتی پرسینەوەی گۆڕ.

حسبـي الله لمن الميزان: خودام بەسه لەکاتی هەڵسەنگاندنی کار.

حسبـــي الله لمـن الصـراط: خـودام بەسـە لـەکاتی لێپرسـینەوەی سیرات.

حسبی الله لا اله الا هو علية توكلت والية انيـب: خـودام بەسـە، کـە تەنیا ئەو خوایەو پشتمان پێبەستووە و گەڕانەوەمان بـۆلای ئـەوە. مـن ڕێگامدا بەو کەسـەی ئیجازەمـان داوەتـێ کـە لـە دوای نوێـژی بـەیانی و شێوان بیانخوێنێتەوە.هەروەها من ئامۆژگاری دەکـەم بـەو شـتانەی کـە مامۆسـتاکەم ئامۆژگـاری پێکـردووەم، کـە ئـەویش لـە خـوا ترسـانە بـە ئاشکرا و بە نهێنی، بە دواکەوتنی ڕێڕەوی پێغەمبەرانـە—دروودی خـوای لێ بێ—چەندی لـە توانـای هـەبێت، وە تکـای لێدەکـەم لـە کـاتی دوعـاو پاڕانــەوەی ڕاســت لــە بیرمــان نــەکات، بــاوکم منداڵــەکانم و هــەموو موســوڵمانانی لــەبیر بێــت، درووود بــۆ ســەرکردەمان محەمــەد وە بــۆ کەسـوکار و هاوەڵـەکانی، ئەمـە بـە فـەرمانی مۆڵەتبەخشـی بـەڕێزمان نووسـراوەتەوە لـە سـەرەتای مـانگی جیمـادی یەکـەمی سـاڵی هـەزارو دووســەد و شەســت و یەك.ســوپاس بــۆ یــەزدانی مــەزن، پشتڕاسـتی دەکەمـەوە کـە ئەمـە بـە ڕەزامەنـدی مـن نوسـراوەتەوە، منـی بەنـدەی ئیجازە بەخشی دوونیایە، زانای کارمەندان خۆشەویست، کە وا لە ڕیـزی

تـــەواوی هەژاراندایـــە عەبـــدوڕەحمانی کـــوڕی محەمـــەدی کـــوڕی عەبدوڕەحمانی شافیعیی قادریی دیمەشقیی، خزمـەتکاری فـەرموودەی شـەریف لـە مزگـەوتی بـەنی ئومەیـە، کـە بـە کەزبـەری بـە ناوبانگـە، خۆمەوەخودا لێی ببورێت و ژیانی بە کردەوەی چاك کۆتای پێبێت.

**عەبدوڕەحمان کەزبەری**

منیش لە لایەنی خۆمەوە ئیجازەم دایە ڕێـزدار مـەلا مەعسـوم بـەو شتەی کەوا باوکم، جەلیزادە کاك مـەلا عەبـدوڵڵا ئیجـازەی پێـداوم، کـە ئـەویش مۆڵـەتی لـە باوکییـەوە وەرگرتـووە، کـەوا خـاوەن ئیجـازە بنەڕەتییەکەیە، کەوا کاك محەمـەد ئەسـعەدە، وەك چـۆن ئیجـازەی لـە مامۆستا و شێخی هەموان شێخ عەبدوڕەحمان کەزبەری وەرگرتووە تـا بە کۆتایی زنجیرەی ڕەوشەنی کەزبەری دەگات—منی کەمپایە جەلیزادە محەمەد.

**ڕۆژی شەممە، ڕەبیعی دوایی ساڵی ١٣٥٦**
**مانگی تەمووزی ڕۆمی ساڵی ١٩٢٧**

## ٤- کورتەیەکی بیوگرافی د.فوئاد مەعسوم

ـ ناوی تەواوی محەمەد فوئاد مەعسومە، لەشاری کۆیەی ڕازاوە و لە داوێنی چیای هەیبەسوڵتان، لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٣/٢١ چاوی لە ژیاندا هەڵهێناوە.

ـ ماوەیەك لەقوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە دەخوێنێ، لەپاشان لەلای باوکی درێژە بەخوێندن دەدات و تاوەکو دەگاتە قۆناغێکی پێشکەوتوو لە خوێندنی ئایینی.

ـ لەساڵی ١٩٥٨ بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن دەچێتە وڵاتی میسر. لەوێ لەدوای تاقیکردنەوە بۆ دڵنیابوون لە ئاستە زانستییەکەی لە زانکۆی ئەزهەر لە کۆلێجی (الشریعة و القانون) وەردەگیرێت.

ـ لەساڵی ١٩٦٢دا بەکالۆریۆسی شەریعەی لەو زانکۆیە وەردەگرێت.

ـ ماوەیەك پەیوەندی بە (معهد الدراسات العالیة) دەکات کەسەر بە ڕێخراوی جامیعەی عەرەبی بووە، دواتر خوێندنی ماجستێری فەلسەفە لە زانکۆی ئەزهەر لەساڵی ١٩٦٧ دا تەواو دەکات.

ـ ماوەیەك لە بەشی کوردی ئێستگەی ڕادیۆی قاهیرە کاردەکات. کۆمەڵێك وتارو بابەتی ئەدەبی ڕۆشنبیری پەیتا لەو وێستگەیەدا بڵاودەکاتەوە. دیارە هەندێك لە وڵاتان بەتایبەتیش دەوڵەتی تورکیا بەهەبوونی ئەو وێستگەیە سەرگران و ناڕازی بوون، ئەوەبوو ئەم ناڕەزایەتییەیان بەڕێگای دبلۆماسییەوە گەیاندۆتە (جەمال عەبدولناصر) سەرۆك کۆماری میسر، ئەویش بەیەك ڕستە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: ئەگەر ئێوە بەڕاشکاوی دانبەوە دادەنێن کەگەلێك بەناوی کورد لەوڵاتی ئیوەدا هەیە، ئەوا من ئامادەم دەست بەجێ ڕادیۆکە ڕابگرم !.بەم جۆرە دەمکوتیان دەکات.

ـ ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە عێراق و لە ١٩٦٩ دا وەکو مامۆستای فەلسەفە لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەسرە دەستبەکار دەبێت.

- هەر لەو ساڵەدا ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کچی خاڵی (ڕووناك خانی عەبدلواحید مستەفا) پێکهێناوە.
- ساڵی ١٩٧٢ بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا دەچێتەوە بۆ قاهیرە و لە ١٩٧٤ دا دکتۆرای فەلسەفە لە زانکۆی ئەزهەر وەردەگرێت.
- لەتەمەنی لاوییەوە پەیوەندی لەگەڵ جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانییەوە دەبەستێت لەساڵی ١٩٦٤ وە دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- لەساڵی ١٩٧٢ –١٩٧٥ نوێنەری شۆڕشی کورد بووە لەوڵاتی میسر.
- یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشام، لەڕێکەوتی ١٩٧٥/٥/٢٢.
- لەساڵانی شۆڕشی نوێدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە.
- لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، سەرۆکی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بووە کەلەساڵی ١٩٩٢ دا دامەزراوە.
- لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٤ دا لە (الجمعیة الوطنیة العراقیة)دا ئەندام و جێگری یەکەمی سەرۆکی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق بووە.
- لە ٢٠١٠ –٢٠١٤ سەرۆکی فراکسۆنی هاوپەیمانی کوردستان بووە لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ).
- لە ڕێکەوتی(٢٠١٤/٧/٢٤) بەسەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردراوە.

## ٥- كورتەیەكی بیوگرافیای د. خدر مەعسوم

- ناوی تەواوی خدر مەعسوم خدر هەورامییە.
- لەڕێكەوتی ١٩٤٧/٣/٣ لەشاری كۆیە هاتۆتە دنیاوە.
- لە ساڵی ١٩٥٥ لە قوتابخانەی یەكەمی سەرەتایی لەشاری كۆیە دەستی بەخوێندن كردووە و دوایی لە ساڵی ١٩٦١ چۆتە قوتابخانەی ناوەندی كۆیە. لەهەمان ساڵدا بووەتە ئەندامی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان.
- ساڵی ١٩٦٣ بەهاتنی بەعس بۆ سەر حوكم و هێرش و پەلاماریان بۆ سەر كۆیە دەبێتە پێشمەرگەو لەگەڵ باوكو خێزانەكەیان ڕوو لە شاخ دەكەنو بەدەستپێكردنی گفتوگۆ لەنێوان میریو شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە كۆیە. لەهەمان ساڵدا باوكی وەفات دەكات.
- لەساڵی ١٩٦٥ قۆناغی ناوەندی تەواو دەكات.
- بەهۆی وەزعی نالەباری سیاسی كۆیەو دەستپێكردنەوەی شەڕ، لەگەڵ خێزانەكەیدا ساڵی ١٩٦٥ دەچنە بەغداو لە خوێندنگای (النضال) دەست بەخوێندن دەكات لەساڵی ١٩٦٧ بە پلەیەكی بەرز تەواوی دەكات.
- بۆ خوێندنی زانكۆ ساڵی ١٩٦٧ دەچێتە وڵاتی میسر لە فاكەڵتی پزیشكی زانكۆی قاهیرە دەست بەخوێندن دەكاتو بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستی پزیشكی لە ساڵی ١٩٧٣بەدەستدەهێنێت.
- لەساڵی ١٩٧٤دا دەچێتە ڕیزی شۆڕش و دەبێتە لێپرسراوی لقی (٢)ی تەندروستی لە شێروانی مەزن لە ناوچەی بادینان.
- لەدوای نسكۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا ڕوو لەبەریتانیا دەكات بۆ تەواوكردنی خوێندنی باڵاو لەهەمان كاتدا پەیوەندی بەردەوامی


دەبێت لەگەڵ بەڕێز (مام جەلال) بۆ ڕێکخستن و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش.

- لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ هەڤاڵانیدا یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتییان لەبەریتانیادا بڵاوکردۆتەوەو دەستیان کردووە بەڕێکخستن و کۆکردنەوەی هەڤاڵان لەدەوری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- لەساڵی ١٩٧٥ لەسەر داوای بەڕێز (مام جەلال) دێتە سوریا بۆ ڕێکخستن و ئامادەگی بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەمەش خوێندنەکەی بەجێدەهێڵێت. لەسەرەتای شۆڕش لەگەڵ هەڤاڵانی لەمەفرەزە سەرەتاییەکاندا دەگەڕێنەوە کوردستان.
- لەساڵی ١٩٧٧ دا بە لێپرسراوی لقی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستنیشان دەکرێت.
- لە ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپسراوی لقی (٣)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەهەمان کاتدا لێپسراوی بەشی تەندروستی و نەخۆشخانەی شۆڕش و سەرپەرشتیاری ئێستگەی (دەنگی گەلی کوردستان) بووە. هەروەها سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨١ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆژانەی مەکتەبی سیاسی و پەیوەندییە نیشتمانییەکان.
- لە ١٩٨٢/٩/١١ دا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەیەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – هێڵی گشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.


- له سالّی ١٩٨٣ ئەندامی وەفدی یەکێتیی بوو، لەگەڵ بەڕێز (مام جەلال) و هاوڕێکانی بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق.
- له سالّی ١٩٨٦ دا بۆ درێژەپێدان بە خوێندن دەگەڕێتەوە بەریتانیاو ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچی خالّی (د. سیروان عەبدولواحید مستەفا) پێکدەهێنێت.
- لە سالّی ١٩٨٧ دا بڕوانامەی دبلۆمی بالای لە نەخۆشی (ناوچە گەرمەکان) لە زانکۆی لیڤەرپول وەرگرتووە.
- لەسالّی ١٩٨٨ دا ماجستێرەکەشی لە هەمان پسپۆری لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە.
- له سالّی ١٩٨٩ دا لە سکوولّی پزیشکی زانکۆی لەندەن دامەزراوە.
- لەسالّی ١٩٩٦ دکتۆرای لە (جیناتی پزیشکی) لەزانکۆی لەندەن وەرگرتووە. لەهەمان کاتدا ئەندامێکی کارای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، چەند سالێکیش لێپسراوی ڕێکخستنەکانی دەرەوە بووە.
- له زانکۆی لەندەن وەکو مامۆستا و لێکۆڵینەر و پزیشك تا کۆتایی سالّی ٢٠٠٥ کاری کردووە.
- لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٥ لەسەرداوای بەڕێز مام جەلال کارەکەی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە کوردستان و بۆتە سەرۆکی زانکۆی کۆیە.
- زیاتر لە (٥٠) لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانیدا هەیە لەبواری پسپۆریەکەیدا، لەهەمان کاتدا بە دەیان لێکۆڵینەوەی سیاسی لە بلاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکردۆتەوە.
- سەرپەرشتی دەیان نامەی ماجستێر و دکتۆرای کردووە.
- (٣) منالّی هەیە بەناوەکانی (ژیلوان، ئالان و دانا).

- ژیلوانی کچی ماستەری لەمیدیا لە زانکۆی لەندەن بەدەستهێناوە.
- ئالانی کوڕی بەکالۆریۆس‌و دبلۆمی باڵای لە پسپۆری نەخۆشی چاو لە زانکۆی لەندەن بەدەستهێناوە.
- دانا وەکو براکەی بەکالۆریۆسی لە نەخۆشی چاو لە زانکۆی لەندەن بەدەستهێناوە، هەروەها لە تەمەنی (٨) ساڵی پاڵەوانی شەترەنج بووە لە لەندەن، لەتەمەنی (١١) ساڵیش بووەتە پاڵەوانی بەریتانیا لە پێشبڕکێکانی ژێر تەمەنی (١٨) ساڵیدا، (٥) ساڵیش نوێنەری بەریتانیا بووە لە پاڵەوانێتی شەترەنجی جیهان، بەڵام بەهۆی چوونی بۆ زانکۆ و ئەرکی خوێندن و گەڕانەوەی باوکی بۆ کوردستان وازی لە یاری و پێشبڕکێکانی شەترەنج هێناوە.


## ٦- سەرجەلەنامەی خێزان و کەسایەتییەکان



### ب- حاجی فەقێ مەحمودی کۆیی




ج- مەلا ڕەسوڵ


مەلا ئەحمەد
ئاغا محەمەد
حاجی ئاغا مستەفا
عەبدولواحید
١٨٩٠-١٩٧٥
عەلائەدین
١٨٩٧-١٩٨٨
عەبدولحەمید
١٩١٤-١٩٩٤
زاهیر
١٩٢٠-١٩٩٤
فایق
١٩٢٨-٢٠١٠
ئامینە
١٩١٢-١٩٩٠
بەدیعە
١٩١٤-١٩٩١
خالید
١٩٢٢-١٩٤٦
+ مەلا مەعسوم
فوئاد
نەسرین
محەمەد
خدر
مەقسود

# ئەلبومی وێنەکان



مەلا مەعسوم ساڵی ١٩٥٩


صاحب الدفتر رقم ( ١٦٨٥٥٨ ) اربيل

الاسم واللقب ..................

اسم الاب والجد ..................

اسم الام والجد ..................

اسم رئيس الدائرة ..................

التوقيع ..................

التاريخ ..................

-١-


لاپەڕەی یەکەمی دەفتەری نفوسی مەلا مەعسوم / ١٩٦١



ئامینەخانی ئاغا مستەفا / خێزانی مەلامەعسوم




منداڵەکانی ڕیزی پێشەوە لە راستەوە: مەقسود مەعسوم – چنار حاجی رەسول– پەرژین میرزا ئەفەندی
ریزی دووەم لە ڕاستەوە: ئامینە خان – مەلا مەعسوم– مەهجەمین – ناسکە
ریزی دواوە لە ڕاستەوە: فوئاد – خدر– گوڵێ – محەمەد – ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٦٠ لە عەربەت لە ماڵی حاجی ڕەسوڵی خوارزای مەلا مەعسوم و بەڕێوەبەری ناحیەی عەربەت گیراوە.



له پێشەوە: مەقسود
له دواوه له لای ڕاستەوە: فوئاد– خدر– محەمەد



لە پێشەوە لای ڕاست: مەلا مەعسوم– مەقسود–ئامینەخان
لە دواوە لە لای ڕاستەوە: فوئاد– خدر– محەمەد
لە گۆشەی خوارەوە دەستەڕاست: وێنەی نەسرینی مەلا مەعسوم
دەبیندرێت – ساڵی ١٩٦٠



لە پێشەوە: مەقسودی مەلا مەعسوم.
ریزی دووەم لە ڕاستەوە: فوئاد– خدر– مەلا مەعسوم–حاجی میرزا عەبدوڵڵا ( خادیمی شاعیر) – حاجی ڕەسول
لە دواوە: محەمەد مەعسوم. ئەم وێنەیە لە ماڵی حاجی میرزا عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٦٠ گیراوە.



له پێشەوە: مەقسود
له دواوە: مەلا مەعسوم و حاکم عومەر حەبیب ( ناسراو به عومەرە سوور)



(١) بەشیر حەیدەر ( موتەسسەڕیفی هەولێر) –(٢) وەزیری ناوخۆی عێراق سەلاح عومەری–(٣) خالد نەقشبەندی ( قائمقامی کۆیە لە ١٩٥٤ و دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی مەجلیسی سیادە لە عێراق) – (٤) مەسعود محەمەد – (٥) مەلا مەعسوم– (٦) سەمەد ئاغا – (٧) لە ریزی دواوە لە ڕاستەوە سێیەمین کەس کە رووی لە کامیرایە: محمود ئاغای کاکە زیاد –(٨) لە پشت مەلا مەعسومەوە: مەلا سەدر–(ساڵی ١٩٥٤)




له لای چەپەوە: سوبحی یەعقوبی ( قائیمقامی کۆیە) – مەلا مەعسوم ( کۆیە ١٩٥٦)




له لای چەپەوە: مامۆستا جەلال حەوێزی – مەلا مەعسوم– هادی چاوشلی – شەفیق ئەفەندی




لای ڕاستەوە: مەلا مەعسوم– قائیمقامی کۆیە(سوبحی یەعقوبی) (کۆیە ١٩٥٦)




**ئـەو قورئانـەی سـەرۆکی کۆمـاری عێـراق ( عبدالسلام محمد عـارف ) لـە سـاڵی ١٩٦٤ پێشـکەش بـە مـەلا مەعسـومی کـردووە، بەرگـی قورئانەکـە لـە سـەدەف دروسـتکرابوو، تاوەکـو ئێسـتاش مـاوە.**



**وینەی بەرگی قورئانەکە.**



لە راستەوە: کەسی دووەم (موسی عبدالصمد) بەڕێوەبەری مەعاریفی سلێمانی – مەلا مەعسوم – مەلا مستەفای بارزانی – (جلال کشک) پەیامنێری گۆڤاری (رۆز الیوسف) ی میسری – حاجی عبدالرزاق سید محمود، موتەسسەڕیفی سلێمانی و سەرۆکی شاندی میری بۆ گفت و گۆ لەگەڵ کورد لە ١٩٦٤ – مەسعود محەمەد – عەقید سالم ئامر قوەی حیمایەی سلێمانی – پزیشکێکی میسری. (رانیە ١٩٦٤ )



له ناوەڕاستدا وێنەی (لوقمان و مەسعود بارزانی ) دەردەکەوێت لەگەڵ
کەسایەتییەکانی وێنەی پێشوو ( ڕانیه ١٩٦٤)



هەندێ لە کەسایەتییەکانی وێنەی پێشوو



هەندێ لە کەسایەتییەکانی وینەی پێشوو



هەمان كەسایەتییەكانی وێنەكانی  پێشوو



هەمان کەسایەتییەکانی وێنەکانی  پێشوو



مەلا مەعسوم و مەلا مستەفای بارزانی
( رانیە ساڵی ١٩٦٤)



له چەپەوە: ئەوەی نیوەی ڕوخساری بە دیارکەوتوە حەبیب محەمەد کەریمە – مەلا مستەفای بارزانی
مەلا مەعسوم – شێخ لەتیفی شێخ مەحمود– زەید ئەحمەد عوسمان
کۆبونەوەوی فراوانی نوێنەرانی کوردستان / کۆیە/ ئازاری ساڵی ١٩٦٣




لە چەپەوە: مەلا مستەفای بارزانی - مەلا مەعسوم
شێخ لەتیفی شێخ مەحمود - کۆیە ١٩٦٣



له چه‌په‌وه‌: مه‌لا مسته‌فای بارزانی – مه‌لا مه‌عسوم – شێخ له‌تیف – مام جه‌لال – کۆیه ١٩٦٣



عەبدولواحد حاجی ئاغا مستەفا بە جل و بەرگی ئەفسەری لە ئەستەمبۆل
ساڵی ١٩١٥



عائیشه فەقێ ڕەسول خێزانی عەبدولواحد ئاغا مستەفا و خوشکه زای
مەلا مەعسوم



حاجی ڕەسول لە کاتی وەرگرتنی بڕوانامەی کۆلێجی ماف لە مەلیک فەیسەڵی دووەم / ساڵی ١٩٥٦



مام جەلال – دکتۆر خدر – د.فوئاد
خڕی ناوزەنگ/١٩٧٨



مام جەلال – دکتۆر خدر
لە کۆشکی کۆماری لە بەغدا/ ساڵی ٢٠٠٩




مام جەلال – دکتۆر خدر
سلێمانی/ ٢٠٠١



له ڕاستەوە: دکتۆر خدر، مام جەلال، ملازم عەبدوڵڵا
له دواوه: یەکەم کەسی لای دەستە چەپ: ملازم سەید کەریم
دۆڵی کۆستێ له ناوچەی سێ سنوور ساڵی ۱۹۷۷



دکتۆر خدر– هێرۆخان – مام جەلال
گوندی وەرتێ/ ساڵی ١٩٨٣



دکتۆر خدر– د.فوئاد
خڕی ناوزەنگ/ ١٩٧٧




دکتۆر خدر– مام جەلال– عەلی عەسکەری
دۆڵی کۆستێ/١٩٧٧




**د.فوئاد مەعسوم (سەرۆک کۆماری عێراق)**
**لە کاتی زیارەتی بەڕێز مام جەلالدا/٢٠١٥**


د.فوئاد مەعسوم (سەرۆک کۆماری عێراق) ٢٠١٤


مەلا خدری خرپانی
مەلا مستەفا
مە لا حمید
مەلا حسین
مەلا حاسەن
حاجی محمودی کۆیی
مەلا خدری هە ورامی (١٨٤٨-١٩١٢)
+
رە حیمە
خەدیجە
فاتمە
نەجیبە
+
+
+
مەلا ئەحمەدي كۆر(شاعیر)
مە لا سالح سعید گرمکی
مە لا سالح کاکە حامە (کرکوک)
محمەد نور
نور محەمەد
خەلیفە عبداللە /عائشە
مەلا سدیق
مەلا سعید
خەدیجە
مهندس حسیب سالح/
ئەدیب/ ئەجیب/ سردار
حبیب/ فاتمە
مەلا معصوم (١٩٠٠-١٩٦٤)
محمەد جەمال + قدریە (خانقین)
محمەد جەمیل
جمیلە + فقي رسول حمە زێ زێ(کۆیە)
حبیبە (تورکیا)
حسین
مسعود
حاجی رسول
کریم
محمد تاهیر
ئامینە
عائیشە
سەبریە
رازیە
کەریمە
مەلا رسول (کۆیە)
مەلا ئەحمەد (کۆیە)
خەجیج
مام رە حمان
عبداللە
مەلا قادر
ئاغا محمەد (١٨٧٩-١٨١٥)
هەمین
خالە اسعد
عزت
ئاغا تەها
فاتم
عنیفە
رمحمە
حاجی کریم
حبیب
عاسمە
حلیمە
هەبیبەت
مام امین
گولچین
هەبیبەت
زبیدە
حاجی ئاغا مستەفا (١٨٥٠-١٩٣٥)
فائق
خالد
بدیعە
زاهیر
عبد الحمید
علاء الدین
عبد الواحد
(١٩٢٨-٢٠١٠)
(١٩٢٤-١٩٤٦)
(١٩١٤-١٩٩١)
(١٩٢٠-١٩٩٤)
(١٩١٤-١٩٩٢)
(١٨٩٧-١٩٨٨)
(١٨٩٠-١٩٧٥)
مەلا معصوم (١٩٠٠-١٩٦٤) + ئا مینە (١٩١٢-١٩٩٠)
د. فؤاد
نسرین
محمەد
د.خدر
مقسسود
١٩٣٨
١٩٤١
١٩٤٤
١٩٤٧
١٩٥٥

# ناوەرۆك

| | |
|---|---|
| دەستپێك .................................................... | ٧ |
| **بەشی یەكەم: مەلا خدری هەورامی (یەكەم)** | ١٣ |
| **١ـ لە مەلا خدری هەورامییەوە بۆ د.خدر...............** | ١٥ |
| أـ زێد و ڕەچەڵەك و باب و باپیران ....................... | ١٥ |
| بـ مەلا خدر لە كەركوك .............................. | ١٧ |
| جـ گەڕانەوە بۆ كۆیە ................................. | ١٩ |
| **٢ـ مەلا خدر و ناوبانگی زانستی .....................** | ٢٠ |
| **بەشی دووەم: مەلا مەعسومی هەورامی (هەورامیزادە)** | ٢٣ |
| **١ـ سەرەتاكانی خوێندن و پێگەیشتن ..................** | ٢٥ |
| أـ گیرسانەوە لە خانەقین ............................. | ٢٩ |
| بـ گەڕانەوە بۆ كۆیە ................................. | ٣١ |
| **٢ـ تێهەڵچوونەوە لە خوێندن ...........................** | ٣٢ |
| **بەشی سێیەم: كەسایەتیی زانستیی و نیشتیمانیی مەلا مەعسوم** | ٣٧ |
| **١ـ بلیمەتی و پلەی زانستیی ...........................** | ٣٩ |
| **٢ـ نەتەوەخواز و وڵاتپەروەر .........................** | ٤٥ |
| **٣ـ وەفات و ماڵئاوایی كردنی ...........................** | ٥٢ |
| **٤ـ پلە و پایەی زانستیی و شوێنەوارەكانی ..............** | ٥٣ |
| **پەراوێزەكان ..............................................** | ٥٦ |
| **لیستی سەرچاوەكان .......................................** | ٧١ |

## پاشکۆکان


١ـ دەقی ئیجازە نامەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بۆ مەلا خدری
هەورامی ............................................................ ٧٥
٢ـ دەقی ئیجازە نامەی یەکەمی مەلای گەورە بۆ هەورامیزادە مەلا
مەعسوم ............................................................ ٩٣
ڕوونکرنەوەیەك ............................................................ ١١١
٣ـ دەقی ئیجازە نامەی دووەمی مەلای گەورە بۆ هەورامیزادە مەلا
مەعسوم ............................................................ ١١٧
٤ـ کورتەیەکی بیوگرافی د.فوئاد مەعسوم .................................... ١٣٨
٥ـ کورتەیەکی بیوگرافی د.خدر مەعسوم .................................... ١٤٠
٦ـ سەرجەلەنامەی خێزان و کەسایەتییەکان .................................... ١٤٤
أـ مەلا خدری هەورامی یەکەم .................................... ١٤٤
بـ حاجی فەقێ مەحموودی کۆیی .................................... ١٤٥
جـ مەلا ڕەسوڵ .................................... ١٤٦
٧ـ ئەلبومی وێنەکان .................................... ١٤٧
٨– کۆ بەندی سەرجەلەنامەکان .................................... ٢٢١